# نەمانی چەوسانەوە باوەڕی قاسملوو بوو

شنۆ مێهرپەروەر

دوکتور قاسملوو ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتوویەی گەلەکەی بوو کە لە پێناو نەهێشتنی ستەمو زوڵمو چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان خەباتی دەکردو لە ڕێگای دابینکردنی ئازادیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشا.

د. قاسملوو ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەو تێکۆشەرە ماندوویی نەناسە بوو کە لە مێژووی گەلی کوردو هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستیش دا زۆر بەدەگمەن هەڵ دەکەونو نەتەنیا گەلی کورد بەڵکوو هەموو گەلو نەتەوەکانی دیکەش شانازی پێوە دەکەن.

دکتور ڕێزی بۆ مافی بەرامبەر لە نێوان ژنو پیاو بە تایبەتیو بە گشتی بۆ هەموو ئینسانەکان دادەنا بە هەموو جیاوازییەکی زمانی، ئایینی، ڕەگەزییەوە.. تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی هەر لە پێناو وەدیهاتنی ئەو ئاواتو ئامانجە بەرزە ئینسانییانەدا بردە سەر. ئەو مرۆڤە بیرمەندە ڕێزی تەواوی بۆ ژنان دادەناو ئیمانێکی قووڵو پتەوی بە مەسەلەکانی ژنان هەبووە ئاخر ئەو کەسێکی ئاسایی نەبوو، مرۆڤێکی پڕ بە مانای وشە دێموکرات بوو، ڕووناکبیرێکی ئاکادمیو شۆرشگێرێکی لێهاتووو زمانزانێکی بە توانا بوو.



لەسەر ئەو باوەرە بوو کە لە تێکۆشانی حیزبیو سیاسیدا دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێك دێنن، ئەو باوەڕی وابوو هەتا زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان دا بەشدار بن کۆمەڵ پێشکەوتووترەو شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

لە پەیامێك دا دوکتور قاسملوو بە بۆنەی ٨ی مارسی ١٩٨٧ دەڵێ: ئێمە دەبێ هەر نەبێ لە سێ بەرەدا خەبات بکەین. خەبات بکەین بۆ لابردنی پاشکەوتنی گشتیی وڵاتەکەمان کە بە هۆی ئەسڵیی پاشکەوتنی ژنانیشە. تێ بکۆشین دژی هەموو دابو شوێنی کۆنەپەرستانە کە ژن لەگەڵ پیاو بە یەك مافو یەکسان سەیر ناکەن. خەبات بکەین دژی شێوەی بیر کردنەوەی پاشکەوتووانەی پیاوان کە چەوساندنەوەی ژنان لە نێو خۆیان دا بە کارێکی ڕەوا دەزانن.

تێبکۆشین دژی خۆ کەم بینیو لە خۆ دڵنیا نەبوونی ژنان، کە ستەمی کۆمەڵو خێزان دژی خۆیان بە دیاردەیەکی ئاساییو ڕەوا دادەنێنو لە بەرامبەریدا تەسلیم دەبن. د. قاسملوو لە بۆنەیەکی دیکە دەڵێ: حیزبی ئێمە مافی بەرامبەری تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادە کردنی ئەو مافەلە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەین دا هەیە، دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لەبەین بچێ.

د. قاسملوو ئاشقی ئاشتیو دوژمنی شەر بوو، دژی کۆنپەرەستیو دواکەوتوویی خەباتی کرد سەرەرای ئەوەی کە هەموو ژیانی بۆ خەباتو تێکۆشان دژی چەوساندنەوەو زوڵمو زۆریی تەرخان کرد بوو، گرینگیەکی زۆری بە فەرهەنگو کەلتوورو شێعرو ئەدەبیات دەداو وێڕای ئەمانەش کێشەکانی ژنانی بەلاوە گرینگ بووو ئەهمییەتی پێدەدا. لە وتارێك دا کە سەبارەت بە فەرهەنگ نووسیویەتیو لە کوردستان ژمارەی ٩٤دا بڵاوبۆتەوە لە بەشێکی دا ئاوا هاتوە:

لە حاڵێك دا کە ژن ئیلهامدەری هونەرمەندان بۆ خولقاندنی بەرهەمەکانە، تەعلیماتی کۆنو ڕزیوی خومەینی مەقامی ژنی هێناوەتە خوارو کردوویەتی بە بوونەوەرێکی چادر بەسەر، ڕەشپۆشو بێ مایە، بوونەوەرێك کە شیاوی کۆیلەتییە، مەجبوورە لە ماڵدا زیندان بێ بۆ ئەوەی خزمەتی پیاوان بکاو دوور لە خزمەتی پیاوان درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

دوکتور قاسملووی سیاسەتمدارو ئابووریزان پاش ٥٩ ساڵ تەمەن، تەمەنێکی پڕ لە شانازی بۆ خۆیو بنەماڵەو حیزبو گەلەکەی سەرئەنجام لە ڕۆژی ٢٢ی پوشپەری ساڵی ١٣٦٨ بەرامبەر بە (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩)ی زایینی کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران دا لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن پایتەختی وڵاتی ئۆتریش لەسەر میزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاورێی تێکۆشەر عبداللە قادری ئازەر نوێنەری خیزب لە ئورووپاو دوکتور فازڵ ڕەسووڵ بە دەست دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

بەم شێوەیە شەمشەمە کوێرەکانی جەهلو نەزانیو پەیامهێنەرانی شەڕو تاریکی پێغەمبەری ئاشتیان شەهید کردو گەلی کوردیان تووشی خەسارێکی قەرەبوو نەکراو کرد ژنانیش یەکێك لە پشتیوانانو خەمخۆرانی ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دا. بۆ هەتا هەتایە ناوو بیرو ڕێبازی دکتور قاسملووی شەهید لە نێومان دا بە زێندوویی دەمێنێتەو.

یادو ناوی هەر بەڕێزو بەڕێزتر بێ

# ئازادی بۆ ژن

# بەختیاری بۆ کۆمەڵ



**گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی**

**کوردستانی ئێران**

(سێ مانگ جارێك دەردەچێ)

**گەلاوێژی ١٣٨٥، ئووتی ٢٠٠٦**

**ژمارە ١٥**

**دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری "ژنان":**

**خەدیجە مەعزوور کـوێستان فتووحی**

**عیسمەت نستانی نەسرین حەسەن زادە**

**شنۆ مێهرپەروەر**

**"ژنان"** لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
www.pdk-iran.org

ئیمەیلی گۆڤاری **"ژنان"**:

jnan1324@yahoo.com

ئیمەیلی بەرنامەی **"بۆ بەختیاری کۆمەڵ"**

RDK_iranjnan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندیگرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

00964 - 7702103121

نامەو نووسراوەکانتان لە ڕێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو بنکەو نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستانو دەرەوەی وڵات, بۆ گۆڤاری **"ژنان"** بنێرن.


# پێرست


- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە بۆنەی ٦١مین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ——— ٣
- ساتو سەوداکردن بە ژنانو منداڵانی بێدەنگ لە لایەن مرۆڤەوە ——— ٤
- وتووێژی چاپەمەنی لەگەڵ بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پاش گەرانەوەی لە دەرەوەی وڵات ——— ٥
- ژنو بازنەی شوناس ——— ٧
- یاسای مەدەنیو داخوازیی ژنانی ئێران بۆ گۆڕانکاری ——— ١٠
- وتووێژ لەگەڵ د. رۆئیا تلوعی ——— ١٢
- کچانی لە ژیان بێبەش کراو ——— ١٥
- ١ی ژوئەن رۆژی جیهانی منداڵان ——— ١٧
- راپۆرتی بەڕێوەچوونی رۆژی ١ی ژوئەن رۆژی جیهانیی منداڵان ——— ١٩
- کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان ——— ٢٠
- هەواڵی خۆسووتاندنو کوشتنی کچانو ژنان لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا ——— ٢٣
- هەواڵەکانی تایبەت بە ژنانی کوردستان، ئێرانو جیهان ——— ٢٤
- ژنانو داهاتووی ئابووریی جیهان ——— ٢٨
- بێدەنگی لە ئاست خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان ——— ٢٩
- ژنانو بازاڕی کار ——— ٣١
- مافەکانی ژنان مافەکانی مرۆڤن ——— ٣٣
- چەند رستەیەك سەبارەت بە تەڵاق ——— ٣٧
- گرێی رووحی ——— ٣٩
- چۆن دەتوانین باوکێکی سەرکەوتو بین ——— ٤٢
- شیعرو پەخشان ——— ٤٣
- وەرزشی یوگا ——— ٤٧
- ژنانی جامی جیهانی ——— ٤٨
- کچانی وەرزشکار ——— ٤٩
- دەمم دە مەمکی ... ناوە ——— ٥٠
- سەربردەی کچێکی بە ئاوات نەگەیشتوو ——— ٥١



**تایپ: سکاڵا حەکیم زادە** **دیزاینی بەرگو ناوەوە: شەفیع رەوشەنی**

# ڕاپۆرتێکی وێنەیی سەبارەت بە ڕێزگرتن
# لە هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمر





داخرانی دووکانو بازارەکانی شارەکانی کوردستان






رێپێوانی نارەزایەتیی ئەندامان، لایەنگرانو دۆستانی حیزب لە وڵاتی ئوتریش



# ئێمه ژنانی دێموکرات به شانازیی دەزانین که شانبەشانی رۆڵەکانی دێموکرات

# له مەیدانی خەبات و کۆڵنەدان دا ٦١مین مۆمی تەمەنی حیزبەکەمان دادەگیرسێنین

**پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەبۆنەی ٦١مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە**

**لەلایەن خاتوو سکاڵا حەکیم زادە، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان**



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**ئامادە بووانی بەڕێز!**

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٦١مین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەلکی کورد لە کوردستانی ئێران، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەوە ئەم رۆژە پیرۆزە لە ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیە سیاسی‌یەکان و بە تایبەتی خەلکی کورد لە کوردستانی ئێران بەگشتی پیرۆزبایی دەکا.

بەڕێزان!

حیزبەکەمان ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦١مین ساڵی خەبات و تێکۆشانی خۆی سەربەرزانە تێپەڕ دەکاو ٦١مین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ.

دوای ٦١ ساڵ خەبات و ٦١ ساڵ کەوتن و هەستانەوە، دوای ٦١ ساڵ فیداکاری و قوربانی دان، ٦١ساڵ بەربەرەکانی دژی درندەیی پیلانەکانی دوژمن، حیزبە شۆڕشگێڕەکەمان هەروا خۆراگرو وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان درێژە بە خەبات دەداو ماندوو نەناسانە بۆ ئازادی و بەختیاری و ئاشتی تێدەکۆشێ و وەك ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدار لە ئاسمانی بێگەردی خەباتدا دەدرەوشێتەوەو چاوو دلی ئەویندارانی راستی و دادپەروەری رووناك دەکاتەوەو بزە دەخاتە سەر لێوی هەزاران منداڵی شەهیدان و ژنانی کۆست کەوتوو برینی بە سۆی جەرگی دایکانی شەهیدو خەڵکی ئەمەکناسی کوردستان سارێژ دەکاتەوە.

ئێمەش ژنانی دێموکرات بە شانازیی دەزانین کە شانبەشانی رۆڵەکانی دێموکرات لە مەیدانی خەبات و کۆڵنەدان دا ٦١مین مۆمی تەمەنی حیزبەکەمان دادەگیرسێنین و پەیمان و بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەردەم وەك پشتیوانێکی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قایم و خۆراگر لە مەیدان دابین و لە هەر چەشنە فیداکاری و لە خۆبردوویيەك دریخی نەکەین و هیواداریشین کە حیزبەکەمان بە داگیرسانی مۆمێکی‌تری لە دایکبوونی، بەدەسکەوتی گرینگی یەکگرتن، بە هیوای زیاتر سەرکەوتن و بە ورەی بەرزو ئیمانی پتەوەوە درێژە بە رێگەی پڕ لە سەروەریی شەهیدان بداو لە هیچ چەشنە لەخۆبردوویيەك بۆ وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی شەهیدان و دەرکەوتنی هەتاوی ئازادی لە ژێر هەوری رەشی بێدادی لە خەبات نەوەستێ و ئەو ریسالەتە مێژوویيە کە لەسەر شانیەتی بە ئامانجی بگەیەنێ.

**پیرۆز بێ ٦١مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**پیرۆز بێ لە هەموو ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەر**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٥ی هەتاوی**

# ساتو سەودا کردن بە ژنان و منداڵانی بێدەنگ لە لایەن مرۆڤەوە

خەدیجە مەعزوور

هەرچی جیهان بەرەو پێشکەوتنو کۆمەڵگای مەدەنی هەنگاو هەڵ دێنێتەوەو ئامرازی نوێ بۆ ئاسایشو ئاسودەیی ژیانی ئینسانەکان دادەهێنرێو زانست گەشە دەکاو تێگەیشتنی مرۆڤەکان بەروو ژوور دەچێ، هەر بەو رادەیەش گرفتو کۆسپ بەرۆکی مرۆڤ دەگرێو هەر لە لایەن خودی مرۆڤەوە هەڕەشە لە هەستو کەسایەتی خودی مرۆڤ دەکرێ، مرۆڤ لەگەڵ گەلێك مەترسی بەرەورووو دەبێتەوە کە دەربازبوون لەو مەترسیيانە زۆر سانا نیە.

کەڵك وەگرتنی جینسیو قاچاغی ژنانو منداڵانو یان دەستدرێژی کردن بۆسەر مرۆڤ بە گشتیو سەر ژنانو منداڵان بە تایبەتی، بۆتە دیاردەیەکی دنیای ئەمرۆ، کە نەك تەنیا دەوڵەتەکانو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڵکوو رێکخراوەNGO کانی بەخۆوە خەریك کردووەو بۆ دەوڵەتەکانو رێکخراوە غەیرە دەوڵەتیيەکان بۆتە گرفتێکی گەورەو چارەسەر نەکراو.

ماوەیەك لەمەوبەر وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا شەشەمین راپۆرتی ساڵانەی خۆی لە بارەی قاچاغی ئینسانو کەڵك وەرگرتنی جینسی لە منداڵانو ژنانی دا بە کۆنگرەی ئەمریکا. لەو راپۆرتەدا هاتوە هەموو ساڵێ ٨٠٠٠٠٠ کەس بە شێوەی قاچاغ بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دەبردرێن. ئەو کەسانە بە زۆر کاریان پێ دەکرێو یا کەڵکی خراپی جینسیيان لێ وەردەگیرێ. دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردەیە ٤٠٠ میلیون دۆلاری لە سەرانسەری جیهان دا خەرج کردوە.

هەر وەك ئاگادارین ماوەیەك لەوەپێش هەر لە پێوەندیيەدا لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا سندووقی منداڵانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یونیسف نیگەرانی لە رادەبەدەری خۆی سەبارەت بە قاچاغی ژنانو منداڵان بۆ کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی لە کاتی بەڕێوە چوونی کێبەرکێيەکانی جامی جیهانی تۆپی پێ لە ئاڵمان راگەیاند.

ئاشکرایە کێبەرکێی جیهانی فوتباڵ لە وڵاتێکی وەك ئاڵمان پێشکەوتوو لە هەموو بوار بە تایبەت لە بواری سەنعەتیدا بەڕێوە دەچێ چەندە بەسەروەتو سامانی ئەم وڵاتە زیاد بووبێو چێژی لە رادەبەدەری بە لایەنگرانی بەخشی بێ هێندێك لە وڵاتان لە فوتباڵدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا بێ، بەڵام بەشێك لە ئینسانەکان بوونەتە قوربانی ساتو سەودای مرۆڤەکانو زیان بە رووحو جەستەیان گەیشتوەو ژمارەیەکیش تووشی نەخۆشی جۆراوجۆرو بە تایبەت ویروسی ئیدز بوون.

لە وڵاتی ئاڵمان دا فەحشا ئازادەو پێشگیری لێ ناکرێو دەوڵەتی ئاڵمان لە پەنا



شوێنە وەرزشیيەکانی کێبەرکێی جامی جیهانی فوتباڵ لە برلین دا جێگایەکی گەورەی بۆ خەڵك دروست کردوە، بۆ رابواردنی ئەو ٧ میلیون کەسە کە لە سەرانسەری دنیا روویان کرد بوو ئەو وڵاتە، بە گوێرەی راپۆرتەکان هەر چەند دەوڵەتی ئاڵمان پێشی بە هێنانی ئەو منداڵو ژنانە گرتوە کەلە وڵاتانی ئوروپای شەرقی بۆ ئاڵمان رادەگوێزرێن، بەڵام دیسانەکە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانو ژنان بۆ کەڵکی خراپ وەرگرتنیجینسیو سواڵ کردنو کاری زۆرە ملی پێکردنیان بۆ ئەو وڵاتەیان هێناون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بکەین کە دەڵێ: ئێران سەرچاوەی راگواستنی ژنانو کچانێکە کە بە شێوەی قاچاغ بۆ کەڵك وەرگرتنی جینسیو کاری نەخوازراو کەڵکیان لێ وەرگیراوە. چاوەدێرانی خاریجی دەڵێن: ژنانو کچانی ئێرانی، دەبردرێنە پاکستانو تورکیەو بۆ وڵاتەکانی کەنداوی فارس بەرێ دەکرێن. بەرروونی دەردەکەوێ کە ئێران بە جیدی نەخشێکی باشی لە بەر پێگرتن لەو دیاردەیەنەبووەو بەڵکوو زۆرجار مەئموورانی پلە بەرزی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستیان لەگەڵ قاچاغچیانی مرۆڤ دا هەبووە. دەسەڵاتبەدەستانی ئێران هەمیشە بە رواڵەت دژی ئەم دیاردەیە راوەستاونو جاروبار ئیقداماتێکی رواڵەتیان ئەنجام داوە، زۆر جاریش تا ئەو جێگایەی بۆیان کراوە بە زیرەکی بە شێوەی خۆیانو بە جۆرێکی دیکە لەگەڵ ئەم رەفتارە دژی مرۆڤانەیە هەڵسوکەوتیان کردوەو مەسەلەکەیان بەلارێدا بردووەو وایان نواندوە کە لەو بوارانەدا زۆر چالاکن. بەڵام خەڵك هەستی بە بوونی ئەم دیاردەیەو مەترسیيەکانی کردوەو دەشزانن سەرچاوەو پەرەپێدەرو یارمەتدەری پێکهاتنی ئەم وەزعە لە ئێران دا رێژیمی دەسەڵاتدارە، لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش دا هەر بەم شێوەیە ئەگەر رێژیمی جمهوری ئیسلامی لە بەرامبەر ژنانو منداڵان داخۆی بە بەرپرس زانیباو زیانەکانی ئەم دیاردە دزێوانەی لێك داباوە، زۆر حەکیمانەو لێ زانانە هەنگاوی بە کەڵکی بۆ پاراستنی کەسایەتی ژنانو منداڵان سەرمایەکانی وڵات هەڵ دەهێناوەو ئەو کردەوەو رەفتارە دژی مرۆڤانەیەی لە وڵات دا پاساو نەدەداو دای نەدەپۆشیو تا بازەرگانی بە ژنانو کچانو کورانی کەم تەمەن کرابا و ئێران ببا بە پردی هێنانو بردنی کچانو کورانی مێرمنداڵ بۆ وڵاتانی دیکە.

وڵاتانی پێشکەوتووو موتەمەدنییش ئەگەر کەسایەتی مرۆڤ بە تایبەت ژنانو منداڵانیان بەلاوە گرینگ با ئاوا مرۆڤەکانیان نەدەکردە بازیچەی دەستی مرۆڤ فرۆشان. دەبێ بڵێین تەنیا پارە خەرج کردن لەو پێناوەدا لە لایەن وڵاتانی بە هێز بەس نیە بەڵکوو ئەو وڵاتانەی کە کەسایەتیو کەرامەتی مرۆڤیان بەلاوە گرینگە بیرێکی بنەڕەتی تریان بۆ دەدۆزیەوەو پلانێکی باشتر کە ئاکامێکی مرۆڤانەی بەدواوە بێ دادەڕێژن کە ئاوا چاولێکەری توانەوەی بەبێ دەنگی ژنانو منداڵان لە جیهان دا نەدەبوون.

❊❊❊

# وتووێژیی چاپەمەنی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پاش گەرانەوەی لە دەرەوەی وڵات

پاش سەفەرێکی چەند مانگەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێزو تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری بۆ دەرەوەی وڵات، رۆژی پێنج شەممە، ٥ی گەلاوێژی ١٣٨٥ی هەتاوی میدیاکانی حیزب کە بریتی بوون لە هواڵنێرەکانی تیشکTV، کوردستان میدیا، رۆژنامەی کوردستان، رادیۆ دەنگی کوردستان، رۆژنامە ئاگری‌و گۆڤاری ژنان‌و لاوان لە سکرتاریای حیزب دا کۆنفرانسێکی چاپەمەنییان پێك هێنا.

لەم کۆنفرانسە چاپەمەنی‌یەدا بەرێز کاک مستەفا ئاکامی سەردانەکانی بۆ دەرەوەی وڵات، سیاسەتەکانی حیزب‌و بارودۆخی کوردستان‌و باردۆخی رێکخراوەکانی ژنان‌و لاوان‌و ناوچەکەی بە وردی شی کردەوە. لە درێژەی ئەم کۆنفرانسەدا کە نزیکەی سەعات‌و نیوێکی خایاند بەڕێز کاك مستەفا وڵامی هەواڵنێرەکانی دایەوەو لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن گۆڤاری ژنانەوە بەرەورووی بەڕێزیان کرایەوە، بە ئاگاداری‌تان بگەیەنین.

هەڤپەیڤین: شنۆ مێهرپەروەر



بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، لە کاتی کۆنفرانسەکەدا



هەواڵنێری چاپەمەنییەکانی حیزب

**بەڕێز کاك مستەفا لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری "ژنان" پڕبەدڵ بەخێرهاتنت دەکەین بۆ نێو هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانت. پێم خۆشە بەو پرسیارە دەست پێبکەم، جەنابتان لەم سەفەرەتان دا بێگومان لەگەڵ رێکخراوە دێموکراتی‌کەکان دیدارو چاوپێکەوتنتان هەبووەو لە نێو ئەو رێکخراوانەدا، ئەندامان‌و چالاکانی ژنانیشتان بینی، فەعالییەت چۆنە لە دەرەوە، ئایا ژنان لە دەرەوەی وڵات‌و وەك رێکخراو تا چەندە توانیویانە، لەمەڕ ناساندنی کێشەی نەتەوەی کوردو کێشەی ژنان لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە کۆمەڵگەی دەرەوە رۆڵیان هەبێ؟**

✓ یەکیەتیی ژنانیش وەکوو ئۆرگانیزاسیۆنێکی فەعال کارو تێکۆشانی خۆیان هەیە، بەڵام لە راستی‌دا، ئەو تێکۆشانەی کە چاوەڕوان دەکرێ لە ژنان، من بەش بەحاڵی خۆم لێی رازی نیم، من پێم وایە کە یەکیەتیی ژنان دەبێ، زۆر لەوەی کە هەیە فەعالتر بن، چونکە هەموومان لەوباوەڕەداین کە ژنان بێجگە لە ستەمێکی نەتەوایەتیی کە لەسەریانە، ستەمی جینسیشیان لەسەرەو ستەمێك کە لە کۆمەڵگادا لەسەریانە، بۆ هەمووی ئەوانە، ئەگەر بەڕاستی تێکۆشانێکی زۆر بەرچاوو زیاتریان نەبێ، ناتوانن لەبەرامبەر ئەو ستەمانەدا موباریزە بکەن‌و بتوانن کۆمەڵگایەکی یەکسان پێك بێنن. مەبەستم ئەوەنیە کە لێرەدا یەکیەتیی ژنان یا ژنان بە تاقی تەنێ دەتوانن ئەو کارە بکەن تەبیعەتەن یەکێك لە ئەرکی پیاوانی دێموکراتیش ئەوەیە کە لەو موبارزەیەدا یارو هاوکاری ژنان بن، بەڵام لە ئەساس دا خودی ژنان لەو مەوردەدا دەبێ زیاتر هاوکاریی بکەن. لەو سەفەرەی ئەخیردا کە من بووم لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ کۆبوونەوەیەکمان بوو، ئەوەی کە هەستم پێکرد لە مەجمووعەی ئەو ژنانەی کە لە کۆبوونەوەکەداو بە نیسبەتی هەڵسەنگاندنێك لە کۆبوونەوەکانی سەفەرەکانی پێشووم دا چاوم پێکەوت، هەستم کرد کە پێشکەوتنێك هەیە لە بواری یەکیەتیی ژنان‌و فەعالییەت‌و تێکۆشانیان دا هەروەها لەگەڵ بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد چاوپێکەوتنم بوو ئەوانیش لە شێوەی فەعالییەتێك کە لە نێو ژنان دا هەیانە بۆیان باس کردم راپۆرتێکیان پێشکەش کرد، لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کە فەعالییەت‌و تێکۆشانی ئەو ژنانەی کە لەو بوارەدا تێ‌دەکۆشن جێگای رێزو تەقدیرە، بەڵام پێویستە جارێکی دیکە تەئکید بکەینەوە کە خوشکان زیاتر لە مەوریدی ستەمێکی کە

←

لەسەریانە لە هەموو بوارەکان دا تێکۆشانیان زیاتر بێ. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لەو مەیدانەدا یارمەتیدەری یەکیەتیی ژنان بین بە تایبەتی ئەمن لە هەموو وڵاتەکان دا بە تایبەتی لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی کە فەعالییەتی یەکیەتیی



ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە، تەوسیەم کردوە بە کومیتەکانی حیزبی کە لەو بوارەدا یارمەتیدەر بن و ئەوەی کە لە دەستیان دێ دریغی نەکەن. لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری یەکیەتیی ژنان و تێکۆشانیان.

**کاک مستەفا پرسیارێکی دیکە کە پێم خۆشە لەگەڵ جەنابت بیهێنمە گۆڕێ ئەوەیە لە پێوەندی لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکاندا. لە پرسیاری هەواڵنێری ئاگریدا بەکورتی ئیشارەتان پێکرد. ئەو کۆنگرەیە هەروەک هەموومان دەزانین پێک هاتوە لە نوێنەری نەتەوەکانی ئێران. ئایا ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەندامێکی چالاک و کارای ئەو کۆنگرەیەن بیرتان لەوەی نەکردۆتەوە کە سەرەڕای بەشداربوونی نەتەوەکانی ئێران پەرە بەوکۆنگرەیە بدەن و لە وجوودی کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان کەڵک وەرگرن؟**

✓ ئەوە مەوزوعێکە کە جێگای باسە لە نێو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بەرنامەو پرۆگرامێکی سیاسییمان هەیە کە ئیعلامیان کردوە کە ئەو ڕێکخراوو ئۆرگانیزاسیۆنانەی کە دەتوانن لەگەڵ ئەو بەرنامەیە خۆیان بگونجێنن دەتوانن داوای ئەندامەتی بکەن

لەوێدا موتالیعە دەکرێ و دوای موتالیعە کردن بە ئەندامبوونیان، ئەگەر لەگەڵ شەرایەتی ئەو بەرنامەیە بگونجێ، حەتمەن قبوول دەکرێ. جا ئەوە دەتوانێ شامیلی شەخسییەتەکانیش بێ شامیلی ئەو ئۆرگانیزاسیونەش بێ کە ئەو

**ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی خۆمانی دەزانین یارمەتیی یەکیەتیی ژنان بدەین**

ویستو داخوازە قبوول دەکەن، ئەساسەکەیشی بێجگە لە مەجموعەیەک ئازادی کە تێدا گونجاوە، وەکوو ئازادیی ژنان، ئازادی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، مەسەلە ئەساسییەکە دەگاتەوە سەر مەسەلەی فیدرالیزم، فیدرالیزمێک کە پێشتر لە پرسیارەکانی پێشوودا ئیشارەم پێکرد کە چ نەوعە فیدرالیزمێکمان دەوێ، هەر ڕێکخراوێک کە باوەڕی بەو شێوە ڕێگا حەللە بۆ ئێران بێ، دەتوانێ لەو چوارچێوەدا تێکۆشان و فەعالییەتی خۆی هاوشان لەگەڵ باقی ئەندامانی کۆنگرەی ئێرانی فیدراڵ درێژە بداو ئێمە لەو بارەوە بەرنامەمان داناوە کە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، کە لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوەکان لەگەڵ نەهادە مەدەنییەکان کە ئەو چوارچێوەیان قەبووڵە واریدی بەحس بێ، دیالۆگ بکا بۆ وەی کە ڕاپانکێشین بۆ وەی کە مولحەق بن بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالەوە.

**بەڕێزتان لە چاوپێکەوتنەکانتان دا لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی کە ژن بوون و بەشێوەیێک کە بەرپرسیارتییان لە وڵاتەکەی خۆیان دا هەبووە مولاقاتتان هەبووە لەو چاوپێکەوتن و مولاقاتانەدا سەرەڕای باس کردن لە کێشەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و پێشێل کارییەکانی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆو سەرەڕۆییەکانی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، ئەو بەرپرسانە بەتایبەتی بەرپرسە ژنەکان تا چ ڕادەیەک ئاشنا بوون بە بێ بەشی و ماف خوراوییەکانی ژنان لە ئێران دا؟ کاکڵەی پرسیارەکەم ئەوەیە لە باسەکانتاندا هیچ باستان لە بێ بەشی و پێشێلکارییەکانی دەرهەق بە مافەکانی ژنان لە کوردستانی ئێران و لە ئێران دا دەکرد؟**

✓ بە داخەوە دەبێ بڵێم کە بێبەشی و مافخوراویی ژنان لە کوردستانی ئێران دا ئەوەندە زەق و بەرچاوە کە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی، هیچ شەخسییەت و بیرو بۆچوونێکی پێشکەوتنخواز، ناتوانێ ئەو بێبەشییە نەبینێ. وەختێک ئەو بێبەشییە دەبینێ بێگومان فکرێک دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە چ ڕێگا حەللێک هەیە چ چارەسەرێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو بێبەشییە نەمێنێ یا کەم بکرێتەوە. لەو پێوەندییەدا مەجموعەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی داکۆکی کردن لە مافی ژن لە کوردستان دا هەن کە ئێمە لەگەڵیان پێوەندیمان هەبووە، لەگەڵیان دا دانیشتن و مەشورەتمان هەبووە، بۆ ئەوەی کە هەماهەنگیمان هەبێ، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەماهەنگییان هەبێ لەگەڵ ئەوان، بۆ ئەوەی کە هەموومان پێکەوە بتوانین ئەو ڕێگایانەی کە لە دەستمان دێ بە تواناو ئیمکانمان بیگرینە بەر، بۆ ئەوەی کە یارمەتی بدەین بۆ پرۆسەی یەکسانی مافی ژنان لە کۆمەڵگاو لە بنەماڵەدا، لەو پێوەندییەدا مەشورەتی زۆر کراوە.

***

# ژن و بازنەی پیاشوناس

✍ ناهید حوسێنی*

ئـەم ڕۆژانـە بـە دەیـانو سـەدان نـاوی جۆراوجـــۆرەوە لـــە ســـەر تـــۆڕە ئەنتەرنێتییـەکانو جەریـدەکان، باسـی ژن گرفتـەکانی ژن بـوونو پێگـەی کۆمەڵایـەتی ژن، لـە کۆمـەڵگاکان دا، کەوتۆتـە بـەر لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوە. ڕێژەیـەکی زۆر نووسـەرانی ئـەم بابەتانـە پیاوەکـانن و ڕێژەیەکی کەمیش خودی ژنان. هەر کەسەو لە ڕوانگەو بۆچوونی خۆیەوە، دەنگی خۆی هەڵبڕیوە. ڕوانگەگەلی سیاسیو فەرهەنگیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، نەشتەری ڕەخنـەیان خستۆتە گەڕ بۆ هەڵدانەوەی قەتماغەی ئـەم برینـە کۆنـەو دەرخـۆنـە لـە سـەر ئـەم زامـە لادەبەن.

کۆمـەڵگای کـوردەواری لەگـەڵ کۆمـەڵگا پێشـکەوتووو مۆدێرنـەکان دا، بـەراورد دەکرێ، بـە بـێ ئـەوەی تایبەتمەندییـەکانی ئەم کۆمەڵگا جیاوازانە ڕەچاو بکرێ. بەڕێز خاتوو شەهلا دەباغی لە وتارێکیدا لە زمانی نینا بیۆرک، ژنـە فیمینیستی سوئێدییەوە دەڵـێ:"ژنان لـە هـەرەمی دەسـەڵات دا، لـە پایەی ژێردا ڕاوەستاونو ئێمە دەبێ ژن وەك گـرووپ تـاریف بکـەین کـە تەنانـەت لـە مۆدێرنیتەش دا نەیتوانیوە بـە مـافی خۆی بگا".

وتەیەکی گـەلێ جـوانو سـەرنج ڕاکێشـە، تەنانەت لە مۆدێرنیتەش دا. جا خوا پـەنای ژن بـدات لـە کۆمەڵگایـەکیش دا کـە نەگەیشتۆتە قۆناغی مۆدێرنیتەو هێشتا لە لیتـاوی سـوننەتە کۆنـەکان دا چـەقیوە. نامـەوێ لێرەدا هـەموو سـوننەتە کۆنەکان ڕەت بکەمەوەو بڵێم هـەموو ئـەو پەردانـەی دەمـان بەسـتنەوە بـە ڕابردوومانـەوە ناشیرینن. نا.دەمـەوێ بڵـێم بـە داخـەوە هاوکـات لەگـەڵ زۆر سـوننەتو یادگـاری جوانو پرشانازی، گەلێ سوننەتی ناحەزیش لەو پەردانە پەرپیونەتەوەو هەتا ئەمڕۆکەش وەك سێبەرێکی قەترانی دوای ژن کەوتوونو هەنگاو بە هەنگاوی دێن.

بـە ڕوانینێکـی سـەرەکی بـە مێـژووی کوردەواری دا، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە بـە نیسـبەتی وڵاتـانی دیکـە، کـەلتووری کوردەواری، ڕابردوویەکی گەشتری هـەبووە بە نیسبەتی بایـەخ دان بـە پێگـەی ژنـان لـە کۆمەڵگادا. ئێمـە مێژوویەکی کـۆنو دوورو درێژمان هەیەو لە مابەینی لاپـەڕەکانی ئـەم مێـژووەدا گـەلێ ژنـی هەڵکەوتـەو بلیمـەتمان هـەبووە لـە هـەموو بوارەکـان دا، دەوری ئەکتیڤانـەو پۆزێتیڤیـان هـەبووە، وەکـوو خـاتوو خـانزادو حەپسـەخانی نـەقیبو مەستوورەی ئەردەڵانو..... تاد.



ناهید حوسێنی

سـەردەمانێك بـە لەچـکی ژنـە کوردێـك خـوێن بـەس دەکـراو ئـاگری قـینو شـەڕی عەشـیرەتەکان دەکوژایـەوە. ژنـی کـورد نموونەی شەرەفو گەورەییو سوار چاکیو چەکداریو بە دەستو بردی بوو. ڕێزو پلـەو پایەی ژنی کورد لـە ژنـانی وڵاتـانی دراوسـێ گەلێ زیاتر بـوو، تەنانـەت لـە بـاری ئـازادیو ڕادەی دەسەڵاتداریش دا، لە نێوان خێزانو عەشیرەتو گوندەکان دا.

بە گەشـتێك بـە نێـوان فۆلکلـۆرو بـەیتو بـاوی کـوردەواری دا، ئـەم ڕاستـییەمان بـۆ ڕوونـــتر دەبێتـــەوەو بەڵگـــەی حاشـــا هەڵنـــەگرمان وەدەســـت دەکـــەوێ بـــۆ چەسـپاندنی پێگـەی بـەرزو پرشـانازی ژنـی کورد دیارە هیچ شتێك سەتاسـەت نیـەو مـن تـەنیا بـە بـەراورد ئەمـە دەڵـێم. ڕۆڵـی خۆشەویستی ڕاستەقینەش هەر لە دوو توێی ئەو دەقانەدا بە جوانی دیارنو هـەرگیز یـان بە دەگمەن لە بەیتو بەندێکی کوردیدا بـە چاوی سووکایەتی سەیری ژن کرابێو پێگەی کۆمەڵایەتی ژن نەکەوتۆتـە بازنـەی گومـانو پرسیارەوە. ئەگـەر ژن لـەو کاتـەدا وەکـوو مەعشووقو دڵدارو خۆشەویست زیاتر لـە شیعرو نووسـراوەکان دا ڕۆڵـی هـەبووە، لـە هـەمان کـات دا، بێگـەردو خـاوەن ئوسـووڵ بووە. زیرەکو لێهاتوو بووە. هاوکات لەگـەڵ ئـاڵوگۆڕیش لـە ئـەدەبی وڵاتـانی سـەرەتا ئـەورووپیو پاشـان دراوسـێ، ڕەنگدانـەوەی خۆی لە کوردستانیش دا هـەبووە بـە سـەر دەستی شێخ نووری شێخ سالحو مامۆستا گـۆران ڕەنـگو بـۆنی ژنو پێگـەی ژنـیش گـۆڕدراو ئـەم ئـاڵوگۆڕە بـەرەو ڕەوتێکـی بـاشو پێشـکەوتووی بـردینو ڕوانگـەی ئەدیبانو خاوەن قەڵـەمانی ئـەو سـەردەمە، بەڵگەیەکە بـۆ ئـەم باسـە، مامۆسـتا هـێمن دەڵـێ:" من تەشـی ڕێسـێکی وەك شـیرینی وەفاییم بۆ چیە کیژی کوردی چاو کراوەی فێـرە زانینـم دەوێ" یـان کـاك سـوارە بـە دەیان جارو لە دەیـان شـێعردا، دڵدارەکـەی دەدوێنێـــــێو کێشـــــە کۆمەڵایـــــەتیو سیاسـیـیەکانی لا دەدەرکێنێـو هـەرگیز خوێنەر هەست ناکا کچێکی کاڵ فامی نـەزان لــە بەرانبــەر ســوارەدا، گـــوێگری قسـەکانییەتیو ئەمـەش هـەڵگری پـەیامی دەسـتپێکی ئـاڵوگۆڕە لـە عەقڵییـەتی کۆمەڵگایـەك دا. وەك دەڵـێن ئـەدەبی هـەر میللـەتێك ئاوێنـەی باڵانمـای مێـژووی ئـەو میللەتەیەو ڕاستگۆترین مێژوویە.

مەبەستم لەم باسە ئەوە بـوو کـە هەسـت بە کەمو کووڕیو بزرەکـانی ڕەنگـی ژن لـەم قۆناغـەدا، سـەرەتا هـەر لـە لایـەن خـودی پیاوەکانەوە هەست پێکراوەو ستارتی ئـەم بزووتنـەوەیان لێداوە کـە کۆمـەڵگا بـەرەو قۆناغێکی نوێ دەڕواو پێویستە لەم قۆناغـە نوێیەدا، بەهرەکانو تواناییکانی ژنان پـتر ڕەچـاو بکـرێو کـەشو هـەوا بڕەخسـێ بۆ ئامـادە بوونیـان لـە بـوارێکی نـوێداو لـە دنیایەکی نوێدا.

باسـەکە گـرێ دەدەم بـەوەوە کـە ژنـانی کورد لە کۆمەڵگای تـەواو سـوننەتی دا بـە پێـی کـەشو هـەوای ڕەخسـاوو گونجـاو، پێگەی خۆیان دیاری کردو لە لاپـەڕەکانی مێژوودا بەشکۆوە تۆمار کران.

ئەو ژنانەی لەو پەڕی نەخوێندەوارییی دا، پێگـەی کۆمەڵایـەتی خۆیـان دیـاری کـردو تەنانەت لە بواری سیاسەتو حکومەتیش دا، ئەزموونی باشو بەرچاویان هـەبووە وەکـوو خـاتوو خـانزادو قـەدەم خێرخـانو گـەلێ هەڵکەوتـەی دیکـە بـەڵام لـەم سـەردەمی

←

بەجیهانیبوونو ئەنتێرنێتو پەیوەندییانەدا، لەم سەردەمەدا کە من وەکوو بەرزەخێك لە نێوان سوننەتو مودێرنیتەدا دەیبینم، پێگەی ژن چیەو کامەیە؟! بۆ دەبێ کێشەی ژن لە باتی چارەسەر بوون تۆخترو زەقتر بووبێتەوەو گەلێ کێشەی نوێشی لێ زیاد بووبێ. خاتوو شەهلا لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دا ئاماژە بەوە دەکا:"لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا، داوا لە ژن دەکرێ ژنانە بژیو هۆیەکەشی دەخرێتە پاڵ سرووشت."

زۆر راستە. ئەمە داواکاری کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە. بۆ ئەوەی دنیای ژیانی ژنانەی ئەمرۆ ئەوەندە تەسكو بچووك کراوەتەوە، بۆتە ئامرازێك بۆ سوود وەرگرتنی دەسەڵاتی پیاوسالار. ژن بە هۆی لەشو لاری ناسکیەوە بۆتە ئامرازی سەرەکی رێکلامو گەلێ شتی دیکە کە هەموو دەیزانןو پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکا. بازرگانی پڕسوود بۆ بازەرگانانو سانترین رێگە بۆ گوزەرانی ژیانو دابینکردنی بژیو بۆ ژنان، کەش وهەوایەکی رەخساندوە کە ژنان خۆیان زیاتر، پەرە بەو بارودۆخە ئەدەنو هەوڵ ئەدەن ئەو تایبەتمەندیە جسمی یانە جێگری عەقڵییەتێك بکەن کە ئەمرۆ کە نیازەو شوناسی ئەوان دیاری دەکا. کۆمەڵگای کوردەواری لە سەرەکی ترین کێشەی خۆی دا تووشی گێچەڵەو لە کێشەی چەسپاندنی بووندایە وەکو نەتەوەیەك کە خاوەنی جوگرافیاو زبانو مێژووە. لە کێشەی شوناسی خۆی دایەو تەنیا عەقڵییەتێکی وریاو پێشکەوتوو دەتوانێ لەم قەیرانە دەربازی بکا. ئەوسا، بەداخێکی زۆرەوە، ئاوا دنیای ژیانی ژن تەسكو بچووك دەکرێتەوەو ژنانیش بە ون بوونێك لەم بەرزەخەدا، تووشی سەر لێشێواوی دەبن. پێشینیان دەڵێن، دووشت زۆر ناشیرینە: منداڵێك لاسایی گەورە بکاتەوە یان گەورەیەك لاسایی منداڵ بکاتەوە من دەڵێم دووشت زۆر ناشیرینە، ژنێك لاسایی پیاو بکاتەوە یان پیاوێك لاسایی ژن بکاتەوە. راستە سروشتی ژنو پیاو لە باری فیزیکیو روحییەوە زۆر جیاوازن. لەوانەیە سەردەمانێك زۆر ناشیرین بوایە ژنێك بۆ وێنە ئاسنگەری بکردایە یان قەساب بووایە. بە واتەیەکی دیکە ژن نە شانو باهۆی ئاسنگەری هەبووەو نە دڵو دەروونی قەسابیو بەم هۆیەشەوە کار بە نیسبەتی رادەی تواناییو هێز، دابەش دەکرا. هەر چەند ئەو کاتەش ژن لە کاری دووقات واتەکار لە مەزراکانو باخەکان هاوکات لەگەڵ ماڵ، بێبەش نەکرا بوو.




ژنانو پیاون شانبەشانی یەکتر لە دەرەوەو لە ماڵەوە

بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا، کە خوێندەواریو رادەی کەڵك وەرگرتن لە زانستو تەکنۆلۆجیا، دەور دەگێڕێو توانایی هزری بۆتە جێگری توانایی فیزیکی، ئەوەی نەتوانێ جێپەنجەی خۆی دیاری بکا کلاوی سەرچووە. دیارە مەبەستم لەو تاقمە ژنەیە کە کەرەستەکانی گەیشتن بە توانایی هزری بۆیان ئامادە بووەو کەشو هەوا بۆیان رەخساوەو دەرەخسێ هەتا بگەن بە قۆناغی شوناسو عەقڵییەت. هەر کام لە پارچەکانی کوردستان لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی دەسەڵاتی زاڵدا، فەرهەنگیان تووشی ئاڵوگۆڕ بووەو روونە کە فەرهەنگی دەسەڵاتە زاڵەکانو فەرهەنگی دەرەوەی دەسەڵاتەکانیش فەرهەنگێکی پیاوسالاری ریشەیە. لە یادمە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە کتێبی(فارسی)دا، وانەیەکمان هەبوو بە ناوی(ئاش). لە وانەدا دێ کە دایکی ئەکرەمو ئەمین ئاش دروست دەکا. ئەکرەم یاریدەری دایکیەتیو سەوزەی بۆپاك دەکاو کەشك دە ئاشەکە دەکاو لە هەمان وانەدا، هاتوە کە ئەمین حەزی لە ئاشە. هەتا ئەو رۆژەی لە وانەکانی قوتابخانەکان دا، حەز، حەزی ئەمینەکانەو ئەکرەمەکانو دایکەکانیان ئاش دروست دەکەن. هیوای داهاتوویەکی روون، هیوایەکی سوتاوە.

جا بۆیە ئەم باسەم کردەوە کە منیش وەك شەهلاخان ئەو ئاکامە لەم باسەدا کە:"بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا دروشم بەس نیە." گۆڕینی کۆمەڵگا پێویستی بە تەقینەوەیەکە لە ئاڵوگۆڕ لە هەموو بوارەکانی سیاسەتو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگی. بگەمە ئەو قەناعەتەی پێویست ناکا لاسایی پیاو بکەینەوە بۆ ئەوەی مافە خوراوەکانمان دەستەبەر کەینەوە.

ژن لە چوارچێوەی ژن بوونی خۆیدا وەکوو مرۆڤێکی بیرمەند، گەلێ پڕۆژەو پروگرام دەتوانێ بگەیەنێتە ئەنجام، بەبێ ئەوەی وەکوو تایبەتمەندی گەلێکی ژنان کە پەیوەندی بە خودی ژنەوە هەیەو دیاردەیەکی بە تەواوەتی تاکی یە سەیر بکرێ. تەنانەت لە روانگەی خودی ژنیشەوە.

نووسینی وتارگەلی جۆراوجۆر لەلایەن پیاوانەوە لەسەر ژنو کێشەو گرفتەکانی، بە تۆزێك گەشبینی یەوە، لەبار بوونی کەشو هەواکە دەگەیەنێو ئامادە بوونی کۆمەڵگا بۆ ئاڵوگۆڕ. بۆ ئەوەی لە کەشو هەوایەکی هێمن داو بەدوور لە تێۆرە کەسایەتی یەکان کە لەم رۆژانەدا بۆتە باوو کێشە سەرکییەکەی خستۆتە پەراوێزەوە، بە چارەسەر کردنی بڕینی ساڵەها دروشمی بێ سوود، قۆڵ هەڵماڵین. زۆر دوور لە ئینسافە ئەگەر هەوڵو تێکۆشانی گەلێ لە پیاوانی رۆشنبیرو خاوەن هزر لەم خولەدا رەچاو نەگرین.

بە راشکاوی دەڵێم ئەوەی هانی دام بۆ نووسینی ئەم بابەتە، خوێندنەوەی وتارەکەی، خاتووکازیوە ساڵح بوو لە سایتی کلاورۆژنەدا. زۆر بە رێكو پێکیو بە دوور لە هەراوزەنایەك کە ئەم رۆژانە باوەو بەهێنانی وشەگەلی قورسو گران تەنیا سەر لە خوێنەر دەشێوێنن، بە چڕوپڕیو ئینسافەوە مەبەستەکەی خۆی گەیاندبوو. فارس گووتەنی: "جانا سخن از زبان ما می‌گویی". واتە گیانا قسەی دڵی ئێمە دەکەی.

لە وتارەکەدا باس لە خۆشەویستیو ئازادی سێکسیو ئایدیای فێمێنیزمی دەکا. وتارەکە تازەیەو لە سایتەکەدا لە بەر دەستدایەو من نامەوێ بە دووپات کردنەوەی خوێنەر ماندوو بکەمو هەر کەس

دەتوانێ بە پێی روانگەو زەوقی خۆی لێی بکۆڵێتەوە. تەنیا وەکوو هاوبیری خۆم لەگەڵ فکرەی دا، حەزم کرد چەند دێڕێك بنووسمو کۆتایی بە باسەکە بێنم.

ئەگەر واز لەو قۆناغە بێنن کە مرۆڤ وەکوو ئاژەڵ دەژیا، هەر چەند من بڕوا ناکەم ئەو کاتەش مرۆڤ هەستی بە بەرانبەرەکەی نەکردبێ. لەو رۆژەوە کە مرۆڤ خۆی وەکوو بوونەوەرێکی خاوەن شعوور، وەکوو گیاندارێکی جیاواز لە ئاژەڵ دۆزیەوە. خۆشەویستی هەبووەو پیرۆز بووە بە لایەوە. بەرەبەرە هەتا ئەمرۆ لەگەڵ بەرەو پێش چوونی مەدەنییەت رەنگی خۆشەویستی کاڵو کاڵتر بۆوەو لە زاتی راستەقینەی خۆی دوور کەوتەوە. بازرگانی پێکرا، سیاسەتی پێکراو... .

سیاوەش کەسرایی شاعیری ناسراوی ئێرانی دەڵێ:" راستە، راستە ژیان جوانە — ئاتەشکەدەیەکی لە مێژینەی وەستاوە — گەر داگیرسێنێ ـ سەمای بڵێسەی ئاسۆ بە ئاسۆ دیارە — ئەر نا کوژراوەتەوەو کوژاوەتەوە تاوانی ئێمەیە".

خۆشەویستی هەیەو ژیان بەرەگەزی ژنو پیاوەوە جوانەو جیاوازییەکانو ناحەزییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەلاقەیەی کە لێیەوە دەڕوانینە دنیای دەرەوەی خۆت. دەگەڕێتەوە بۆ کەشو هەواو شوێنی پەروەردە بوونی مرۆڤەکانو دەبەسترێتەوە بە چۆنیەتی پەروەردە کردنی بەرەی نوێوە کازیوە خان، ئاماژە بە سێ خاڵ دەکا بۆ دەستنیشان کردنی کەمو کوڕییە کردەییەکان لە لایەن پیاوەکانەوەو وەك خۆی دەڵێ: ویستوویەتی لە ١٢ خاڵدا، مەبەستەکەی بگەیەنێو من دڵنیام زۆر خاڵی تریش هەن کە ئاماژەیان پێنەکراوە. بەراستی ئەگەر مرۆڤەکان بەگشتی بە ژنو پیاوەوە، تێگەیشتنێکی دروستیان سەرەتا بەرانبەر بە خۆیانو ئینجا بەرانبەرەکەیانو پاشان کۆمەڵگایەك کە تیایا دەژین هەبێ زۆر لە کێشەکانو بۆ وێنە کێشەی ژن لە ژێر ساباتی مرۆڤایەتیو رێزگرتن لە کەسایەتیو مافی تاکو کۆمەڵگا، چارەسەر دەکرێن.

بەڵام مرۆڤ بە ئارەزوو ناژی، بە خەیاڵ بەختەوەر نابێ. راستە کۆمەڵگای ئێمەش وەك زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکە شمشێرەکەی لە روو بەستوە بۆ ئەوەی زۆربەی تاوانەکان بخاتە ئەستۆی ژن. دیاردەی ئازادی سێکس وەکوو مافێکی تاکی بۆ مرۆڤ بە گشتی لە چوارچێوەی خۆشەویستی یەکی قووڵی رووحی دا شەرعییەتی پێدەبەخشرێ، بەڵام ئەم مافە لە کۆمەڵگایەك دا رەنگی هەیە کە پێناسەیان بۆ هەموو مافەکانی مرۆڤ هەیەو بە کردەوەیان کردوە. کۆمەڵگای ئەورووپی شوناسی خۆی هەیە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە. ئازادی سێکس یان ئازادی جنسی بەشێوەیەك لەو کۆمەڵگادا پێناسەی بۆ کراوەو چەسپاوە کە مرۆڤەکان وەکوو دیاردەیەکی نامۆ سەیری ناکەن. بە تێگەیشتنێکی دروستەوە رووبەرووی دەبنەوەو درۆو دەلەسەو خەیانەت لەو پێوەندییانەدا، پێگەی نیە. بەڵام راستییەکانی کۆمەڵگای ئێمە وەکوو کۆمەڵگای کوردەواریو نەتەوەیەك بە ناوی کورد شتێکی دیکەن؛ کێشەی ئێمە، کێشەی شوناسێکی باوەڕ پێنەکراوە. کێشەی شوناسێکە حاشای لێ دەکرێ. هێشتا بە تەواوی دانمان پێدانانێنو جوگرافیاو زمانو فەرهەنگو باوەڕو بوونمان لە جەغزەی پرسیار دایە. کێشەی ئێمە کێشەی لێك نەگەیشتنمانەو کەفارەی ئەم تاوانەش مێژوویەکە بە خۆخۆریو براکوژی دەدرێ. گۆمێکی مەندە، هێندە بەردی نەزانی تێهاوێژراوەو لێڵکراوە بە هەزار زانا روون ناکرێتەوە. ئێمە بە کۆنترینو رەسەنترین کەلتوورەوە، بە جێی بەرەوپێش چوون، بەردەوام دەکشێینەوەو بە جێی چارەسەر کردن، بەردەوام بە دوای تاوانباردا دەگەڕێینو کورد وتەنی بۆ گورچیلەیەك، گایەك مردار دەکەینەوە. چاومان لە راستییەکان نوقاندووەو دنیا بە تاریکی تاوانبار دەکەینو هەرگیز هەوڵمان نەداوە بە شێوەیەکی پراکتیکیو پۆزێتیڤ، بۆ ئەکتیڤ کردن دروشمەکان هەوڵ بدەین. هەر بۆیە زۆر جار دەبینە لادەرو ون دەبین لە راستی کێشەکان دا.

لە نێوان ئەم هەمووە بۆشاییو کەلێنە پڕ نەکراوەدا ئایا دروشمێك وەك ئازادی جنسی لە کۆمەڵگای ئێمەداو بۆ نەتەوەی کوردو بەرەی تازە پێگەیومان کە لە مەترسی هەموو جۆرە پیلانێکی پڕ لە رەنگو بۆندان، بۆ ئەوەی لە پرسیاری شوناسی خۆیان دوور بکەونەوەو بە ئامادە بوونی کەشو هەوایەك کە بە سانایی بەرەو مادە سڕکەرەکانو....تاد، یان دەبا. دروشمێکی پڕ مەترسیو رەنگێکی دیکە لە پیلان نیە؟!

یان کەلێنێکی دیکە کۆمەڵگای ئێمە، نەخوێندەواریو دوور بوونی ژنان نیە لە بوارەکانی پێشکەوتن لە دنیای ئەمڕۆدا؟! ژنێکی هەژاری، چەوساوەی، نەخوێندەواری گوندیو تەنانەت شاریش، نە فیمینیزم ئەناسێو نە مافی خۆیو نە بەستنو گێڕانی سەدان کۆڕو کۆنگرەش دەتوانێ سارێژی چەرمەسەری ئەو بکا.

بە هیوای ئەو رۆژەی ژنانی چالاکی کورد بە شێوەی پراتیکیو بە رەچاوکردنی رێگە چارەیەکی سەرەکی هەوڵ بدەن بۆ رزگاری لە وابەستە بوونی لە سەتاسەتی ژن بە کۆمەڵگای پیاو سالارەوەو هاندانی ژنان بەرەو بەرژەوەندییە فیکرییەکانو دەستەبەر کردنی بنەما ئابوورییەکان وەك دەزانن زۆربەی ئەو ژنانەی لەش فرۆشی ئەکەن بە هۆی نالەبار بوونی باری ئابوورییانەوەیەو تەنیا ژنانێك کە متمانە بە خۆیان دەکەن بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیانو هاورەگەزە چەوساوەکانیان بکەنەوە.

※ ئەندامی ئەنستیتۆی فەرهەنگیی توێژینەوەیی کوردستانی خۆرهەڵات

**مرۆڤ بە ئارەزوو ناژی، بە خەیاڵ بەختەوەر نابێ. راستە کۆمەڵگای ئێمەش وەك زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکە شمشێرەکەی لە روو بەستوە بۆ ئەوەی زۆربەی تاوانەکان بخاتە ئەستۆی ژن. دیاردەی ئازادیی سێکس وەکوو مافێکی تاکی بۆ مرۆڤ بە گشتی لە چوارچێوەی خۆشەویستی یەکی قووڵی رووحی‌دا شەرعییەتی پێدەبەخشرێ، بەڵام ئەم مافە لە کۆمەڵگایەك دا رەنگی هەیە کە پێناسەیان بۆ هەموو مافەکانی مرۆڤ هەیەو بە کردەوەیان کردوە**

# یاسای مەدەنیو داخوازیی ژنانی ئێران بۆ گۆڕانکاری

عیسمەت نستانی

ژنانی ئێران خاوەنی کارنامەیەکی درەوشاوەو پرشنگدارن لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە ئێران دا، هەر لە دەورانی مشروتیەت تاکو ئێستا خواستو ویستی ژنان بۆ داکۆکی لە مافە ڕەواکانیان بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر لە کۆمەڵو خێزان دا بووە داخوازییەك کە بەردەوام لە مشتو مڕو گۆڕان دابووەو لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیو هاتنە سەر کاری هەر حکومەتێكو دانانی دەستوور لەو حکومەتەدا بە شێوەیەك لە بەر چاوگیراوەو مافو ویستو داخوازییەکانیان لە ئەولەوییەت دانەنراوە بە چاوخشاندن بە خەباتو کۆڵنەدانی ژنان لە ئێستادا بە تایبەت لە خەباتو تێکۆشان بۆ گۆڕانکاری لە یاسای مەدەنیو بۆ گۆڕانکاری لە ئەو بەندە یاسایانەی کە مافو ئازادییەکانی ژنانیان پێشێل کردوە لە راستیدا لە دانانو دەرکردنی یاسا چاوی یاسادانەران چاوێکی پیاوانە بووەو بەرابەری رەگەزی لە بەرچاو نەگیراوە کە ئەوەش کاریگەریی راستەوخۆی لە زەوت کردنی مافەکانی ژنان لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی دابووەو لە زۆربەی مافی ئینسانی بێبەش کردوون.

فەرقو جیاوازی دانان لە نێوان دوو رەگەزی کۆمەڵ لە کۆمەڵگای ئێرانو جیاکردنەوە یان لە شوێنی کارو شوێنە جۆراوجۆرەکانو لە ژیانی کۆمەڵایەتیی وەك قوتابخانەو زانستگا تا ناو ئۆتوبووسو.....هتد.

دەسەڵات بەسەر داسەپاندنی مافی نابەرابەریو رێگری لە دەستو پێڕاگەیشتن بە پۆستە باڵاکانی حکوومی وەك گەیشتن بە پلەی سەرۆك کۆماری کەلە ماددەی ١١٥ لە قانوونی مەدەنیدا گونجاوەو ڕێگری لە زۆر پیشەی وەکوو گۆرانی بێژیو لە هێندێك بەش لە خۆێندن وەك موهەندیسی معادن وەرزیریو رێگری لە بەشداری کردنیان لە مسابقاتی وەرزشی تێکەڵاو نابەرابەری لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نابەرابەری لە قانونی "قصاص"دا کە مافی ژن بەرامبەر بە نیوەی پیاو بە ئەژمار دێ، سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ نمادی بە بەند کێشانی ژنانی ئێران لە زەنجیری قانوونی ئیسلامییە کە ساڵانە هەزاران ژن بە تاوانی بێحیجابی لە کوچەو کۆڵانو شەقامەکانی شاردا دەکەونە بەر ئازارو ئەزیەتو توندوتیژیو بێحورمەتیان پێدەکرێو لەگەڵ زۆر بەربەستی دیارونادیار لە بواری کارو خوێندن بە تایبەتی لە پیشە




مافی ژن، مافی هەموومرۆڤەکانە

سەنعەتیو حێرفییەکان داو کەمی شوغڵی مودیرییەتی رەدە بەرزو شوێنی بڕیاردان لە سیاسەتو یاسادانان بەرەوڕوون.

بە پێی یاسای ئێستای ئێران ژنان حەقی قەزاوەتیان نیە یانی ژنی قازی ناتوانێ لە دادگا بڕیار دەربکا یان تەسمیمێکی قەزایی بگرێ.

ژن بە پلەو پایەی قەزایی وەردەگیرێ بەڵام وەك موشاویر لە دادگادا خزمەت دەکاو لە دادگای بنەماڵەدا قازی پیاو بیرو بۆچوونیان وەردەگرێ. ژنان جیا لەوەی حەقی قەزاوەتیان نیە ناتوانێ بە داواکانی خۆشیان هەڵستنو لە زۆر بواردا داواو سکاڵایان بە هیچ کوێیەك ناگاو لەگەڵ گرفتی جۆراوجۆر وەك بێحقووقی، تەڵاقی زۆرەملێ، دانی ماف بە پیاو بۆ فرە ژنیو...... هتد رووبەروو دەبنەوە.

کاتێك لە شوێنی کار ژنان تووشی ئازاری جینسی دەبنو لەو رووەوە هەڵدەستن بە نووسینی داوا لەگەڵ ناکامیو ناهومێدی بەرەوروو دەبن، سەرەڕای هەوڵ دان بۆ گۆڕانکاری لە مەیدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسی لە چەند دەیەی رابڕدوو بەهۆی بیروباوەڕی سوننەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران ئێستاش دیاردە دروست کراو کۆنو دواکەوتووەکان لە زۆر بواردا لە دەروونی ئەو کۆمەڵگایە هەر ئاسەواریان ماوەو خۆیان دەنوێننو ئێستاش هەر پێیان وایە ژن دەبێ لە چوار دیواری ماڵدا بمێنێتەوە جیاکرنەوەی کاری ژنانو پیاوانو نابەرابەری لەسەر فێرکردنوبارهێنانو.... هتد کاریگەری مەنفییان هەبووە ئەونابەرابەریو ناعەداڵەتییە کۆمەڵایەتییانە لە سەر بنەمای ڕەگەزی پەرەگرتوو بووەو کاریگەریی لەسەر نەوەی داهاتوو دەبێ.

هەر بۆیە ئەگەر سیاسەت دانەران باوەڕیان بە یەکسانیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بێ دەبێ زیاتر لەوە گرینگی بە بازاڕی کار بدەن.

چونکە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی زاڵ لەو سێ دەهەی ڕابردوودا زۆرترین زیانی بە بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی گەیاندوە، تەعتیل بوونی دایەنگەکان حکوومیو غەیرەحکوومیو ناوەندی رێکخستنی بنەماڵەو خانەنشینی بە زوویی ژنانو پێناسە کردنی نەخشی دایکایەتی ئەو زەرەرو زیانانەن کە داوێنگیری ژنانی ئێران بوونەتەوە.

(زهرا ارزنی) وەکیلی دادگوستەریو چالاك لە بواری مافەکانی ژنان ئازاری جنسی لە شوێنی کاری ژنان تەئید دەکاو لە




ئێمەی ژن، خوازیاری مافی ئینسانیی خۆمانین

تەجرەبەی مووەکەلانیی‌ەوە دەڵێ: مووەکەلەم بووە کە قوربانی ئازاری جنسی لە شوێنی کار لە لایەن مودیری شەریکە بووە بەڵام بە هۆی نەبوونی پشتیوانی یاسا لە ژنان بۆ دەرخستنی بەڵگە بۆ سەلماندنی داواکانیان لە بەدوا داچوونی داوا ناکام ماونەتەوە، سەرەڕایی بوونی زۆری ئازاری جینسی ئاماری داواکان لە خوارەوەیە هەروەها (ازرنی) ئیشارە دەکاو دەڵێ: داوای زارەکی لەو بوارەدا زۆرن بەڵام داوای یاسایی بە کەمی بەرچاو دەکەون کە ئەو بێ‌دەنگی‌یە بۆ چوار هۆکار دەگەرێتەوە:

یەکەم: بە خاتری پاراستنی ئابڕووو شەخسیەتی چونکە هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا لەگەڵ ژنێك کە تووشی ئازاری جینسی دەبێ ئەوەیە کە پێش ئەوە لە داواکەی بپرسێ پەنجەی تاوان بۆ تاوانباری ئەو رادەکێشرێ‌و زۆر بێ‌عەداڵەتی‌یانە شاکی(داواکار)بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێ.

دووەم: هۆکار بۆ گیروگرفتی ئابووری‌و لە دەست چوونی پیشەکە، ئەو توندوتیژیە زۆرجار بۆتە هۆی لە دەست چوونی کارو پیشە.

سێیەم: هۆکار بۆ ئیمکان نەبوونی بە جێگیر نەبوونی داوا کەدەبێ قوربانی شاهیدی هەبێ یان بەڵگەیەکی راست‌و دروستی بەدەستەوە بێ، لە یاسای سزادانی ئیسلامی سزای تایبەت بۆ پەیوەندی جینسی ئیعدام‌و بەردباران یان ١٠٠ زەربە شەلاقەو لە کاتی زینادا ئەگەر(دخول) واتە پەیوەندی ژن‌و مێردایەتی رووی نەدابێ بە پێی مادەی ٦٣٧ لە یاسای سزادانی ئیسلامی سزای ٩٩ زەربە شەلاقە.

ئەگەر ئازاری جینسی بچێتە قۆناغی دەست درێژی بە عنف(توندوتیژی) لە سەلماندن‌و بەدواداچوونی ئەو جۆرە داوایانە لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو دەبن. چونکوو زۆرجار شاهیدی نیەو سەلماندنی ئەو دەستدرێژی‌یە بە عنف لە رێگای پزیشکی یاسایی ئاسان نیە، هەر بە پێی ماددەی ٦٣٧ ئەگەر ژنێك لە شوێنی کاری بە بەردەوامی بکەوێتە ژێر ئازاری جینسی‌و بتوانێ داوای خۆی بسەلمێنێ تاوانبار تەنیا سزای ٩٩ زەربە شەلاق یان جەریمەیەکی نەغدی دەکرێ. بە لێڵ بوردنەوە لە هەموو ئەو بێ‌عەداڵەتی‌و نارەسایانە دەتوانرێ هەموویان بۆ ئەو بەندە یاسایانە بگێڕینەوە کە بەسەر ژنانی ئێران دا سەپێندراوە.

کۆبوونەوەو رێ‌پێوانی ژنان لە مەیدانی ٧ی تیری تاران لە ٢٢ی خوردادو کەوتنە بەر ئازارو بێ‌حورمەتیی هێزە ئینتیزامی‌یەکان بۆ خواست‌و ویستێك بوو کە ژنان لەو سێ دەیەی رابردوو تاکو ئێستا هەولی بۆ دەدەن‌و خوازیاری گۆڕانکاری‌و لابردنی ئەو بەندە یاسایانەن کە رێ‌خۆشکەرن بۆ زۆر دیاردەی ناحەزو نابەجێ وەك فرەژنی کە بە پێی یاسای مەدەنی پیاو بۆی هەیەو دەتوانێ تا چوار ژنی هەبێ‌و هەرچەندی ژنی سیغەی هەبێ، هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو بەندە یاسایە کە مافی بە پیاو داوە بۆ تەڵاقی یەك لایەنە کە بە پێی یاسا پیاو هەرکات بیهەوێ دەتوانێ ژنی تەڵاق بدا بەڵام کاتێك ژن داوای تەڵاق دەکا دەبێ هۆکارێك هەبێ بۆ سەلماندنی لە هەڵسوکەوتی نابەجێ پیاو وەك نفەقەو ئێعتیادو....هتد کە زۆر جار ئیسبات کردنی(سەلماندنی) لە دادگا کارێکی گرانە.

هەر بۆیە ژنان ناچار دەبن لە زۆر مافی خۆیان وەك مارەیی‌و... چاوپۆشی بکەن، یان بێ‌بەش بوون لە مافی ولایەت‌و حەزانەت کە بە پێی یاسای مەدەنی دایك ناتوانێ سەرپەرستی منداڵ بکا هەتا ئەگەر باب‌و باپیریشی نەبێ تەنیا دەتوانێ لە ژێر چاودێری دادگا قەیوومی منداڵ بێ‌و مافی فرۆشتنی سەروەت‌و سامانی منداڵی نیە لە دوای تەڵاقیش تا تەمەنی حەوت ساڵ‌و دوای شووکردنەوە مافی سەرپەرستی نامێنێ، داوا کردنی ژنان لە مەیدانی ٧ی تیری تاران بۆ بەرابەری لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش‌و لابردنی ئەو جیاوازی‌یە کە لە تەمەنی زەواج بە پێی قانون بۆ کچ ١٣ ساڵ‌و باب دەتوانێ پێش ١٣ ساڵیش کچ بە شوو بدا، هەوڵ دان بۆ لابردنی ئەو یاسایە کە رێگە بە پیاو دەدا کەوا تداخل لە کاری ژن بکاو سەربەخۆ نەبوونی ژنانی هاوسەردار لە مافی هاوڵاتی چونکە بە پێی یاسای مەدەنی لە کاتی زەواج ژنان هاووڵاتی مێرد وەردەگرن‌و تا کاتی مانەوە لە لای ئەو هاووڵاتیان دەبێ، چونکە بە پێی یاسای ئێران هاووڵاتی باوك بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە، هەتا ئەگەر ژنێکی ئێرانی لە ناو ئێرانیش دا لەگەڵ پیاوێکی خاریجی ژیانی هاوبەش پێك بهێنێ. هاواری ژنان بۆ گۆڕانکاری لە تەمەنی سزا دان کە بە پێی یاسا بۆ کچ ٩ ساڵی قەمەری‌و بۆ کوڕ ١٥ ساڵی قەمەریەو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کچێکی ٨ ساڵەو وەك کەسێکی ١٨ ساڵ سزایەکەی لەسەر بەڕێوە دەچێ بە ئیستسنای ئەوە کە لەو ماوەیەدا دەبێ لە زیندان دابێ تا دەگا بە تەمەنی ١٨ ساڵی ئەو کات سزاکەی لە سەر جێ‌بەجێ دەکرێ.

ئەو داخوازیانە بەشێك بوون لەو داخوازیانەی کە ژنان لە مەیدانی ٧ی تیری تاران، رێ پێوانیان بۆ کردو کەوتنە بەر هێرشی نیروی ئینتزامی‌و سەرکوت‌و بێ‌حورمەتیان پێ‌کرا. گومان لەوە دانیە کە ژنانی ئێران لە کۆڵان‌و شەقام‌و ئیدارەو زانکۆو شوێنی کارو هەموو شوێنە گشتی‌یەکان بێ‌دەنگ نین‌و نارەزایەتیی خۆیان بە هەر شێوەیەکی مومکین دەردەبڕن. چاو لێ‌کردنی ژنان وەك هاووڵاتی دەرجە دوو بە مانای نەفی جمهوری ئیسلامی‌یە چونکە مەسەلەی ژن لە ئێران دا بە سیستمی عەسەبی ئەو نیزامە گرێ دراوەو ئەگەر ئاڵوگۆڕ لە وەزعی یاسا بە قازانجی ژن لە ئێران دا نەکرێ گومانی تێدا نیە کە ژنان لە داخوازی‌یەکانیان واز ناهێنن تا بە چۆك داهاتنی رژیم کۆڵ نادەن.

سەرچاوە: سایتی "کانون زنان"

## د. ڕۆئیا تلووعی، چالاك لە بواری مافەكانی مرۆڤدا:

# تەواوی ئەو فاكتەرە كولتووری‌یانە كە دژ بە ژنن، هەموویان دەبێ چاكسازی بكرێن

هەڤپەیڤین: ڕەسووڵ سوڵتانی

**ـ د. ڕۆئیا تكایە سەبارەت بە پێگەی مێژووی ژنانی كورد بۆمان بدوێن؟**

ـ لەگەڵ سڵاوو ڕێزم بۆ ئێوەی بەڕێز. سەبارەت بە پێگەی مێژووی ژنانی كورد، دیارە ناچارین پەنا بەرینە بەر ڕێفرێنسە مێژووی‌و سەرچاوە مێژووی‌یەكانمان. لە سەرچاوە مێژووی‌یەكانمان تا ئەو جێگەی كە"بررسی" كراوە بەداخەوە ژنی كورد جێگەی كەم دیارە. زۆرتر مێژوو سەبارەت بە پیاوانی كورد بە تایبەت سەرداران‌و شۆرشگێڕان‌و پاشایان‌و ئەمیران، ئەوەشی كە باسی ژنی كوردی تێدایە بڕێك لەو ڕۆژهەڵات ناسانەن وەكوو نیكتین‌و ئەوان كە هاتوونەتە كوردستان‌و باسی ژنانی كورد ئەكەن زۆر بە جوانی لێی ئەدوێن. ئافرەتگەلێكی ئازاو بوێر كە هەمان (مسئولیت‌و هەمان)و هەمان( تكلیف‌و حقوق) پیاوانیان بووە. ئەڵێن كە زۆر ڕووخۆش بوون، زۆر"پاكدامن" بوون، فەحشایان تێدا نەبووە، لە چاو نەتەوەكانی دیكە زۆر ئازاتر بوون،"حجاب"یان بەو شێوە نەبووە. خاتوو"مەهاباد قەرەداغی" لە وتارێكی دا بە نێوی" مێژووی ژنی كورد لە چەقەوە تا پەراوێز" ئەڵێ: ئەو ژنانەی كە ئەو ڕۆژهەڵات ناسانە دیویانە ژنانی كێو بوون نە ژنانی دەشت، ئەڵێ:" ژنانی كێو هەروا ئازا بوون بەڵام ژنانی دەشت بەو ئازایەتی یەو بەو چالاكی یە بوون". ئەوەش بۆخۆی نەزەرێكە. بەهەرحاڵ نەزەری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەتەنیا "نیكتین" نیە، "ئێدمۆند"و چەند كەسێكی تریش هەن كە ئەلێن: بەش بەحاڵی خۆم وەك ژنێكی كورد شانازی ئەكەم بە مێژووی ژنانی كوردو ژنانێكی كوردی قارەمان‌و سەركەوتووشمان تێدایە كە ناویان بە زۆری ئەبردرێ‌و تەنانەت ئەو شتێكە من حەزم لێی بێ." ڕۆژین بەدرخان" یەكەم ڕۆژنامەنووسی ژنی كورد كە لە كۆنفرانسی "دژ بە كۆلۆنیالیزم" بەشدار بووەو زیاتر لە ١٠ كتێبی بووەو ژنانی تریش كە هەموویان بە ناوبانگن." عادلە خانم"و"حەفسە خانی نەقیب"و... لەوە ئەچێ كە لە مێژوودا پێگەی ژنی كورد بە پێی ئەو شتەی كە ڕۆژهەڵات ناسان گوتویانە پێگەیەكی باش بووبێ.



**من شانازی بە فیمینیزم بوونمەوە دەكەم‌وفیمینیستیش تاریفەكەی بەو شێوە ئەزانم كە هەر مرۆڤێك باوەڕی لەسەر ئەوە بێ كە ژن بە هۆی ژن بوونیەوە تووشی هەڵاواردنی جینسیەتی ئەبێ، بەهۆی ژن بوونیەوە سەركووت ئەكرێ، ستەمی لێ‌ئەكرێ وە هەوڵ بدات ئەو ستەم‌و ئەو هەڵاواردنە لابا ئەمە فیمینیستە**

**ـ جەنابتان وەكوو ژنێكی فیمینیست كە دیارە شانازی بە فیمینیزم بوونی خۆشتانەوە دەكەن چ تاریف‌و پێناسەیەكتان بۆ فیمینیست هەیە؟ پاش ئەو پێناسە بڕێك لە بارەی مێژووی ئەم ڕەوتەوە كە لە كەیەوە دەست پێ‌دەكاو ئێستا لە چ بارودۆخێكدایە بۆمان بدوێن؟**

ـــ بەڵێ، من شانازی بە فیمینیزم بوونمەوە دەكەم وە فیمینیستیش تاریفەكەی بەو شێوە ئەزانم كە هەر مرۆڤێك باوەڕی لەسەر ئەوە بێ كە ژن بە هۆی ژن بوونیەوە تووشی هەڵاواردنی جینسیەتی ئەبێ، بەهۆی ژن بوونیەوە سەركووت ئەكرێ، ستەمی لێ ئەكرێ وە هەوڵ بدات ئەو ستەم‌و ئەو هەڵاواردنە لابا ئەمە فیمینیستە.

بەڵام لەسەر مێژووی فیمینیزم قسە زۆرە بڕێك كەس دەڵێن فیمینیزم ئەگەڕێتەوە بۆ دەورانی زۆر كۆن، بڕێك كەسیش ئەڵێن نا، مێژووی فیمینیزم ئەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی مەزنی فەرانسەو لەوە بەدوا هەولی ژنەكان دوای ئەوەیە كە مافی مرۆڤ دابین كرا، ئەوانیش هاتن مافی ژنانیان دابین كردو لەو كاتەوە كە خاتوو"ئۆلۆم دوگوش" چوو پەیماننامەی مافی ژنی بردە بەر كۆمۆنی پاریس ئەوە بوو كە سەری خۆی لە گیۆتین درا، نەگەیشتە كورسی پارلمان، بڕێكیش دەی‌گەڕێننەوە بۆ پێش ئەویش ئەو ئافرەتانەی كە لەسەر كێشەی ژن نووسیویانە.

خودی وشەی فیمینیزم سەرەتا بە كار هاتووە بۆ نەخۆشیەكی جەستەیی‌و جنسیی پیاوان، بۆ ئەو پیاوانەی كە لە جەستەیان دا تاییەتمەندیی ژنانەیان هەبووە سەرەتا بە بزاڤی ژنانیان نەوتوە فیمینیزم بەڵام لە دوایی دا، زۆر دوای شكڵگرتنی بزاڤی ژنان وشەی فیمینیزم بەكار هاتوەو ئەمڕۆ بۆتە شتێكی ئاسایی كە ئیتر بۆ تەواوی بزاڤی ژنان بە كار ئەچێ هەر چەند بۆ بزاڤی ئاشتی خوازی ژنان‌و بڕێك بزاڤی تریان جێگەی

پرسیاره کە ئایا دەتوانین بەوانەش بڵێین بزاڤی فیمینیستی یان نا؟؟

**– ئاستەنگو گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای گەشەسەندنی بزاڤی ژنان لە کوردستانی ئێران چۆن دەبینن؟گرفتەکانی بەردەم ئەم بزاڤە چین؟**

– سەرەکی ترین گیروگرفتەکانی، تێکەڵاو بوونی دینو دەوڵەتە. کاتێك کە ئایین بۆتە کەرەستەو ئەبزارێك بۆ حکومەت کردن دیارە بەو شێوەیە ئازادییەکانی ژن یان لێ سەندوٚتەوەو بە پێی ئایدیۆلۆژیای ئایینی ژنیان بە نیوەی پیاو حەسێب کردوە و زۆر لە مافەکانی پێشێل کراون. دەسەڵاتی ئایینیش بێگومان پێی خۆش نیە ژنان ئاگادار بن و زانست و هۆشیارییان بچێتە سەرو ڕێگەو گەشەیان لێ ئەگرێ. ئەوە سەرەکیترین گرفتە. دوای ئەوە کەلتوورەکان و نەریتەکان کە ئەمانە سەرچاوەی هەمووان لە سیستمی پیاو سالارییە، ئیتر وای کردوە کە، کەلتووری کۆمەڵگاکەشمان ڕێگری لە ژنان دەکا تەنانەت ئەتوانم بڵێم ئێمە لە ڕووناکبیرەکانیشمان دا ئەم کێشەمان هەیە. فیکری پیاو سالاری چەقی بەستوە لە مێشکیان دا. ئێستا، من هەمیشە ئەوەم گوتوەو دەیڵێمەوە، ئێمە ئەوەندە کێشەمان لەگەڵ پیاوە روناکبیرناکانمان هەیە کەلاف بە فیمینیزمەوە لێ ئەدەن، ئەچنە ماڵەوە لە ژنەکەی خۆیان ئەدەن، یاخود ئەو کاتەی تۆیان بە ژنی چالاك قبوولە کە لە ژێر ڕکێفی دەستووراتی ئەوانی بێ حەوانەیە ئەوەندە کێشەمان لەگەڵ پیاوە ئاسایی یەکانی کۆمەڵگادا نەبێ. بۆیە دەڵێم پیاو سالاری لە فکری پیاوەکانمان دا چەقی بەستوە.

**– ژنان دەبێ بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە دەبێ چ بکەن و چ ڕێگایەك بگرنە پێش؟**

– ژنان بە بڕوای من پێویستە یەکەم ئاستی زانیاری خۆیان بەرنە سەر، بە خوێندنەوە، کاری فکری و فەرهەنگی دەست پێ بکەن. تیۆری فیمینیستی دابڕێژن. بخوێننەوە بزانن زانایانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە فێمینیزم چ دەڵێن. دۆخی خۆیان چیە؟ چۆن ئەتوانن ئەمانە لەلای یەکتر بچنن؟ چۆن بێگومان تەواوی ئەو شتانە کە بۆ ڕۆژئاوایی یەکان ئەگوترێ ناتوانێ کێشەکانی ئێمە چارەسەر بکا. ئەوان ئێستا چەند قۆناغ لە ئێمە لە پێشترن. زۆر شتیان تێ پەڕاندوە کە ئێمە جارێ خەونیشی پێوە نابینین، ئەوەیە کە ئەو ئاستی زانیارییە زۆر گرنگە. فێرکاری ژنان زۆر گرنگە و تەنانەت پیاوانیش دەبێ تێبگەن لە مافەکانی ئینسانێك و ژنیش وەك مرۆڤێك بتوانن سەیر بکەن. لابردنی هەڵاواردنی جینسی هەر لە نێو بنەماڵەکانەوە

**یەکەم، ئازادیی ژن یانی ئازادیی فیکری ژن، ئازادیی فیکریش گرنگترین شتە کە من فکرم رزگار بوو دەتوانم زۆر لەو شتانە کە، تابۆن رزگار بکەم، ئەتوانم بە جوانی فکر بکەمەوە کە چ ڕێگایەك بۆ ژیانم دروستە تا هەڵی بژێرم**

زۆر گرنگە. بۆ ئەوانەش دەبێ ئێمە چەمکی هەڵاواردنیش لە خوێندنگاو کتێبە دەرسی یەکانیش دا بسڕینەوە. لە بنەماڵەوە دەست پێبکەین تا دێینە نێو کۆمەڵگا. ئەوەش کە ژنان بتوانن باوەڕیان بە خۆیان بێ، ئیمان بێنن بەوە کە ئەتوانن کار بکەن، ئەوەش هەنگاوێکی گەورەیە. یەکگرتوویی ژنان بۆ ئەو مەسەلەیەو تەنانەت هەوڵە تاکە کەسیەکانیش بە لای منەوە پیرۆزن.

**– باستان لە ئازادی ژنان کرد. ئێوە ئازادی بۆ ژنی کورد چۆن پێناسە دەکەن؟ ئەو ئازادیەی ئێوە بۆ ژنی کورد داوای دەکەنو خەباتی بۆ دەکەن چ جیاوازییەکی دەگەڵ ئازادیی ژنی ڕۆژئاوایی هەیە؟**

– یەکەم، ئازادی ژن یانی ئازادی فیکری ژن، ئازادی فیکریش گرنگترین شتە کە من فکرم رزگار بوو دەتوانم زۆر لەو شتانە کە تابۆن رزگار بکەم، ئەتوانم بە جوانی فکر بکەمەوە کە چ ڕێگایەك بۆ ژیانم دروستە تا هەڵیبژێرم. بێگومان ئەوەش کە دەڵێن لە ڕۆژئاوا ئازادی جلو بەرگو رووت بوونەوەیە. من خۆم چووم واش نیە. ژنانی ئەوێش ئەوە نی یە کە هەر رووتو قووت بینەوەو بێ ئەخلاقی بکەن، اتفاقا، زۆر ئەخلاقمەندیشیان تێدا هەیەو ژیانێکی بە قانوونیان هەیە. ئازادی ژنی کوردیش هەم ئازادی فکری کوردە، وەدیهاتنی مافەکانی ژنی کوردەو هەم ئازادی نەتەوەی کوردیشەو بەدیهاتنی مافەکانی نەتەوەی کوردیشە.

**– یانی پێتان وایە بەدیهاتنی مافی ژنو دابینبوونی ئازادی ژنان کۆمەكو یارمەتیدەرێکە بۆ سەقامگیر بوونی ئازادیو دێموکراسی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری دا؟**

— بەڵێ. "دقیقا" ئازادی کوردستان، رزگاری ژنی کوردە.

**—— جەنابتان هۆکاری خۆکوژیو خۆسووتاندنی ژنان کە ئێستا وەك دیاردەیەکی درێو لە نێو کوردستان دا پەرەی گرتوە، پێتان وایە چۆن سەری هەڵداوەو چۆن چارەسەر دەکرێ؟**

– بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە کرا بوونو هەروەها خۆم لە سەری ئیشم دەکرد خۆسووتاندنی ژنان کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران دا بەرزترین پلەیان هەیە یانی سێ پارێزگای ئیلام، کوردستانو کرماشان، بە نۆرە پلەی یەکەم تا سێهەمیان هەیە لە بارەی خۆکوژی ژنانو بە تایبەت خۆسووتاندن. ئەو هۆکارانەش کە (بررسی) کرا بوون کێشەی ئابووری، گرفتی نێو بنەماڵە، توندوتیژی دژ بە ژنان، نائومێدیو یەئس لەو فاکتەرەکان بوون کە هۆکاری خۆکوژی ژنان بوو.تەنانەت من مەوردێکم دی ناوی"وریشە" بوو، ئاوات ئەخوازم رووحی هەمیشە شاد بێ، ژنێکی ١٥ ساڵەی مەریوانی کە خۆی سووتاند بوو.

ئەو ژنە ٩٠٪ی جەستەی سووتا بوو. پێش مەرگی مـن دیـتم و گـووتی تۆزقـاڵێکیش پەشیمان نیم چونکە ڕزگارم بوو بە دەست ئەم ژیانەوە، پەشیمانیش سوودی نیە، بەس بە دونیا ڕاگەیەنە ئەوەندە مێردەکەم لێی داوم لە داخ مێردەکەم خۆم کوشت مەهێڵە ناوەکەم وەسڕێ، ئەوەندە ژنێکی ڕۆمانتیك و جالب بوو، ئێستەش کە دەیلێم من مووچڕکە بە بەدەنم دادێ و ناراحەت دەبم. وریشە ٤ مانگ بوو شووی کردبوو. چوار جار تۆرا بوو لە تاو ئازارەکانی مێردەکەی. بەڵام باوکی هەر ناردبوویەوەو گوتبووی دەبێ هەر بەو ژیانە درێژە بدەی، ئەمە چارەنووسی تۆیە کە دیبووی خەلاسی نیە بەدەس ئەم چارەنووسەوە خۆی سووتاند تاکوو نەجاتی بێ. ئەمە جۆرێ دەنگی ناڕەزایەتی یە، بەڵام بۆم گرینگ بوو بزانم ئەمە هەموو ڕێگەی مردن هەیە، بۆچی ناخۆشترین ڕێگە؟ بۆچی ئاگر؟ لێکۆڵینەوەکەی من بەوە گەیشتم کە ئاگر لە نەفس و زاتی ژنی کورددا بوونێکی بەردەوامی هەیە. ژنی کورد هەمیشە ئامادەیە بۆ مردن لە ڕێگای نێرینەی بنەماڵەدا. "ئەی دایکت بمرێ"، "ئەی خوشکت بمرێ". لەو لاوە لە ناو ئێمەدا باوە ئەگەر ناراحەت دەبین دەڵێین: "خۆم بسووتێنم"، "ڕەبی گڕت تێبەربێ". لە لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتمە منداڵێکی ٣ساڵان کە خۆی سووتاند بوو مرد بوو. بۆ چی؟! لە سەر جووتیك گۆرەوی، گووتبووی بۆ براکەمتان کڕیوە، بۆ من نەکڕن خۆم دەسووتێنم، سەماوەری ئاوی کوڵیوی بەسەر خۆیدا کردبوو. منداڵێکی ٣ ساڵان ئەگەر وتەی "خۆم دەسووتێنم" گوتارێکی زاڵ و پەیڤێکی زاڵ و باو نەبێ لە نێو بنەماڵەکەی دا چوزانێ خۆی بسووتێنێ؟ ئەوەندە ئەم جۆرە شتانەی بیستوە بۆیە!! پیرەژنێکی ٧٠ ساڵە خۆی سووتاند بوو، نەشی توانی بوو بە تەواوی خۆی بسووتێنێ. لە برسان دەیگوت هیچ نەبوو بیخۆم. باشە ئەمانە بۆچی کە شتێك روو ئەدا لەڕێوە دەچن بەلای پووتە نەوتەکەدا؟ کە پرسیارم کرد، ئەمانە کە قەیرانەکە گەیشتە لووتکە، بیر لە هیچ شتێك ناکەنەوە. نازانن بۆچی؟ نازانن بۆچی ڕێگەیەکی تر هەڵ نابژێرن، بۆ وێنە، قورسی بخۆن یان خۆهەڵواسین یا زۆر ڕێگایی تر. بەڵام چونکە ژنی کورد هەمیشە حازرە بۆ مردن و ئاگرەکە لە نەفسیدا هەیە، خێرا، بێ دلیل، ڕائەکەن بۆ پووتە نەوتەکە.

**- بەڕای ئێوە ڕێگەی چارەسەری چیە؟**

- دیارە ئەبێ بارودۆخی ژیان بۆ ژن چاك بکرێ کە ژن نەگاتە ئەو ئاکامەی بۆ ڕزگاری لەم ژیانە تەنیا دەبێ بمرێ بە مردن خەلاسی ببێ. تەواوی ئەو فاکتەرە کولتووریانە کە دژ بە ژنن هەموویان ئەبێ چاکسازی بکرێ بە پێی بەرژەوەندی ژن. بۆچی "وریشە" ئەبێ هیچ پەناهێکی نەبێ؟ ئەگەر یاسایەك ببوایە، ئەگەر پشتیوانێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی ببوایە کە ئەو بیتوانیایە پەنای بۆ بەرێ ناچار بە خۆ سوتاندن نەدەبوو.

- ئەو یاسایە ئەبێ پیاو بینووسێ یا ژن بۆ خۆیان دەبێ تەرحی بکەن، بیخەنە روو بیسەپێنن.

- ژنان ئەبێ بۆ خۆیان داوای بکەن و پیاوانیش دەبێ هاوکاریان بکەن.

**- پێگەی ئێستای ئافرەتی کورد بە گشتی چۆن دەبینی؟**

- ناتوانین یەك پێگە بۆ تەواوی ئافرەتی کورد پێناسە بکەین چونکە کورد چوار پارچە کراوە.

**- لە کوردستانی ئێران چۆنی دەبینن؟**

- لە خراپترین وەزع دایە، لەچاو پێگەی ئافرەتانی دیکەی پارچەکانی کوردستان. ئەبینی لە باکوور بزووتنەوەیەکی باش هەیە. دیارە دێموکراسی تورکیا دێموکراسیەکی تەواو نیە بەڵام ئەوەی کە من دیتم لانی کەم ئازادی ئەوەیان هەیە ئەوەی لە دڵیاندایە دەری بڕن. لەسەر ڕۆژنامە وەك ئێمە ئازار نادرێن، ئەو ئەتوانێ ئاڵای نەتەوەی خۆیی هەڵ بکاو تەنانەت جل و بەرگەکەشی شکڵ و ڕەنگی ئاڵا بێ بەڵام من (زنجیر و پلاکی مل بە شکڵی کوردستان) بە قاچاخی دەکڕم، بە هێواشی دەیخەمە ملم و ناوێرم دەری بخەم. ئافرەتانی باشووریش NGO یان هەیە، خەریکی چالاکین، ئەزموونەکەیان گەنجە بەڵام هەر چوونەتە پێش، بە داهاتوویان گەشبینم. ئەو ئازادیە ئەوان هەیانە ئێمە نیمانە. لە NGO بیانیەکان خەریکن یارمەتی وەردەگرن، شتیان لێوە فێر دەبن. ئەو دەرفەتە بۆ ئەوان هەیە بۆ ئێمە نیە. ئافرەتی ڕۆژهەڵات کەوتۆتە نێو بازنەیەکی نەریت و ئایین و ئایدۆلۆژیاو باوك سالاریەکی زۆر پتەو کە دەرفەتی هەناسە کێشانیشی لێ بڕیوە. ئێمە لە وڵاتێك داین کە هەر ماوە، "وزارت ارشاد"، بڵێ بێن بۆ هەناسە کێشانیش ئیجازە بگرن، بۆ هەموو شتێك ئەبێ ئیجازەی ئەوانی لەگەڵ بێ.

**- بزاڤی ڕوناکبیری و فیمینیستی ژنان تا چەندە لە خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەکەی دایە؟**

- پرسیارێکی سەختە چونکە برێك لە ژنەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە بزاڤی فیمینیستی چ پەیوەندیەکی بە نەتەوەوە هەیە؟ ئێمە ژنین و ئەبێ ئێمە ئیشی خۆمان بکەین بەڵام کەسانێك وەك خاتوو "مەهاباد قەرەداغی" تەنانەت خاتوو "کازیوە ساڵح" بۆ خۆشم (بە پێکەنینەوە) لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەگەر ئێمە نەتەوەکەمان ڕزگار نەبێ ئێمەش وەك ژن هەر کۆیلە تێدا بژی، ژنی کورد ڕزگار نەبووە. ئەگەر تەواوی یاسای ئەو دەوڵەتانەی دەسەڵاتیان بەسەر کورددا هەیە بە بەرژەوەندی ژن چاك بکرێ، ئەسڵەن، ژیان ببێ بە بەهەشت بۆی بەڵام وەك کورد چەوساوە بێ و مافەکانی وەدی نەهاتبێ دیسان ژنی کورد ڕزگار نەبووە. من ئەو دوو بزاڤە جیاواز لە یەکتر نابینم بەڵام پێویستە کاری فکری بۆ بکرێ و بەیەك نەفەریش جێبەجێ ناکرێ تێئۆری فیمینیستی دابڕێژرێ.

**- چ پێشنیارێکت بۆ لایەنی ڕووناکبیری و ڕێکخراوە سیاسی و ڕوناکبیریەکانی کوردستان هەیە؟ وەك دوایین وتە؟**

- پێشنیارم ئەوەیە کە مەودا بدەن کە ژن ببێ. ئەوەندە دەستوور بە ژن نەدەن، ئەوەندە ئینتیزاریان نەبێت کە ژن ئەبێ حەتمەن ئەو شتە بێ کە ئەوان بۆی (دیکتە) ئەکەن. ژن یان بە ژن بوونی خۆیەوە قبووڵ بێ، بهێڵن با خۆی لە خۆی بدوێ. پێویست ناکا کە ژن بە (ناقص العقل) دابنێن و حەتمەن ئەبێ پیاوێك ئامۆژگاری بکا. بهێڵن زمانی ژنانەش شکڵ بگرێ و یارمەتی ژنان بدەن، یارمەتیان بدەن یان نەیدەن ژنان مافی خۆیان هەر دەستێنن کەوا بوو باشتر وایە یارمەتی بدرێ نە ئەوە کۆیلە بکرێن.

***



# کچانی لە ژیان بێبەشکراو

زیبا سەروەری

لە رێکەوتی یازدەی مانگی مەی، لە کانالی تلویزیۆنی یەکی سوید، دۆکیومێنتێکی گەلێك سەرنج راکێشی بڵاوبۆوە. لەو دۆکیومێنتەدا، دابەزینی رادەی لە دایك بوونی منداڵی کچ لە بەرانبەر منداڵی کوڕ دێتە بەرباسو لێکۆڵینەوە. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە باکووری ئاسیادا کراون، هەر ئێستا لە وڵاتانی چین، هیندو پاکستان رێژەی کچ لە بەرانبەر کوڕدا نیزیکەی سەد ملیۆن هاتۆتە خوار. ئەو مەسەلەیە لە لایەن کۆمەڵناسانو پسپۆڕانی ئەو وڵاتانە وەك مەترسییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی سەیری دەکرێ.

لە وڵاتی چین بنەماڵەکان بۆیان نیە زیاتر لە یەك منداڵیان هەبێ، دایكو باوکان بە تایبەت لە دێهاتەکان ناخوازن تاکە منداڵەکەیان کچ بێو هەر بۆیە زۆر جار کچەکە دەکوژن بەو هیوایە کە منداڵەکەی تریان کوڕبێ.

لە پاکستانو هیند ژنێك کە کوڕی نەبێ بایەخێکی ئەوتۆی لە نێو بنەماڵەدا پێنادرێو ژنە کە هەست بە مەترسی دەکا کە مێردەکەی ژنی بەسەر بێنیێ. دیاردەیەکی هاندەری کۆمەڵایەتی ئەم کەلتوورە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی زانستو زانیاری دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتنی جینسی منداڵ. چونکە تێگەیشتنی گشتی ئەوەیە کە دایك دیاریکەری جینسی منداڵەو ئەگەر کچی بێ وەك ئەوەیە کە دایکەکە تاوانێکی کردبێ.

یەکێك لە هۆیەکانی زاڵ بوونی بیری کوڕخوازی دەگەڕێتەوە سەر خراپی باری ئابووری خەڵکی گوندەکانی ئەو وڵاتانە. لەو وڵاتانەدا کوڕ ئەرکی بەخێو کردنی بابو دایکی لە سەر شانەو میرات گری بابو باپیرانیەتی، کچ تەنیا وەك بار گرانیو قورسایی سەر بنەماڵە چاوی لێ دەکرێ.

لە هیندو پاکستان کاتێك کچێك شوو دەکا ماڵی زاوا مەرج دادەنێنو دیاری دەکەن کە بووك چەندە جیا لەگەڵ خۆی بێنێ. ئەگەر کچەکە جیازی زۆر لەگەڵ خۆی نەبا بە چاوی سووك سەیری دەکرێ.

لایەنی ئابووریو بارگرانی ژیان هۆیەکی سەرکییە کە کۆمەڵگە تێڕوانینێکی مەنفی بەرانبەر بە هەبوونی کچی هەبێ. ئەم جۆرە تێڕوانینە دەبێتە هۆی منداڵی کچ نەخوازراو بێو هێندێك جار کاتی لە دایکبوون یان دواتر بە دەستی کەسێك لە ئەندامانی بنەماڵە لە بەین ببردرێ.

زۆرجار تەنانەت ژن لە ژێر زەختو زۆری مێرد یان خەسوو ناچار دەبێ کە





بەدەستی خۆی کۆرپەلەی دوای لە دایکبوون بخنکێنێ. ئەو کردەوەیە کاریگەری ناخۆشی رووحیو رەوانی بۆ ئەو ژنانە بە دواوە هەیە، چونکە ئەو دایکانە هەرگیز ئەم کردەوە سامناکە لە بیر ناکەنو خۆیان بە تاوانبار دەزاننو روحییان لە ئازارو ئەشکەنجە دایە.

ئێستا کە تێکنۆلۆژی بەرەوپێش چووە، ژنانی هیند پێویست ناکا نۆ مانگ چاوەڕێی بە دونیا هاتنی منداڵەکانیان بنو تەنانەت لە زۆر جێگای سۆنۆگرافی بە تابلۆی ڕازاوەو ڕەنگین نووسراوە: وەرە ئەمرۆ پێنج سەد رووپی بدە تاکو لە داهاتوودا لە دانی پەنجا هەزار رووپی رزگاریت بێ. ئەوە بەو مانایەیە کە بە سۆنوگرافی کردن جینسی منداڵەکە دیاری دەکرێ، ئەگەر کچ بێ ژنەکە دەتوانێ لە بار خۆی بەرێو لە کڕینی جیازی زۆری داهاتو رزگاری بێ. دەردەکەوێ کە تەنانەت زانستو تێکنۆلۆژیش بەشدارییان هەیە لە دیاردەی کەلتوورە ناحەزەکان و دەستیان هەیە لە بەرگری کردنی لە دایکبوونی منداڵانی کچ. هەروەها یاساش بەشداری ئەم تاوانەیە چونکە سزا و بڕیارێکی کاریگەری لە دژی ئەو دیاردە دژ ئینسانییە نەداوەو ئەم کردەوەیە بەردەوام پەرە دەستێنێ.

دابەزینی ژماری کچ بە نیسبەت کوڕ بۆتە هۆی مەترسی و نیگەرانی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی ئەو وڵاتانە. کەم بوونی ژن بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر لە کوڕانی گەنجی هەندێك لە گوندەکان ژنیان دەست نەکەوێو پەنا بەرن بۆ ئەلکۆڵ و ماددە سڕکەرەکان. کەم بوونی ژن لە داهاتوودا مەترسی گەورەتریشی بە دوا دا دێ و زەرەر و زیانێکی زۆری هەیە بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و باڵانسی سروشتی ژیانی کۆمەڵگە تێك دەدا. پەرەساندن و گەشە کردنی هەموو کۆمەڵگەیەك پێویستی بە دوو جینسی ژن و پیاو هەیە، چونکە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن و کەم بوونی هەر کامەیان شوێنەواری خراپی رەوانی و رووحی بە دوادا هەیە.

ئەو دۆکیۆمێنتە بە جۆرێك وەبیرهێنەرەوەی ئەو دیاردە ناحەزانەیە کە لە وڵاتی ئێمەش پیاو سالاری و پارە و ماددییات چەندە دەوری هەیە لە سەر چارەنووسی کچانی نامراد و ژنانی چارەڕەش. کاتێك دەڕوانینە داب و نەرێتی وەك ژن بە ژن، گەورە بە چووك، مارەیی و شتی لەم بابەتە دەردەکەوێ کە بۆچوون و روانگەی ماددی لە سەر ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەش دا زاڵە.

جیاز لە وڵاتی ئێمەش قورسایی خستۆتە سەر شانی بنەماڵە و رۆژی دوای بە بووك بردنی کچ بنەماڵەکان بە شانازییەوە جیازەکە نیشان دەدەن، بەو مەبەستە کە بایەخی کچەکانیان بەرنە سەر!

کاتێك بیری گۆڕینەوەو بە پارە هەڵسەنگاندن لە کۆمەڵگەدا زاڵ بێ، لە ئەرزیشی مەعنەوی و ئینسانی ژن کەم دەبێتەوەو تەنیا لە روانگەی ماددی سەیری دەکرێ. لە کۆمەڵگەیەك کە ژن وەك کەرەسە بۆتە ئامرازی مامەڵە پێیکردن و قیمەتی پوولی لەسەر دادەندرێ، بایەخی ئینسانی خۆی وەك مرۆڤ لە دەست دەداو زۆڵم و زۆری لێ دەکرێ.

بۆ پەرەساندنی بیری ئەرزشی مەعنەوی و ئینسانی ژن، گرینگە هەوڵ و تێکۆشان هەبێو زۆر بە راشکاوی لە دژی ئەو جۆرە دیاردەو بیر و کردەوانە هەڵوێست بگرن.

# ١ی ژوئەن رۆژی جیهانیی منداڵان

خەدیجە مەعزوور

لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی دا بە هەڵو تێکۆشانی "فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی ژن" و "یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوان" رۆژی ١ی ژوئەن وەک "رۆژی جیهانی منداڵان" دیاری کرا کە هەر ئەو کات زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان پشتیوانییان لێ کرد. رۆژی ١ی ژوئەن لە لایەک بە مەبەستی یارمەتیکردن بە منداڵان لە بوارەکانی پەروەردەو بارهێنان، لەشساغی، ئابووری، بردنە سەری ئاستی فیکری لە سەرانسەری جیهان داو لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ئەو رۆژە هەلێک بێ بۆ دەرخستن و نیشاندانی توانا و داهێنان و ئیستعداد و ویست و داخوازەکانی منداڵان دیاری کراوە.

دامەزرانی (Unicef) کە سەر بەر رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەموو ساڵی راپۆرتێک لەسەر وەزعی منداڵان لە سەرانسەری دونیادا بڵاو دەکاتەوە. بەو حاڵەو بەتێپەر بوونی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بەسەر تەمەنی کارو تێکۆشانی ئەم رێکخراوەیەدا، بە چاوخشاندن بە راپۆرتی ساڵانەی ئەو رێکخراوەیە تێدەگەین کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە شێوەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ منداڵان لە وڵاتانی جیهان، تەنانەت لە وڵاتە پیشەیی و پێشکەوتووەکانیش دا پێک نەهاتوە. تەنیا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە چالاکی(Unicef) تا ڕادەیەک توندو تۆڵتر بووەو زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکا کە منداڵان پێویستیان بە دابین بوونی مافە تایبەتی‌یەکانی خۆیان هەیەو دەبێ سەرنج و بایەخیان بدرێتێ. دەنا هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن(Unicef)ەوە لەسەر هەڵسوکەوتی نادروست لەگەڵ منداڵەوە دەدرێن، زەمانەتی ئیجرایی یان لە هیچ وڵاتێک دانییە. زۆرجار رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵانە چەند وڵاتێک بە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی منداڵانەوە مەحکووم دەکا، ئەم مەحکووم کردنە کارێکی باشە، چونکە دزێویی ئەو شێوە رەفتارانە بە نیسبەت منداڵان نیشان دەدا. بەڵام بەو حاڵەش ئەم مەحکووم کردنانەش لەو بوارەدا ماهییەتی ئینسانەکانی لە پێوەندی لەگەڵ رەفتار لەگەڵ منداڵان دا نەگۆڕیوە.

ئەو فریشتە چکۆلانە بەهۆی کەم تەمەنی‌یەوە بەرگەی زۆر چەرمەسەری و چەوسانەوە ناگرن و هەر زوو زەبر لە جەستەو هەستیان دەدرێ. هەر بۆیە منداڵ پێویستی بە پشتیوانیی و ئامۆژگاریی و گەورەکان هەیە. سەرەڕای ئەوە منداڵان لە باری خۆڕاگری لە بەرامبەر گیروگرفت دا لەگەڵ گەورەکان جیاوازیی‌یان هەیە، داواو ماف و پێداویستیی تایبەتیشیان هەیە. بەڵام ئایا لە هەر کۆمەڵ و بنەماڵەیەک دا گرینگی دەدرێ بە مافی منداڵ و ویست و داخوازەکانی وەبەرچاو دەگیرێ؟ ئایا وڵاتان بەو شێوەیەی کە پێویستە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ دەکەن؟ لەو وڵاتانەی کە دێموکراسی ئەزموون کراوەو تا رادەیەک مافی مرۆڤ وەبەرچاو دەگیرێ، دەتوانین بڵێین منداڵان تا رادەیەک خاوەنی ئەو مافانەن کە دەبێ هەیان بێ. بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش دا مافی منداڵان پێشێل دەکرێ و لە باری جەستەو رووحەوە دەچەوسێنەوەو دەکەونە بەر ئازارو ئەشکەنجە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئاڵمان دا ئامارەکانی پۆلیسی هامبۆرگ ئیشارە بەوە دەکەن کە ساڵانە نزیکەی ٢٠ هەزار منداڵ دەستدرێژی‌یان دەکرێتە سەر. یا لە وڵاتێکی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە ئابووریی‌یەکی پەرەسەندووی هەیە لە لەشی شلک و ناسکی منداڵان بۆ کاری تاقەت پڕوکێنی مووچەو مەزرا کەڵک وەردەگیرێ. بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیهان دا لە هەر ١٣ منداڵ، منداڵێک پێش گەیشتنی بە



بارهێنانی منداڵان لە رۆژئاوا


بارهێنانی منداڵان له ئەفغانستان!

تەمەنی ٥ساڵی دەمرێ. یا زیاتر لە ١٠ میلیون‌و نیو منداڵ بە هۆی جۆراوجۆرەوە گیانیان لە دەست دەدەن. ١٥٠ میلیون منداڵ نەخۆشیی کەم خۆراکین. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکا کە نزیکەی ٤٠٪ی منداڵان کێشیان بە نیسبەت تەمەنیان لە خوارەوەیەو بە هۆی کەم خۆراکی ئازار دەچێژن. هەروەها لە سەرانسەری جیهان دا ١٢٠ میلیون منداڵ کە زۆربەیان کچن لە خوێندن بێبەشن.

سەرەڕای ئەوە کە زۆر لە منداڵانی جیهان لە دەرس خوێندن‌و خۆراك بێبەشن‌و لە کەرەسەی گەشە کردن بێبەشن‌و هەر لە منداڵی‌یەوە هەلومەرجی پیری بە سەریان دا زاڵ دەبێ، ئەو نەو نەمامە تازە چرۆکردوانە وەك کەل‌و پەل لە لایەن بازرگانانی منداڵانەوە بە کۆمەڵ سات‌وسەودایان پێ‌دەکرێ‌و دەفرۆشرێنە ئەو ناوەندە فەحشاو باندە ترسناکانەی مافیای منداڵ، یان لەلایەن باندەکانی سیکس دەکەونە بەر پەلامارو ئازارو ئەشکەنجەی رووحی‌و جەستەیی‌و دەستدرێژی‌یان دەکرێتە سەر.

منداڵان لە هێندێك لە وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی ئیسکاندیناوی‌دا ژیانێکی خۆش‌و بێ‌دەردی سەریان هەیەو لە ئاسوودەیی‌و هێمنی دا دەژین. ژیانی منداڵانی ئەم جۆرە وڵاتانە لەگەڵ ژیانی منداڵانی ئەو وڵات‌و ناوچانەی کە کێشە یان شەڕو کێشەیان تێدا بەردەوامە، بەراورد ناکرێ. ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا منداڵان بە کامپیوتر وەك ئامرازێکی ئاسایی کاری پێ‌دەکەن، ئێستاش کەرەسەی سەرگەرمی منداڵانی کوردستان بە گشتی‌و کوردستانی ئێران بە تایبەتی گوللە تۆپی نەتەقێندراو یا قاپۆغی گوللە چەکەکانی دیکە لە کۆنە پێگەو کێڵگەکانی ڕێژیمە کە کایە کردن بە گوللە تۆپ‌و زۆرجار مەترسی گیان لە دەست دان‌و وەسەر مین پەڕینی بەدواوەیەو تووشی رووداوی تاڵ‌و دڵتەزێن دەبن یا لە کاتی کایە کردن لەم پێگەیانەدا، بوونەتە ئامانجی گوللەی دوژمنانی گەلی کورد.

منداڵی کورد هەر بە منداڵی‌یەوە جەستەی ناسکی دەخرێتە ژێر کاری قورس. بۆ ئەوەی برسی نەبێ‌و بژیوی پەیدا بکا، بارکێشی‌و قاچاغچێتی دەکاو زۆر جاریش لەو ڕێگایەدا دەکەوێتە بەر گوللە. منداڵی کورد لە سەدەی ٢١ لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی دا شوێنی کایەو حەوانەوەی بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دنیای ئەمرۆدا ناگونجێ. منداڵی کورد لە جیاتی ئیسراحەت دەبێ جەستەی ناسك‌و بێ‌هێزی بداتە بەر کاری سەخت‌و تاقەت پرۆکێن. تۆ بڵێی ئەم وەزعە تاکەی درێژەی بێ؟

ئایا دەتوانین کۆتایی بە توندوتیژی‌و ستەم بە نیسبەت منداڵ لە سەرانسەری دونیاو لە کوردستان دا ببینین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کاتێك موسبەتە کە هەژاری‌و برسیەتی نەمێنێ‌و شەڕو توندوتیژی کۆتایی پێ بێ‌و مرۆڤ بە ئاسوودەیی بژی‌و لە هەمووی گرینگتر موحەبەت‌و خۆشەویستیی دایك‌و باب بە نیسبەت منداڵ ببێتە سەر لەوحەی ژیان‌و هەروەها بنەماڵەکان‌و وڵاتان‌و ناوەندو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان گرینگی زیاتر بدەنە منداڵ‌و چۆنیەتی بارهێنانی، ئەو کاتە دەتوانین هیوادار بین، منداڵ لە کۆمەڵێکی ئەوتۆدا بەختەوەرو ئازاری پێ ناگا.


منداڵێکی کورد له رۆژی ١ی ژوئەن دا ـ هەولێر

# راپۆرتی بەڕێوەچوونی رۆژی ١ی ژوئەن رۆژی جیهانی منداڵان





بۆ ڕێزگرتن لە "١ی ژوئەن"، رۆژی جیهانی منداڵان، دنیای منداڵان لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیدا، دوابەدوای کردنەوەی پێشانگایەك بۆ منداڵانی حیزب، هەر لەو رۆژەو، بەم بۆنەیەوە جێژنێکی بە شکۆشی لە ساڵۆنی رێورەسمەکانی حیزب دا بەڕێوە برد. بەرنامەکان، بە دەقەیەك بێدەنگی بۆ رێزلێنان لە رووحی پاکو بێگەردی منداڵانی جیهان بە گشتیی‌و منداڵانی کوردستان بە تایبەتی، کەوا بە دەستی نامرۆڤایەنی دژە جوانی تێرۆری جەستەیی‌و کەسایەتی کراون، دەستی پێکرد. بەدوای بێدەنگی، بەڕێز عەلی بداغی، بە نوێنەرایەتیی دنیای منداڵانەوە وتەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رۆژە جوانە پێشکەش کردو رێورەسمەکە بە ئەداوئەتواری وشکەڕن(دەڵقەك)ی سەرسینو بەشداریی چالاکانەی بەشێکی زۆری منداڵان، بەم شێوەیەی خوارەوە درێژەی کێشا.

خوێندنەوەی شیعر بە بۆنەی رۆژی جیهانیی منداڵان، پێشبڕکێی پەت کێشان، کێبڕکێی پێکەنین، شانۆی منداڵانی سەرشەقام، کێبڕکێی نەققاشی کێشانەوە بە چاوی بەستراوە، شانۆی کەروێشکە خرە، پێشبڕکێی سێو خواردن، خوێندنەوەی نامەی کچە ئەندۆنێزیەکی ٨ ساڵە، خوێندنەوەی سروودی "ئێمە منداڵی کوردین"، لە لایەن گرووپی کۆرسی ناوەندی ٢، کێبڕکێی شیعر خوێندنەوە، شانۆی کچێکی زگ زل، کێبڕکێی ژماردن لە نێو منداڵانی تەمەن ٤ تا ٥ ساڵ، هەڵپەڕکێی گرووپی "تیشك".

جێی ئاماژە پێکردنە دوای زیاتر لە ٣ کاتژمێر خواردنو پێکەنینو شادی‌و شادی منداڵان کۆتایی بە فیستیڤاڵەکە هات .

دنیای منداڵان وێڕای دەستخۆشی لە گشت ئەو منداڵانەی لە رێورەسمی ١ی ژووئەن دا بەشدار بوونو لە بەر ئەوەی نەی‌توانی بە هۆی زۆریی ناوەکان ناویان بێنێ، داوای لێبوردنییان لێ دەکا.

جارێکی تر پیرۆز بێ "١ی ژووئەن"، رۆژی جیهانیی منداڵان.

*



# کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە بنەماڵەی شەهیدان

ــــ بەبۆنــەی ١٠ی خاکــەلێوە رۆژی شــەهیدانی کوردســـتان یەکیەتیی ژنانی دێموکرات سەردانی بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانیان لە چەند کەمپی حیزبی دا کردو لە نزیکەوە رێزو وەفاداری خۆیان بۆ ئەو بنەماڵە بەڕێزان دەربڕی.

## پێشوازیی یەکیەتیی ژنان لە هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوان



ـ رێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥ هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بریتی لە: بەڕێزان رەحمان سەلیمی سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، مەنسور سەمار جێگری سکرتێرو ئەندامی هەیئەتی ئیجراییو رەسوڵ سوڵتانیو ژیلا باریکە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان سەردانی بنکەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان کردو لەلایەن خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانو هاوڕێیان خەدیجە پورمەنـدو پـەروین رەمـەزانیو سـکاڵا حـەکیم زادە ئەنـدامانی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانو عیسمەت حەسەن پورو نازەنین قادری جێگری بەڕێوەبـەری پێشوازییان لێکرا لـەو سـەردانەدا بـاس لـە هاوکاریو پەیوەندیو کاری هاوبەش لـە نێـوان هـەر دوو رێکخـراوەدا کرا.

## کردنەوەی دەورەیەکی کاردەستی بۆ کچانو ژنان



ـــــ رێکـــەوتی ١ی جــــۆزەردانی ١٣٨٥ بەشـــی ئامووزشـــیی یەکیـــەتیی ژنــــان دەورەیەکی کاردەستی بۆ ژنانو کچانی ئەندام لـە یەکیـەتیی ژنـان دا کـردەوە کـە بەشـێکی بەرچـاو لـە ژنـانی کەمپـەکانی دەوروبـەری دەفتـەری سیاسـی بەشدارییان تێدا کردو ئەم دەورەیـە لـە لایـەن هـاوڕێی بـەڕێز"کـاک محەممـەد شـارۆیرانی" کـادری لەمێژینـەی حیـزب بـەڕێوە چـوو کـە جێگای سوپاسو پێزانینە.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان

ــــ رێکـەوتی ٦ی جـۆزەردان لـە لایـەن بەشـی تەشـکیلاتیی یەکیەتیی ژنان کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ ژنانی ئەندام لـە کـەمپی ئازادی گیرا لەو کۆبونەوەدا سەبارەت بە بەشداریو چالاك تر بوونی ئەندامان لە کۆڕو کۆبونەوەکانو دەورەکانی یەکیەتیی ژنان بـاسو راوێژ کران.

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە کومیتەی شێرەوەن



ــــ رێکـــەوتی ٢١ی جـــۆزەردانی ١٣٨٥ هەیئـــەتێکی هاوبەشـــی یەکیـەتیی لاوانــی دێمــوکراتو یەکیــەتیی ژنــان ســەردانی کــەمپی شێرەوەن کـەمپی نیشـتەجێ بـوونی کـوردە ئـاوارە ئێرانییـەکانیان کردو هەر دوولا لەگەڵ ژنانو لاوان لەم کەمپەدا بەجیا کۆبوونـەوەیان لەسەر ئەرکو بەرپرسایەتیان لەو قۆناغەدا پێك هێنـاو پاشـان چـەند پێشنیار لەو رووەوە خرانە روو هـەروەها هەیئـەتیی ناوبراو سـەردانی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی لـەو کەمپـەیان دا کـردو داوای هاوکاریو پێوەنـدی زیـاتر لـــە نێـــوان کۆمیتـــەی حیزبـــیو یەکیـــەتیی ژنانویەکیەتیی لاوان لەو کەمپەدا کرا.

## سوپاسو پێزانین:

ـــ یەکیـەتیی ژنـانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سوپاسو پێزانینــی خــۆی پێشــکەش بــە ئەنــدامانو لایــەنگرانی حیزبــی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی ژنان لە یۆتۆبۆری سۆئێد دەکا لە یارمەتیدان بۆ کڕینی کامپیوتێرێك لە لایەن"خاتوو شادی حیدەری"یەوە زەحمەتی جێبەجێ کردنو گەیاندنی بە یەکیەتیی ژنـان کێشـاوە، هــەروەها پێویسـتە بگـوترێ کـە خــاتوو شـادی حیدەری وەك یارمەتی ١٠٠ دۆلاری بە یەکیەتیی ژنـانی دێموکرات پێشکەش کرد کە جێگای سوپاسو پێزانینە.

## پێشوازیی یەکیەتیی ژنان

## لە خاتوو رایا لیپاسیتی، چالاك لە بواری مافەکانی ژنان



ـ رێکەوتی ٢٠ی پوشپەری ١٣٨٥خاتوو رایا لیپاستی ئەندامی حیزبی چەپی فینلاندیو چالاك لە بواری مافەکانی ژنان بە هاورێیەتی خاتوو کەژاڵ حەسەن پوور کوردی دانیشتووی ولاتی فینلاند سەردانی بنکەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان کردو لە لایەن هاورێعیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانو خەدیجە پوورمەندو سکالا حەکیم زادە ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان پێشوازییان لێ کرا لەو سەردانەدا باس لە مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو کاروچالاکی ئەو رێکخراوەو وەزعی ژنان لە ولاتی فینلاند کرا. خاتوو ئالا بەڵێنی هاوکاری خۆی بۆ پشتیوانیو هاوکاری لە یەکیەتیی ژنان دەربڕی.

## پێشوازی لە چەند ئەندامێکی کۆنی یەکیەتیی ژنان دوای گەڕانەوەیان لە ئورووپا بۆ کوردستان

ـ لە مانگی پوشپەڕی ١٣٨٥ هاوڕێ شوعلە قادریو شیرین جەلالیو گەلاوێژ حەسەن پوور ئەندامانی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە دەرەوەی ولات گەڕابوونەوە سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانیان کردو پەیمانو بەڵێنی خۆیان لەگەڵ یەکیەتیی ژنان نوێ کردەوەو ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە هاوکارێك وەك ئەندامێکی دڵسۆزو لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دەربڕی.

## دەورەیەکی دەرمانی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان



ـ لە مانگی پوشپەری ١٣٨٥ بەشیی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان بە هاوکاری نەخۆشخانەی ئازادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە دەورەیەکی دەرمانی بۆ کچانی قوتابی ئەندامو لایەنگری یەکیەتیی ژنان لە دوو کەمپی ئازادیو ئەمیریەدا کردەوە کە بەشێکی بەرچاو لەو کچە قوتابییانە بەشدارییان لەو دەورەیەدا کردو دەورەکە لەلایەن خاتوو"زێرین عومەری " کادری نەخۆشخانەی ئازادی بەڕێوە چوو کە جێگای سوپاسە.

## سەردانی چەند کەسایەتی یەکی سۆسیال دێموکرات سوئێد لە بنکەی یەکیەتیی ژنان

ـ رێکەوتی ٢٣ی پوشپەر هەیئەتێك کە لە ولاتی سۆئێد هاتبوونە کوردستان سەردانی بنکەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان کردو لە لایەن هاورێ عیسمەت نستانی بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو هاورێ خەدیجە مەعزووو بەرپرسی بنیادی پشتیوانی لە رێکخراوە سێنفی دێموکراتیەکانو ئەندامی هەیئەتی ئیجراییو هاورێی نەسرین حەدادئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانو سکالا حەکیم زادە ئەندامی بەڕێوەبەری پێشوازییان لێ کرا هەیئەتی ناوبراو بریتی بوون لە:

- خاتوو لاکارین ئەندامی ژنانی سوسیالیست دێموکرات لە سۆئێد.
- خاتوو تانیا
- خاتوو شیلان ئەندامی ژنانی سوسیال دێموکراتی کوردیو کاندیدا بۆ پارلمانی سۆئێد.
- خاتوو شەونم بەرپرسی پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان.
- هاورێ سەلام لە دامەزرێنەرانی سوسیال دێموکراتی کوردستان.
- هاورێ دیاکۆ شیخ ئاغایی ئەندامی پارتی سوسیال دێموکڕاتی سۆئێد.





لەم سەردانە باس لە پەیوەندیو هاوکاری یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان لە باشوور لەگەڵ ژنانی حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتو کاروچالاکیو مێژوویی یەکیەتیی ژنان کراو هەیئەتیی ناوبراو بەڵێنو هاوکارییان بۆ پشتیوانی کردن لە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دەربڕی، پێویستە بگوترێ لە لایەن هاورێیان سەلامو دیاکۆ شێخ ئاغای یارمەتییەکی ٢٠٠ دولاری وەك دیاری پێشکەش بە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کرا کە جێگای رێزە.

# پێشوازیی یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنان لە کرانەوەی کاناڵی ئاسمانیی تیشك TV



ـ بە بۆنەی دەست بە کار بوونی کاناڵی فەزایی تیشك، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ڕێورەسمێکی خۆشحاڵی دەربڕین بۆ دانیشتوانی خۆی لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب پێك هێنا، لەسەرەتادا لە لایەن سکاڵا حەکیم زادەوە پەیامی پیرۆزبایی هاوبەشی هەردوو ڕێکخراوە پێشکەش کراو لە دوایی‌دا پەخشانێك لە لایەن رەسوڵ سوڵتانی شاعیری لاوو چەند گۆرانیێك لە لایەن فرهاد ساڵحی‌و فاروق پێشکەش کران ڕێورەسمەکە بە هەڵپەرکێی بەشدارانی مەراسیمەکە کۆتایی پێهات. شایانی باسە ڕێورەسمەکە زیاتر لە دوو ساعەتی خایاند. پێویستە بگوترێ لە ناوەندی ١ی کوردستان کۆمیتەی شلێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر بەم بۆنەوە ڕێورەسمێکیان بەڕێوە برد بە پەیامی پیرۆزباییو گۆرانیو هەڵپەرکێ ڕێورەسمەکەیان کۆتایی پێهێنا.

***

## کۆبوونەوەیەك بەبۆنەی ١ی ژوئەن، رۆژی جیهانیی منداڵان



ـ بە بۆنەی ١ی ژووئەن رۆژی جیهانی منداڵان بەشی ئاموزشیی یەکیەتیی ژنان کۆڕێکی بۆ بەڕێز کاك عەلی بداغی کادری کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب لە ژێر ناوی "ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی مەترسی لە سەر منداڵان" بەڕێوە برد کە بەشێکی زۆر لە دایکانو باوکان لەو کۆڕەدا ئامادە بوون.

## بەشداری یەکیەتیی ژنان
## لە فستیڤاڵێك بە بۆنەی رۆژی جیهانی لاوان لە هەولێر




رۆژی یەك شەممە رێکەوتی ٨٥/٥/٢٢ وەزارەتی وەرزشو لاوانی هەریمی کوردستان لە شاری هەولێر فیستیڤاڵێك بە بۆنەی رۆژی جیهانی لاوان لەپارکی منارە سازدا کە لە لایەن بەرێوەبەرانی ئەم فیستیڤاڵە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بانگ هێشت کرا بوون. یەکیەتیی ژنان بە هاوکاری سەنتەری گەنجانی کۆیە بەشدارییان کرد بۆ نیشاندانی جلو بەرگی ناوچەکانی رۆژهەڵات کە لەگەڵ پێشوازیگەرمی راگەیاندنەکانو بینەران رووبەروو بوون. شایانی باسە تیپی نیشان دانی جلو بەرگ پێك هاتبوو لە ٨ ژنو کچ بە ناوەکانی: نەرمین عوسمانی، بەفرین شەهرەوان، شلێر باپیری، جوانە رەحمانی، شلێر غولامعلی، سۆما حەکیم زادە، گوڵان ئوستاد رەحمانیو گولزار رەجەبی. بە سەرپەرەستی خاتوو نەسرین حەداد ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنان پێك هاتبوو.

## کۆبوونەوەی تەشکیلاتی

ـ رێکەوتی ١٦ی گەلاوێژ بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان کۆبوونەوەیەکی بۆ کچانی ئەندامو غیر ئەندام لە یەکیەتیی ژنان پێك هێنا لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەسەر هەرچی بەشداری زیاتری کچان لە کۆڕو کۆبوونەوەکانو هەرچی چالاکتر بوونی کچان لە یەکیەتیی ژنان دا هاتنە گۆرێ.

ـ رێکەوتیی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٨٥ هاورێ سۆهەیلا قادری بەرپرسی تەشکبیلاتی یەکیەتیی ژنانی بە هاوریەتی روونـاك خاتوونی ئەندامی بەرێوەبەری‌و بەرپرسی کۆمیتەی ژنان لە ناوەندی ٢ی کوردستانو کوبرا شاموردای ئەندامی یەکیەتیی ژنان سەردانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانیان لە کەمپەکانی ناوەندی٣(جیژنێکان)وناوەندی ١ (دیگەلە) کردو هەروەها سەردانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، دانیشتووی شاری هەولێریان کرد لەو سەردانەدا لەگەڵ ژنانی ئەندامو سەرشانەکان کۆبونەوەیان پێك هێناو باسی‌لەسەر چالاکتر بوونی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە قۆناغی ئێستادا کرا.

# هەواڵی خۆسووتاندن و خۆکوشتنی کچان و ژنان لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا

## سنە

- کچێکی ٢٠ ساڵە بە ناوی "سەرگوڵ محەممەدپوور" کچی نیعمەت خەڵکی گوندی تەنگی سەر بەهۆی ناکۆکی و گرفتی بنەماڵەیی خۆی سووتاند کە بەداخەوە ڕێژەی سووتانەکەی یەکجار لە سەرەوە بوو لە نەخۆشخانەی سنە بەهۆی زۆری سووتانەکەی گیانی لە دەست دا. شایانی باسە ناوبراو دایکی خۆی نیەو باوەژنی هەیە.

- ژنێك بە ناوی م حوسێنی تەمەن ٣٧ ساڵە خەڵکی شاری سنە بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئاوری دەخۆی بەردابەهۆی کاری بوونی برینەکانی لە نەخۆشخانەی توحیدی سنە لە ژێر چاوەدێری دوکتورەکان دایە.

## پاوە

- ژنێکی کورد بەناوی شەوبۆ خەڵکی گوندی مەزیری سەر بە شاری پاوە بە هۆی وەزعی نالەباری ماڵیەوە کە نەداری و فەقیری ئابوری ژیانی لێ تاڵ کرد بوو ئاوری لە جەستەی خۆی بەرداو خۆی سووتاند. و پاشان گیانی لە دەست دا.

– لە چۆمی سیروان دا تەرمی ئافرەتێك بە ناوی تووبا سەیدی کە خەڵکی شاری نەوسودە دۆزرایەوە. هۆی کوژران و خنکانی ئەم ژنە روون نەبۆتەوە.

## مەهاباد

- کچێك بە ناوی مەهناز ئەحمەدی کچی مستەفا خەڵکی گوکتپە لە ناوچەی مەهاباد کە لە کورەخانەی مەرەند کاری دەکردو بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی خۆدەسووتێنێ و کاتێك دەیهەوێ بە ئاو خۆ بکوژێنێتەوە نزیك سیمی بەرق ی دەیگرێ و گیانی لە دەست دەدا.

## سەردەشت

– کچێك بە ناوی شاناز خەڵکی گوندی"دولکان" لە ناوچەی سەردەشت خۆی هەڵاوەسی و گیانی لە دەست دا.

– ڕۆژی ٦ی بانەمەر لە گوندی"قازان"سەر بە ناوچەی سەردەشت کچێك بە ناوی چیمن خۆی هەڵاوەسی و گیانی لە دەست دا.

(www.tewar.blogfa.com)



## ورمێ

ژنێکی ٢٧ ساڵە بە ناوی فەلەکناس خاوەن دوو منداڵ خەڵکی سۆما لە ناوچەی ورمێ ئاوری لە خۆی بەرداوبە هۆی زۆری سووتاویەکەی لە نەخۆشخانەی ورمێ گیانی لە دەست دا.

(www.tewar.blogfa.com)

## سەقز

- ڕۆژی دووشەممەی رابردوو ١٣٨٥/٣/١٥ هەتاوی ژنێك بە ناوی فەرانەك کە خەڵکی ئاوایی چاپانی سەربە شاری سەقزە خۆی سووتاندو پاش ئەوەی کە بۆ نەخۆشخانەی شاری سنەیان راگویزت لە ڕۆژی چوارشەممەدا بەداخەوە گیانی لە دەست دا. ناوبراو کورێکی لە پاش بەجێ ماوەو هۆی خۆسووتاندنەکەی روون نیە.

— ڕۆژی چوار شەممۆ ٦ی بانەمەڕی ١٣٨٥ ژنێك بە ناوی کولسوم لە یەکێك لە محەلەکانی شاری سەقز خۆی هەڵاوەسی. ئەو ژنە ٢٩ ساڵەیە پێشتر لە مێردەکەی جیا ببووەو لەگەڵ بنەماڵەکەی دەژیا. هۆی خۆهەڵاوەسینی نادیارە.

(www.tewar. blogfa.com)

– کچێکی لاو بە ناوی شیوا سەنگی خەڵکی شاری سەقز بە هۆی ناکۆکیی بنەماڵەیی خۆی بەدار هەڵاوەسی، یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵە هەوڵیدا لە مەرگ رزگاری بکا، بەداخەوە شیوا لە سەردار کەوتو مێشکی پژا.

# هەواڵەکانی تایبەت بە ژنانی کوردستان، ئێران‌و جیهان

## مەرگی ژنێکی چالاك لە بواری مافی مرۆڤ دا



بە داخەوە ماوەیەك لەمەوبەر خاتوو سورەیا سراجەدینی، جێگری سکرتێری کۆنگرەی نەتەوەیی(KNC)و یەکێك لە خەباتگێران‌و چالاکان لە بواری مافی مرۆڤ بە تایبەت ژنان‌و دۆستێکی نزیکی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بە هۆی نەخۆشی‌یەوە کۆچی دوایی کرد یەکیەتیی ژنانی دێموکرات سەرەرای ئەوە بۆ مەرگی نابەوەختی ئەو ژنە چالاکە بەداخە و سەرخۆشی لە بنەماڵەی ئەم خاتوونە بەڕێزە دەکا.

## تاکو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەی ژین لیخنە

هۆزان

خۆپێشاندانی ژنان لە شاری تاران بۆ دابین بوون‌و لەبەر چاوگرتنی مافەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە جارێکی دیکەش رووبەڕووی توندوتیژیی هێزە ئەمنیتەکانی ڕێژیم بووە. ئەوە یەکەمجار نیە کە بزووتنەوەیەکی مافخوازی تووشی سەرکوت دەبێ‌و لەلایەن ڕێژیمەوە دادەپەلۆسرێ. ئەوەی ڕاستی بێ دوژمنایەتیکردنی لەگەڵ ئازادی هەتا ئێستاش بەشێك بووە لە سیاسەت‌و ئیستراتیژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەوان لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبیی خۆیان داو بە پێی بەرژەوەندی‌یەکانی دەسەڵاتەکەیان پێناسەی ئازادی دەکەن، ئەوان باوەڕیان بە ئازادییەك هەیە کەلە خزمەتی جیهانبینی‌و ویستەکانیان دا بێ. نەك ئازادی‌یەك لەسەر بنەمای عەقڵانیەتی تاك‌و مافە سروشتیەکانی مرۆڤ. ئەم ئازادی‌یەك ئەوان باوەڕیان پێی‌یەتی‌و ناوی ئازادیی ئیسلامی‌یان لێناوە داوەڵێکی سەقەت‌و کاریکاتۆرێکی گاڵتەجارە لە ئازادی پێناسەیەکی سەیرو سەمەرەیە کە بە پێی خوێندنەوەکانی خۆیان لە ئایین بۆ ئازادییان کردوە. لەم ئازادی‌یە ئیسلامیەی ئەوان دا کەس بۆی نیە ڕەخنە لە دەسەڵاتداران بگرێ. چونکە بە پێی شەرع‌و یاسا، ئەوان سێبەرو نوێنەری خودان لەسەر زەوی‌و هەر کەس ڕەخنەیان لێبگرێ، ئەو ڕەخنەی لە خودا گرتوەو هەر کەسیش ڕەخنە لە خودا بگرێ چارەنووسەکەی دیارە مەرگە. لەم ئازادی‌یەی ئەوان دا تاکەکانی کۆمەڵگا ئازادن لە کاتی بوومەلەرزەکان دا، لە ژێر فشارە قورسەکانی خەرج‌و مەخاریجی ڕۆژانەدا، لە هەژاری‌و نەداری‌و بێ بژێوی‌دا، بە گشتی لە هەموو نەهامەتی‌و بێ دەرەتانیەکان دا، ئازادن شوکری خوداو ڕێژیم بکەن. شوکری ئەو خودایەی بکەن وا ئەم حکوومەتەی بە خەڵات بۆ ناردوون ئەوان واتە خەڵکی ئێران تەنیا لە ملکەچی‌و گوێڕایەڵی‌و پەسن بێژی‌دا ئازادن. لەوە بترازێ هەر هەنگاوێکی هەڵیگرن ئەوا هێڵی ڕەخنە لە کەموکوڕی‌یەکان، داواکردنی هەر چەشنە مافێکی سروشتی‌و تەنانەت یاسایی، تاوانێکە بۆ لێخۆشبوون نابێ. تاوانێکە هەتا سەر سنووری مەرگو بگرە ئەوولاتریش ماف داواکەران "مولحیدین" لە یاسای کۆماری ئیسلامی‌دا، مافخوازان، ئازادیخوازان، ئاشتیخوازان، کافرن، گزیرو سیخوڕن. پیاوی ئیستێکبارو ئیمپریالیزمی جیهانین. ئەم مۆرکە ناڕەوایانە چەکی لە سەر پێی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆمار ئیسلامین‌و هەتا ئەم نیزامە لە سەر کار بێ نەك هەر مافی ژنان بەڵکو مافی ژیان بە هیچ هاولاتی‌یەك نادرێ.



# ژنان ٦٠ لە سەدی خوازیارانی تەڵاق لە کوردستان دان

وەرگێرانی: نەسرین حەسەنزادە

ئیسنا: لێکۆڵینەوەکانە ئاماری ئیزدواجو تەڵاق لە ئوستانی کوردستان نیشان دەدەن کە بە شێوەیەکی مامناوەندی رۆژێ ٨٨ زەماوەند لە بەرامبەر ١١ تەڵاقو بە شێوەی مامناوەندی رۆژێ ٥/٥ تەڵاق روو دەدا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئوستانی کوردستان لە رووی چوونە سەری رادەی تەڵاق یەکێك لە سێ ئوستانی یەکەمی وڵات بووە.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری"ژنان" هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران (ئیسنا)، لێکۆڵینەوە لە ئامارەکان لەو ئوستانەدا نیشان دەدەن کە ٦٠لە سەدی خوازیارانی تەڵاق ژنانن، ٣٠ لە سەدی پیاوانو ١٠ لە سەدی بە رەزامەندی هەر دوولا روو دەکەنە دادگاکان.

زیبا تارا، راوێژکاری پێشووی ئوستانداری کوردستان لە کاروباری ژنانو هەروەها یەکێك لە هەڵسووڕاوانی کاروباری ژنان لەو ئوستانەش دا لە بارەی گرنگترین هۆیەکانی رووکردنی ژنانی ئەو ئوستانە بە دادگاکان بۆ تەڵاق بە ئیسنا دەڵێ: لە بەر ئەوەی کە ئەو ئوستانە هەمیشە یەکێك لە ناوچە بێبەشەکانی وڵات بووەو بەهۆی هەڵکەوتوویی جوغرافیایی خۆی کەوتۆتە ژێر شەڕو ئاکامەکانیو بە جۆرێك لە ژێر ستەمێکی بەردەوام بووە، بۆیە ئەو ئوستانە زیاتر تووشی دواکەوتوویی بووە.

هەروەها دەڵێ: بە باوەڕی مافناسان مەسەلە ئابوورییەکان وەك هەژاری، بێکاریو بەجێ هێشتنی ژنو منداڵ بۆ پەیدا کردنی کار لە ئوستانەکانی دیکە لە لایەن مێردەوە زیاترین هۆی رووکردنی ژنانی ئەوئوستانە بۆ دادگاکانە.

تارا هەروەها لە بارەی ئەو گیروگرفتانەی کە لە زەماوەندا دێتە سەر رێی لاوانی ئوستان دەڵێ: نەبوونی توانایی ماڵی کچانو کورانی ئوستان هەر وەك کێشە فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوەو بۆتە کۆسپێکی گرنگ لە سەر رێی زەماوەندیان دا.

بە پێی راپۆرتی ئیسنا، کارناسانی زانستی کۆمەڵایەتی لەو باوەڕەدان بەرز بوونەوەی ئاماری تەڵاقو کەم بوونەوەی زەماوەند لەگەڵ هەڵدانی حەشیمەت دەتوانێ ببێتە هۆی گیرو گرفتو کێشەی وەك ترسی لاوان لە پێکهێنانی ژنانی هاوبەشو لە ئاکام دا چوونە سەری تەمەنی زەماوەند، زیاد بوونی فەساد لە کۆمەڵگا، لە نێوچوونی وردە وردەی بایەخەکانی بیروباوەڕ، ئەخلاقیو رێوشوێنی بنەماڵەکانو سەرئەنجام کۆمەڵگا.

کارناسانی راوێژکاری بنەماڵەش کە لە دادگاکان دا کار دەکەن دەڵێن: لاوازیی بناغەی بیرو باوەڕ لە بنەماڵەکان دا نەبوونی ناسیاوی تەواوی کوڕو کچ لە سەر یەکتری،



نەبوونی بەرپرسایەتیو ئەرکناسیی هەر دوولا، کاملْ نەبوونی بلووغی رەوانیی ژنو مێرد، خۆشەویستیو کۆمەڵایەتی، گیروگرفتی ئابووری، ئیعتیاد،تێنەگەیشتووی یا هەڵدانی سەقەتی کۆمەڵ، مەودای کەمی نێوان خوازبێنی تا زەماوەندو بێکاری لە هۆیە سەرەکییەکانی چوونە سەری ئاماری تەڵاق لە کوردستان دان.

هەروەها تارا لە درێژەدا بە ئیسنا دەڵێ: ناتوانیبە دڵنیاییەوە بڵێی کە ئەو ئوستانە لە رادەی تەڵاق دا لە ریزی سێ ئوستانی یەکەمی وڵات دایە چونکە هێندێك جار رادەی زەماوەند لە پێش رادەی تەڵاق دایەو هێندێك جاریش رادەی تەڵاق لە رادەی زەماوەند زیاترە بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو ئوستانە لە ریزی ئەو ئوستانانە دایە کە خاوەنی زۆرترین ئاماری تەڵاقە.

بە پێی راپۆرتی ئیسنا، ئامارەکان دەری دەخەن کە ٨٥ لە سەدی ئەو کەسانەی کە بۆ تەڵاق پەنا بۆ دادگاکان دەبەن لە یەکەمینساڵەکانی زەماوەندا بڕیاری تەڵاقو لێك جیابوونەوەیان داو کە ئەو کەسانە بە دەست گیروگرفتەکانی ئابوورییەوە دەناڵێننو رادەی خوێندنیان لە دیپلۆم کەمترەو لە سەرەتای زەماوەندیان ناکۆکیان هەیەو یەکتریان بە باشی نەناسیوە.

ئەمین ئیسلامی ، کارناسی ناوەندی راوێژکاری لەش ساغیش لەو باوەڕەدایە کە جیاوازیی فیکری قووڵ لە نێو ژنانی ئەمڕۆدا لە چاو نەسلەکانی رابردوودا واتە دایکانی ئەو نەسلەدا هەیە کە هەر ئەوە بۆتە هۆی چوونە سەری ئاماری تەڵاق لە چاو رابردوو، چونکە کچانی ئەمڕۆ لەو باوەڕە دان کە نابێ دایکیان هێندێك زۆر بڵێیەکانی هاوسەرەکانیان بە خاتری پابەند بوون یا نەرووخانی بنەماڵە تەحەموول بکەن، بۆیە ئەوان نایانهەوێ وەك دایکیان سەرکوت بکرێنو تەریك بکرێنەوەو.....

ئەو درێژەیدا: چوونە سەری ئاماری تەڵاقو کەمبوونەوەی زەماوەند لە ساڵەکانی رابردوودا کارناسانی گەیاندە ئەوەی تاکوو رێگا چارەیەك بدۆزنەوە، ئەوان داوا دەکەن کە لاوان پێش زەماوەند بچنە ناوەندە راوێژکارییەکانو ئەو کاتەی کە بلووغی جینسی، رەوانیو کۆمەڵایەتی دەگەن، زەماوەند بکەن. هەروەها سەبارەت بەو کەسەی کە هەڵی دەبژێرن لێی بکۆڵینەوە تاکوو چاك بیناسن، هەڵبژاردنەکەیان لەگەڵ سیستەمی بیروباوەڕو هەڵسووکەوتی بنەماڵەکەیان بگونجێو پێوانەکانی خۆیان لەگەڵ گەورەکانو راوێژکارانی بنەماڵە باس بکەن.

شایانی باسە کە ٥/٧ لە سەدی ئەو زەماوەندانە لە ئوستانی کوردستان بە تەڵاق کۆتاییان دێو شاری سەقز گەورەترین ئاماری تەڵاقی لەو ساڵانەی ئاخیردا لە ئوستانی کوردستان دا هەبووە.

سەرچاوە: "تریبون فیمینیستی"

*

# خۆپیشاندانی ژنان لە تاران

شنۆ مێهرپەروەر



هەڵسوکەوتی گۆپاڵ بەدەستانی رژێم لەگەڵ ژنان!

ژنان بە پێی قەراری پێشوو وا بریار بوو لە رۆژی ٢٢ی جۆزەردان دا دژ بە هەموو ئەو یاسایانەی کە مافەکانی ژنان پێشێل دەکا کۆبوونەوەیەك پێك بێنن‌و دەنگی خۆیان هەڵبرن.

بەڵام لەو رۆژەدا، ژمارەیەك لە چالاكان‌و هەڵسووراوانی سیاسی‌و فەرهەنگی داكۆكی كاری مافەكانی ژنان لە درێژەی ئەو كۆبوونەوەیەی كە لە مەیدانی ٧ی تیری تاران دا بەرێوە چوون دەسگیر كران.

چالاكانی مافەكانی ژنان پێشتر لە راگەیاندراوێك دا رایان گەیاند بوو كە لە رۆژی دوشەممە ٢٢ی جۆزەردان دا كۆبوونەوەیەك لە مەیدانی حەوتی تیردا پێك دێنن كە بە هۆی ئاشتیخوازانە بوونیەوە هیچ پێویست بە مجەویزی وەزارەتی كشوەر ناكا.

بەدوای بلاو بوونەوەی ئەم بانگەوازەدا ژمارەیەك لە چالاكان بۆ دادگا بانگهێشت كران‌و ژمارەیەك لەوانە: شهلا انتصاری، لە ماڵی خۆی‌داو لە پێش ئەوەی كە بچێتە رێورەسمەكە دەسگیر كرا.

بە پێی هەواڵی بەشی خەبەری كۆمیتەی دانشجویی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی‌و بەپێی قسەكانی ئەو كەسانەی كە شاهیدی رێورەسمەكە بوون، نزیك بە ٦٠ كەس لەم كۆبوونەوەیەدا دەسگیرو ژمارەیەكیان بۆ زیندانی ئەوین راگوێزران. ئەو كەسانە كە ناویان هاتوە لەوانەن كە لەوێ دەسگیر كراون. سیمین بهبهانی نووسەرو شاعیر، عەلی ئەكبەری، موسەوی خوئینی بەرپرسی گشتی دەورەیەی رێكخراوی تەحكیم، سومیرا سەدری ئەندامی شوورای ئەم رێكخراوە، نووشین ئەحمەدی خوراسانی چالاكی مافەكانی ژنان، ژیلا بنی یەعقووب رۆژنامە نووس، لەیلا فەرهاد پوور رۆژنامە نووس، سیامەك تاهیری رۆژنامە نووس، بەهمەن ئەحمەدی ئەموویی رۆژنامە نووس، بهارە هەدایەت بەرپرسی كۆمیسیۆنی ژنانی دەفتەری تەحكیمی وەحدەت، شوهرەی كەشاوەرزو ئەعزەم، ئیلهام چالاكی مافەكانی ژنان‌و منداڵان لە زانستگەی علووم ئیجتماعی زانكۆی عەلام، زەهرا حەیات عەیبی، مەعسوومە لوقمانی خوێندكاری دانشگای الازهرا، ئەمین قەلعەوای خوێندكاری دانشگای ئیسفەهان، عاطفة یوسفی بەرپرسی ئەنجوومەنی ئیسلامی دانشگای شەریف، علی روزبهانی خوێندكاری دانشگا شەریف، لەیلا موحسینی دانشگاپولی تكنیك، وەحید میر جلیلی خوێندكارو چالاكی مافی مرۆڤ، سۆهەیلا سیادەتی‌و مەنسوورە موقەدەسی.

ژمارەیەك لە دەسگیر كراوەكان سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە چەند جار بە شێوەی تەلەفوونی هەرەشەیان لێكراوە تا لە كووبوونەوەكەدا بەشداری نەكەن.

پێویستە ئەوەش بگوترێ كە بۆ یەكەمین جار مەئموورانی پۆلیسی ژن بە كەڵك وەرگرتن لە باتۆم لەگەڵ رێكخەرانی كۆبوونەوەكە دەرگیر بوون كە ژمارەیەكیشیان بە توندی زیانیان پێگەیشتوە.

***



بەرگریی ژنان لە بەرامبەر هێرشی درندانەی گۆپاڵ‌بەدەستانی رژێم ـ تاران

# ژنان و منداڵان سەرەكی ترین قوربانییانی مەوادی موخەدیرن



بە گوێرەی هەواڵی هەواڵدەریی فەرانسە: دەفتەری رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بواری مەوادی موخەددیرو جینایەت راپۆرتێكی راگەیاند كە ژنان و منداڵان سەرەكیی ترین قوربانی یانی قاچاخی مرۆڤ لە جیهان دان.

ئەم دەفتەرە لە راپۆرتی خۆی دا وێرای دەربرینی نیگەرانی بە هۆی نەبوونی دژكردەوەی كاریگەر لە بەرامبەر ئەم جۆرە قاچاغی مرۆڤ دا گوتی: لە كردەوەدا، هیچ وڵاتێك لە جیهان لە رەوتی قاچاغی مرۆڤ بێبەش نەبووە.

لە درێژەی ئەم راپۆرتە دا هاتوە: ١٢٧ وڵات بە تایبەتی لە ئاسیاو شەرقی ئورووپا وەك ئەو وڵاتە سەرەكییانەی كە مرۆڤ تیان دا دەبنە قوربانیی قاچاخی مرۆڤ، ناسێندراون. لە هەمان كات دا، ١٣٧ وڵات وەك وڵاتانی جێگای مەبەستی قاچاخی مرۆڤ بە تایبەتی لە یەكیەتیی ئورووپا، ئامریكای شوومالی، وڵاتانی حەوزەی خەلیجی فارس، ئیسرائیل، توركیە، چین و ژاپۆن دەست نیشان كراون.

ئەمە لە حاڵێكدایە كە كەڵكی خراپ وەرگرتنی جینسی لە مەبەستە سەرەكییەكانی قاچاخچیانی مرۆڤە كە ٧٨ لە سەدی نموونەكانی قاچاخی مرۆڤ پێك دێنن و ٢٨ لە سەدی دیكەش بۆ مەبەستی دیكە لەوانە كاری زۆرە ملی دەگرێتەوە.

٧٧ لە سەدی لە پەروەندەكانی قاچاخی مرۆڤ بە ژنان، ٣٣ لە سەدی بە منداڵان و ٩ لە سەدیشی بە پیاوان تایبەتە. لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا هاتوە: هەوڵەكان بۆ خەبات بە دژی قاچاخیی ئینسان بە هۆی نەبوونی زانیاریی پێویست هەمووان لەگەڵ ناكامی بەرەوڕوو دەبن.

دەفتەری رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بواری مەوادی موخەدیرو جینایەت لەم پێوەندییەدا، هەموو وڵاتانی بە هاوكاری چڕوپڕ بۆ خەبات و كەم كردنەوەی قاچاخی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان دا بانگهێشت كرد.

# با ئەم ژنە سیاسە تمەدارە باشتر بناسین

ئامادەكردنی: ش. مێهرپەروەر



مارگارت بێكێت كێیە؟

"مارگارت بێكێت" وەك یەكەمین ژنە وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە مێژووی ئەو وڵاتە دیاری كرا. دیاری كردنی ئەم هاوكارە بە وەفایەی تۆنی بلێر بۆ ئەو پۆستە( وەزیری كاروباری دەرەوە) بووە هۆی سەرسووڕمانی چاوەدێران.

خاتوو بێكێت ٦٣ ساڵانەو سیاسەتڤانێكی بە ئەزموون و یەكێك لە هاوكارە وەفادارەكانی تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بریتانیایە.

ئەو پێشتر لە كابینەی ئاغای بێلێردا وەزیری ژینگە، غەزاو كاروباری ناوچەكانی گوندنشین بوو.

خاتووبێكێت لە بواری سیاسەتی خاریجی پێشینەیەكی زۆری نیەو ئەزموونی ئەو تەنیا دەگەرێتەوە بۆ پێوەندیی نێونەتەوەیی یەكانی لە پێوەندی لەگەڵ بەشداری كردنی لە كۆبوونەوەكانی پێوەندیدار بە ئاڵو گۆری لە ئاوو هەوای جیهان دا.

بێكێت لە دەیەی ١٩٨٠ وەك ئەندامانی حیزبی كارێكار، چەپ ئاژوێ بوو. بەڵام ئەو هاوكات بە ئاڵو گۆڕی دیدگای ئەم حیزبە لە ژێر رێبەریی تۆنی بلێر بوو بە میانەرۆ. لە دوای سەركەوتنی حیزبی كرێكار لە هەڵبژاردنی گشتی ١٩٩٧، خانم بێكێت بۆ ماوەیەكی كورت هەڵبژێردرا بۆ پۆستی وەزارتی بازەرگانیوپیشەسازی. لە ساڵی ١٩٩٨، خاتوو بێكێت رێبەریی مەجلیسی عەوامی لە ئەستۆ بوو. ئەو رێزی ئەحزابی جۆراوجۆری بە هۆی دەسكەوتەكانی لە پارلمان دا وەدەست هێنا. لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠١ی زایینە خاتوو بێكێت وەك وەزیری ژینگەو غەزاو كاروباری ناوچە لادێیەكانی لە كابینەی تۆنی بلێردا دیاری كرا. مارگارت بێكێت لە ژانویەی ١٩٤٣ لە واشتون ئاندرلین لە مەنچیستر لە دایك بووە. پێش ئەوەی بێتە مەیدانی سیاسەت لە رشتەی موهەندسیدا خەریكی خوێندن بوو. پیشەی سیاسی خۆی لە حیزبی كرێكار دەست پێكردو لە نێوان ساڵەكانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٩ نوێنەری ئەم حیزبە لە مەجلیسی عەوام دا بوو. خاتوو بێكێت لە ساڵی ١٩٧٩ لە حاڵێك دا ٣٦ ساڵ تەمەنی بوو كورسیەكەی لە پارلمان دا لە دەست دا. بەڵام ئەو لەو ساڵەدا لەگەڵ لئۆ بێكێت، بەرپرسی ناوچەی حیزبی كرێكار ژیانی هاوبەشی پێك هێنا.

دیسانەكە لە ساڵی ١٩٨٣دا سەر لەنوێ گەڕایەوە پارلمان و لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی وەك ئەندامێكی گرینگی پارلمان بەشدار بووە.

ئەم خاتوونە یەكەمین ژنە بەرپرسایەتی جێگری رێبەریی حیزبی كرێكاری لە ئەستۆ بووە. ئەو هەروەها رێبەریی كاتیی ئۆپۆزسیۆنی بۆ سێ مانگ لە ١٩٩٤ لە سەر شان بووە. یەكێك لە نامزەدەكانی رێبەریی حیزبی كرێكار بوو بەڵام لە تێكۆشانە نێوخۆییەكانی حیزبیدا تۆنی بلێر شكستیدا.

# ژنان و داهاتووی ئابووریی جیهان



ش. میهرپەروەر

ژنان لە گەشەی بەرهەمهێنانی ناخاڵسی جیهانیدا بەشدارن بەشێکی زۆرتریان هەیەو بەشیان لە تێکنۆلۆژی نوێ یان دێوەزمەی نوێ ئابووری (چین و هیند) زیاتر بووە.

تەنانەت ئەمڕۆ لە دنیای مۆدێرن و پێشکەوتوودا، لێکۆلینەوەکان وادەردەخەن کە دایک و باوکان بە باشی دەزانن کە منداڵەکانیان کوڕ بن نەک کچ.

یەکێک لە هۆیە هەمیشەییەکانی پێ باشتر بوونی کوڕان بۆ دایک و باوکان ئەوە بووە کە کوڕان لە لایەنی ئابوورییەوە بۆیان بەکەڵک و بە قازانج ترن لە کچان.

بەڵام ئێستا کاتی ئەوە گەیشتوە کە بنەماڵەکان زیاتر لەو بارەوە بیر بکەنەوەو بە خۆیان دابچنەوە. کچان ئێستاو لەم ڕۆژانەدا سەرمایەگوزارییەکی باشترن.

کچان لە بەراورد لەگەڵ کوڕان لە قوتابخانەدا نومرەی باشتر وەردەگرن و لە زۆربەی وڵاتانی پەرەگرتوودا ژنان زیاتر لە پیاوان دەچنە زانکۆ.

ژنان بۆ کاری نوێی سەدەی ٢١ راهاتووترو تەیارترن چونکە لەم کارەدا مێشک زیاتر لە توانایی جەستەیی گرینگی هەیە.

لە بریتانیا ژمارەی ئەو ژنانەی کەلە بەرەبەری پزیشک بوون دان و بۆ ئەم کارە رادێن زۆر زیاتر لە پیاوانەو سەرئەنجام ئەوەی کە ژنان بۆ سەرمایەگوزاری راسپاردەی باشتریان پێیە بۆ دایک و باوکیان تا پیاوان. لێکۆلینەوەکان دەری دەخەن کە ژنان پاشکەوتی ماڵیی باشتریان لە بەراورد لەگەڵ پیاوان دا هەیە.

لە لایەکی دیکەوە چوونەسەری کاری ژنان لە وڵاتە دەوڵەمەندو پەرداهاتەکان دا هۆیەکی گرینگی گەشە لەم وڵاتانە لە دوو دەیەی رابردوودا بووە.

ئەم ژنانە لە گەشەی ناخاڵسی جیهانیدا بەشدارن و بەشێکی زیاتریان هەیەو بەشیان لە تێکنۆلۆژی نوێ یان دێوەزمەی نوێ ئابووری(چین و هیند) زیاتر بووە.

ئەگەر گرینگی کاری ماڵ و بەخێو گەورە کردنی منداڵان بەم بابەتە زیاد بکەین، بەو ئاکامە دەگەین کە ژنان زیاتر لە نیوەی بەرهەمهێنانی جیهانیان بە خۆیان تەرخان کردوە.

راستە کە ژنان ئێستاش حەقدەستی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن و کەمتر بەرپرسایەتی سەرەکییان لە شیرکەتەکان دا پێدەدەن، بەڵام بە کاڵ بوونەوەی دەمار گرژییەکان لە ساڵەکانی داهاتوودا، ژنان داهاتوویەکی باشتریان بۆ بەهێزکردنی دەسکەوتو داهاتەکانی خۆیان هەیە.

دەوڵەتەکانیش دەبێ لە توانایەکانی ژنان تێبگەن. ژنان بە حەق گلەییان لە کەڵکی خراپ وەرگرتن و پێشێل کردنی مافەکانیان هەیە. بەڵام بە بڕوای ئابووری زانێک، ژنان بەشێک لە ڕێگاچارەی زۆربەی گیروگرفتە ئابوورییەکان لەوانە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ چوونەسەری حەشیمەت و هەژارین.

هێندێک دەڵێن ئەگەر ژنان لە بری منداڵبوون، زیاتر کار بکەن، بەرهەمهێنانی ناخاڵسی نێوخۆیی دەچێتە سەرێ. بەڵام لە بەرامبەریش دا لایەنی خراپی کۆمەڵایەتی وەک هاتنەخوارەوەی لە دایکبوونی بە دواوە دەبێ. بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا کە ژنانێکی زۆرتر کار دەکەن وەک سوئێدو ئامریکا، لە دایکبوون لە ژاپۆن و ئیتالیا کە ژنانیان زیاتر لە ماڵەوەن، زیاترە.

هێندێکی دیکە دەڵێن کە چوونی ژنان بۆ لای کاری لە دەرەوەی ماڵ زیانێکی قورسی بۆ منداڵان بەدواوە دەبێ. بەڵام ئامار لەم پێوەندییەدا زۆر روون نیە.

بۆ نموونە، لێکۆلینەوەیەکی زانکۆی"ویلند" لەم بارەوە بەرێوەی بردوە نیشان دەدا کە دایکان لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا هەر بە رادەی ساڵی ١٩٦٥ی زایینی کات بۆ راگرتن و بەخێوکردنی منداڵەکانیان تەرخان دەکەن. چوونەسەری کاری ژنان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی کەمتر بوونی کاری ماڵ و، کاتی بەتاڵ و خەویش کەمتر دەبێتەوە.

ئەوەی روونە ئەوەیە کە لە وڵاتانێکی وەک ژاپۆن، ئاڵمان و ئیتالیا کە هەر هەموو لەگەڵ گیروگرفتی هاتنەخوارەوەی حەشیمەت بەرەوروون، ژنانێکی کەمتر لە چاو وڵاتی ئامریکا یان تەنانەت سوئێدیش کار دەکەن، ئەگەر بەشداریی ژنان لە هێزی کار لەم وڵاتانەدا بگاتە ئاستی ئامریکا، نرخی گەشەی ئەم وڵاتانەدا بەهێز دەبێ.

لە وڵاتانی پەرەگرتووش دا کە کچان کەمتر لە کوڕان دەرۆنە قوتابخانە، سەرمایەگوزاری لە بارهێنان دا دەسکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرچاوی هەیە. ژنانی خوێندەوار نەتەنیا لێهاتوویی زیاتریان هەیە بەڵکوو منداڵانی خوێندەوارو سەلامەت تر پەروەردە دەکەن. بەشداریی زۆرتری ژنان لە دەوڵەتیش گەشەی ئابووری دەباتە سەر.

لێکۆلینەوەکان وا دەردەخەن کە ژنان پارەو پوولێکی زیاتر خەرجی باشبوونی بێهداشت، بارهێنان و پەروەردەکردن، ژێرخان و خەبات لەگەڵ هەژاری دەکەن و کەمتر لە بیری کڕینی تانک و بۆمب دان. لە رابردوودا وا باو بووە کە ژنان دەبێ دوو بەرابەری پیاوان کار کەن تا بەرادەی نیوەی ئەوان بەکەڵک بن، بەڵام ئەمڕۆ ئەم بە کەڵک بوونە ئیدی ئەوەندە گیروگرفت نیە.

سەرچاوە: ئیکۆنۆمیست

# بێدەنگی لە ئاست خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان

دوکتور رۆئیا تلووعی
وەرگێڕانی: سکالا حەکیم زادە

**هاواری مەرگ!**

ژنێکی ١٥ ساڵە کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆی ڕێکەوتی ١٣٨٤/٣/٢٨ لە مەریوان خۆی سووتاند. ٢٠ ڕۆژ لەوە پێش کچە مامەکەی خۆی سووتاند بوو، ئەو دووکچە مامە لەیەکێك لە ژوورەکانی بەشی سووتانی نەخۆشخانەی(تەوحید)ی سنە بەستەری بوون، دوای چەند ڕۆژ هەردوو گیانیان لەدەست دا. نەخۆشەکانی بەشی سووتاوی تەوحید زۆرتر لە ژنانی سووتاو پێك دێ.

زۆربەی ئەو ژنانە دان بە خۆسووتاندن دانانێن‌و هەموو کات چیرۆکە سواوەکانی وەکو( نەوت لە چرای گەرم کردن‌و دوایەش تەقینەوەی چراکە) دووپات دەکەنەوە ئەوە لە کاتێك دایە کە چۆنیەتیی سووتانی جەستەی ئەو کەسانە خۆی شاهیدی ئەو نهێنی‌یە شاراوەیە دەدەن.

من لە حەوتووی رابردوودا ٦ خۆسووتاندنی ژنانم بینیوە، کە دوایین کەس پاکترین‌و بوێرترینیان بوو.

خاتوو(و) لاوێکی ١٥ ساڵە بوو کە بەهۆی خۆسووتاندن، تووشی ٩٠ دەرسەدی سووتانی گیانی بوو. ئەو چیرۆکی خەماویی خۆی ئاوا دەست پێ‌کرد: دوعام بۆ بکە بە زوترین کات بمرم؟ چونکە دەمهەوێ لە دەست مێردەکەم رزگار بم. تەمەنم ١٥ ساڵە، ٤ مانگە مێردم کردوە، مێردەکەم هەموو کات لێم دەدا، تا ئێستا ٥،٦ جار بە مست‌و پێلاقە کەوتۆتە گیانم‌و جنێوی پێ‌داوم.

جارێکیان وای سەر شکاندوم کە بۆ چەند ڕۆژێکیش نەم دەتوانی لە جێگای خۆم هەستم. دوێنێ دووبارە کەوتە گیانم‌و لێی دام من بەتەنیا لە ماڵەوە بووم. تەلەفۆنەکەی قەتع دەکرد. ئیزنی بینین‌و هاتووچۆی جیران‌و خزم‌و کەسی بە من نەدەدا، دەی‌گوت دەبێ لە ماڵەوە زیندانی بی. چەند جارێك تۆرام‌و چوومە ماڵی بابم، بەڵام بابم گووتی دەبێ درێژە بە ژیانی هاوبەشت بدەی. هیچ ڕێگایەکی هەڵاتنم لەو ژیانە ناخۆشە پێ‌شك نەدەهات، هەر بەو هۆیەش بوو ئاگرم لە خۆ بەرداو خۆم سووتاند بۆ ئەوەی بمرم‌و پەشیمانیش نیم لەو کارەی کردومە. من زۆر جوان بووم، بەڵام چیرۆکی ژیانی من لە ١٥ ساڵی دا ئاوا کۆتایی پێ‌دێ، حەوتوویەك لەوەپێش بە خواردنی حەب(قرص) هەوڵم دا خۆم بکوژم، بەڵام نەم توانی دەرمان زۆر بخۆم. هەر بۆیە دوێنێ لە حەمامی ماڵێدا دوای ئەوەی مێردەکەم زۆری لێ دام خۆم سووتاند. کاتی خۆسووتاندن ژانێکی ئیجگار گرانم هەبوو، ژنی ساحیب ماڵەکەمان یارمەتی دام‌و ئاگرەکەی کوژاندەوە، ئێستا



هیوادارم هەرچی زوتر بمرم‌و دەمهەوێ تەواوی دونیا بزانێ کە هۆی ئازارو ئەشکەنجەکانی مێردەکەم خۆم سووتاندوە....

ئێستا چیرۆکی ژنە مەریوانی‌یەکە تەواو نەببوو کە هات‌و هاوارێکی دیکە لە بەشی سووتانی نەخۆشخانە دەستی پێ‌کرد.ئەوەش ژنێکی سوتاو بوو کە لە کامیارانەوە هاتبوو. دووبارە ژنێکی سووتاو کە برایەکەی چیرۆکی تەقینەوەی چرای دووپات دەکردەوە......؟

من لە زستانی ساڵی ١٣٨٣ بە مەبەستی دۆزینەوەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئاگر لە لایەن ژنانی کورد، نەخۆشخانەو بهزیستی‌و ئۆستانداری‌و پزیشکی قانوونی‌و شوێنە جۆراوجۆرەکانی سنەم خستە ژێر پێ‌و هەمووی گەڕام‌و لەو ماوەیەدا لەگەڵ هێندێك ڕووداوی گەورەی دڵتەزێن بەرەوڕوو دەبووم کە ئاهێکی قووڵی لە ناخی خەڵك هەڵدەستاند.

حەوتوویەك لەوەپێش خۆسووتاندن‌و مردنی کچێکی لاوی سەردەشت‌و خۆکوشتنی کوڕێك کە خۆشەویستی کچەکە بوو لە حەوتوونامەی(ئاسۆ) لە کوردستان بڵاوبۆوە.

دوو حەوتوو لەوەپێش هەواڵێکی دڵتەزێن‌و سووتاندنی ژنێك لە لایەن هاوسەرەکەی لە"شریف اباد"ی سنە بڵاوبۆوە. پرسیارێکی گرینگ کە دەبێ بی‌کەی ئەوەیە کە چ هەوڵێك دەدرێ بۆ پێشگیری لەو کارە توندوتیژی‌یانە کە دژ بە ژنان دەکرێ؟ بۆچی ژنان دەبێ لەوپەڕی بێ‌سەرپەنایی‌و نائومێدی بسووتێنرێن یان بۆ خۆیان خۆ بسووتێنن؟

هێندێك لە شوێنە قانوونی‌یەکانی کوردستان بە حەشاردان‌و

پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئامارو بڵاوکردنەوەی راستیەکان، کەمترین هاوکاریان هەبوو!

ئایا بە شاردنەوەی ئامارەکانو راستیەکان دەتوانین سەرپۆش لەسەر پێشهاتە تاڵەکانی کۆمەڵگا دانێن؟ سەرپۆش لەسەر دانانو شاردنەوەی راستیەکانو هیچ ئەرزش دانەنانو گوێ نەدان بە کاری توندوتیژی دژ بە ژنان، زیاد بوونی رادەی خۆکووشتنو خۆسووتاندنی ژنان بەدواوەیە. کاربەدەستان تاکەی دەتوانن بێدەنگ بن؟

لەلایەکی دیکە پرسیار لە پیاوانو ژنانی کۆمەڵگاش بکەن کە هەتا کەی لە کەلتوورو هەڵسووکەوتیان، توندو تیژی بەدژی ژنان بە کارێکی باشو رەوا دەزانن؟ ژنان هەتا کەی بە نەناسینی مافەکانی خۆیان لە بەرانبەر ئەو توندوتیژیانە بێدەنگ دەبنو سەری کڕنۆشو دیل بوون دادەنوێنن؟

ئەو کەسانەی کە کۆنوانسیۆنی لابردنی جیاوازی دژی ژنان کە کۆمەڵێك خاڵی یاسایی لە پشتیوانی لە ژنان دا لە خۆی گرتوە رەت دەکەنەوەو وەڵامێکیان بۆ ئەو ژنانە پێ نیە کە توندوتیژیو سووکایەتیان پێدەکرێ؟ ئایا بەهۆی حەرام بوونی خۆکوژی دەبێ لەو ژنانە بێزار بین کە خۆیان دەسووتێننو بیر لە هیچ چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ پێشگرتن لە دووپات بوونەوەی نەکەینەوە؟

شاردنەوەو سەرپۆش دانان لەسەر کێشەکان دەبنە هۆی نەدۆزینەوەی هۆکارەکانی دووپات بوونەوەی ئەو کێشانە، بەڵام دوایین پرسیار لە پیاوانی کۆمەڵگا: بۆچی توندوتیژی؟

چاوپێ داخشاندنێك بەو خشتەیەی خوارەوە ئاماری خۆکوژی لە ساڵی ١٣٧٧ وەدەست دەدا:

| ریز | چۆنیەتیخۆکوژی | پیاو | ژن | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خۆسووتاندن | ١٣٨ | ٤٥٥ | ٥٩٣ |
| ٢ | خۆخنکاندن | ٨٨٣ | ١٣٩ | ٩٧٩ |
| ٣ | مەسموومیەت | ٢٣٤ | ١٤٩ | ٣٨٣ |
| ٤ | خۆفرێدان لە بڵیندایی | ٤٢ | ٣٠ | ٧٢ |
| ٥ | قووم بوون | ٨٦ | ٢٢ | ١٠٨ |
| ٦ | ئەسلحەی گەرم | ٢٣٤ | ١٤ | ٢٤٨ |
| ٧ | ئەسلحەی سارد | ٣٤ | ٨ | ٤٢ |
| ٨ | چەندین جۆری دیکە | ١٠٩ | ٣١ | ١٤٠ |

بە خوێندنەوەو مووتالعە کردنی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خۆ سووتاندن لە نێوان ژنان دا نیزیك بە ٤ بەرابەری پیاوانە.

لە لێکۆڵینەوەیەك کەلە لایەن خاتوو (امجدو اغای گنجی) لە ساڵی ١٣٧٨ لەسەر خۆکوژی لە ئوستانی کوردستان بەڕێوچوە، دەرکەوتوە کەلە ئوستانی کوردستان دا خۆکوژی ژنان زۆرترە لە خۆکوژی پیاوانو ژنان زۆرتر لە تەمەنی لاویدا خۆکوژی دەکەن. هەروەها لە نێوان ژنانی خاوەن مێرد"متاهل"خۆکوژی زیاترە تا ژنانی رەبەن"مجرد"(٦٤٪ ژنانی خاوەن مێردو ٣٦ لەسەدی ژنانی رەبەن). خۆکوژی لە نێو ژنی خانەدار زۆرترە بەهۆی ئازارو ئەشکەنجە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بووە. ئازاری هاوسەر بە تایبەت بۆ ژنانێك کەلە تەمەنی خوارەوە ژیانی هاوبەش پێك دێنن دەبێتە هۆی خەمۆکیو دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی سەرەکی خۆکوژی.

هێندێك لەو ژنانە کە خۆکوژییان کردوە ژنانێکن کە یان بێسەوادن یان سەوادێکی کەمیان هەیە.

بەداخەوە لە کوردستان ژنان لە رێگاکانی توندتر وەکوو: خۆسووتاندن بۆ خۆکوژی کەڵك وەردەگرن.

لە راپۆرتی میللی خۆکوژی ژنان بەداخەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئوستانە کوردنشینەکانی وڵات لە بارەی خۆکوژی ژنان لە پلەی یەکەم تا سێهەم دان بە جۆرێك کە ئۆستانی کرماشان لە پلەی یەکەم دایە، ئوستانی ئیلام لە پلەی سێهەم دایە.

یەکەم هۆی خۆکوژی ژنان بەردەوام کێشەی بنەماڵە بووەو دوای ئەو هۆکارەکانی وەکوو نائومیدیو هەژاریی ماڵی لەو هۆیانەن لە ئوستانی کوردستان زۆرترین رێژەی خۆسووتاندن لە مەریوانو کامیاران بەرچاو دەکەوێو بەداخەوە کێبەرکێییەکی خەراپ لە نێو ئەو دووشارە لە وەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە خۆسووتاندنی ژنان لە ئارادایە.

ئەو ژنانەی کە دەبنە قوربانی توندوتیژیو لێدانو ئازارو ئەشکەنجە بەهۆی نەبوونی زانیاری لەسەر یاساو هەروها نەبوونی پشتیوانی تەواوی یاساییو دابونەریتی کۆنی بێدەنگیو سەبر کە بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا زاڵە، بە جۆرێك لە ژێر گوشاری رووحیو رەوانی دان کە رێگایەکیان جیا لە بەرەو پیلی مەرگ چوون پێشك نایە.

ئەگەر یاسا پیشگیری تەواو لەو ژنانە بکاو راوێژکارو شارەزایانی دەروونناس لە قالبی(NGO) ی پێشکەوتوو بە یارمەتی ژنان، بە تایبەت ژنان لە گۆشەوکەناری شارەکانو دێهاتەکان رەوانە بکاو هەروەها شوێنێکی ئەمن لە لایەن رێکخراوە سنفییەکان بۆ پیشگیریو سەرپەنا دانی ژنانی بێسەرپەنا لەبەر چاوبگیرێ. لەوانەیە بتوانین لە خۆکوژیو خۆسووتاندنی ژنان کەم بکرێتەوە.

بەهیوای ئەوەی کە بێدەنگی لە ئاست خۆسووتاندنی ژنان بە تایبەت ژنانی کوردستان بە زووترین کات بن بڕو کۆتایی پێبێو رێگا چارەیەکی مەسئوولانەی بۆ ببیننەوە.

سەرچاوە: سایتی بامداد

# ژنان و بازاری کار

موژگان فەرەجی
وەرگێڕانی: جەلال کیشوەردوست

## دانانی سیاسەت گەلێك كە ژنان دەكاتە ماڵدار

بێگومـان تـەنیا هۆیـەك كـە گەشـەو خێرایی بەپەری ئابووریو كۆمەڵایـەتی دەدا، كـەڵك وەرگرتنـی بـەجێ لـە سەرچـاوە مرۆڤیـیـەكانی كۆمەڵگایـە. ژنـانو پیـاوان پێكـەوە، لـە كۆمـەڵدا رۆڵو كاردانـەوەی تایبەتیان هەیە ژنان وەك نیوەی حەشیمەتی وڵات كاریگەری راستەوخۆی لە پێشقەچوونو پـەرەگرتنیدا هەیـە. هـەر بۆیـە پێویسـتە بەشـداریی ئـەوان لـە كاروبـاری ئـابووری، سیاسیو كۆمەڵایەتیدا گرینگی پێبدرێ.

هەندێ لـە كۆمەڵناسـان لـەو بـاوەڕەدان تـەنیا رۆڵـی ژنان لـە كۆمـەڵدا، دابینكردنـی پێویستـییەكانی جینسـی پیـاوانو منـداڵ بوونەو نابێ گۆرانێك لـەم رۆڵانـەدا پێك بـێ. "رابـرت لـین": لـە كتێبـی ژیـانی سیاسـیی خۆیدا دەڵێ: بەشداریی ژنان لە كاروباری سیاسـی یـان هـەر جـۆرە بەسـتراوەیی دەرەوەیـی مـاڵ، بـە مانـای دزی كـردن لـە هەڵەكانی بنەماڵەییە.

لـە روانگـەی"تـالكوت پارسـۆنز": دیسـان ژنـان نابێ لـە ژیـانی پیشـەو كـاردا مودێلی پیاوان پەیرەو بكەنو لە ململانێ راستەوخۆ لەگـەڵ پیـاوانی چـینی خۆیـان رووبـەروو ببنەوە. چونكە ئاڵوگۆر پێكهاتن لە فرسـەتی كارو پێكهێنانی بەرامبەری لـە نێوان ژنانو پیـاوان دەبێتـە هـۆی پچـڕانی پێكهاتـەی بنەماڵە. هەروەها هەر جۆرە گۆڕانێك لە رۆڵی ژنـان، مەترسـیی زۆری لێ دەكەوێتـەوەو سپاردنی كـار بـە ژنـان لـە بـواری ئـابووریو سیاسـیدا دەبێتـە هـۆی رووخـانی كـارایی كۆمەڵگا.

هەندێكیتر لە كۆمەڵناسان بە رۆڵی ژنان لە پـەرەگرتوویی وڵاتـان پـێ دادەگرنو لـەو بـاوەڕەدان بـەبێ بەشـداریكردنی ژنـان كۆمـەڵگا گەشـە ناكا."ویـل دورانـت" لـەو باوەڕەدایە: لە كۆمەڵگای سەرەتایی، بەشی هـەرەزۆری پێشقەچوونی ئـابووری بـە هـۆی ژنانەوە بووە نە بە هۆی پیاوانەوە سەدە لە دوای سـەدە پیـاوان بـەردەوام خـەریكی راو كردن بوون ژنـان لـە دەرەوەی خێوەتـەكان دا خـەریكی كشـتوكاڵ بـوونو بوونـە هـۆی خولقاندنی هەزاران هونەری خۆماڵی كە هـەر یـەك لەوانـە بنچینـەی سـەنعەتە مەزنـەكانی ئەمڕۆین.

كارناسانی مەسەلەكانی كۆمەڵایـەتی لـەو باوەڕەدان كە سەپاندنی هەندێ سیاسەت لە كارو باری ئامووزشی وڵات بۆتە هـۆی ئـەوە كە باسی ماڵداریی ژنانو گرینگی ئەم بابەتە لـە نێـو تاكـەكانی كۆمـەڵدا نەهادینـە بـێو تارادەیـەك چـالاكی ژنـان لـە ئاسـتەكانی سیاسی لەگەڵ جۆرێك بـەرەنگاری رووبـەروو بن.

"بهنـاز موحـدی": كارناسـی مەسـەلە كۆمەڵایەتیـیـەكان دەڵـێ: بـە پێـی راپۆرتـــەكانی رێكخـــراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لە گەشەی مرۆڤی دا، ژنان بەشی زۆر كـەم یـان لـە بەرژەوەنـدیی گەشەیی وەرگرتوە. ئەگەرچی ژنان نیوەی حەشیمەتی جیهان پێك دێنن بـەڵام بەشیان لە حەشیمەتی چالاكی ئابووری نزیك بـە ٣٠ لـە سـەدەو لـە هەنـدێ لـە وڵاتـان زۆر لـەم ژمارەیە كەمترە.

ناوبراو لـە درێـژەدا دەڵـێ: هەڵبەتـە لـە دەیەی رابـردوودا گـۆڕانێكی قـووڵو بەرچـاو بەسـەر ئـەم بارودۆخـەدا هـاتوە. كـەم بوونـەوەی نابەرامبـەری رەگـەزی، بەشێكی لێكدانـەبڕاوی جـەریانی پەرەسـەندن بـە حیسـاب دێ. یـەكێك لـە گـرینگترین گۆڕانەكان، گۆڕان لە تێڕوانینـی دەسـەڵاتدار نیسبەت بە ژنان لەم جەریانانەیە،بەچەشنی كە لە دەیـەی ٧٠ی میلادی بـۆ یارمـەتی بـە ژنان باسی ئاسایشی ژنان كراو هەوڵێكی زۆر بە مەبەستی دەستبەر كردنی پێداویستی بۆ پشـتیوانی لـە رێخسـتنی پـرۆژەی چـووكە دابینكردنـــی گـــرینگترین پێداویســـتیـیە سەرەكیـیەكانی مرۆڤی ئەنجام دراوە.

ئـەم كارناسـە دەسـت نیشـانی كـردوە: هێشتا لە وڵاتـانی لـە حـاڵی پەرەسـەندن دا، ژنان بۆ كاركردن هـەلی كـەمتریان هەیـەو لـە بەشـی رەسـمیش دا دیسـان حـەق دەسـتی كەمتر بە نیسبەت پیاوان وەردەگرن، ژنـان ساعەت گەلێكی زۆرتر لە پیـاوان كـار دەكـەن بـەڵام دەرئـەنجامی كارەكـەیان بـۆ حیسـاب ناكرێ.

موحدی دەست نیشانی كرد: ئەگەرچی لە چەند ساڵی رابردوو لە وڵات تێڕامانێكی نوێ باسی كاری ژنان كراوە، بەو پێیە ژن ئیدی تـــەنیا یارمـــەتی وەرگرنیـــە بـــەڵكوو بەرهەمهێنەرەو بەشداریكەرو لە هەمان كات دا كەڵك وەگر لە ئیمكاناتی وەدەستهاتوو لە جـەریانی پەرەسـەندن دایـە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا لـە فەرهـەنگی میللـی وڵاتـانی ئێـران، ئـەم بیرۆكەیـە هەیـە كـە پیـاوان بـۆ وەرگرتنـی كـار لـە پێشـەوەن چـونكە نـان هێنەری ماڵن.

ئەم كارناسەی مەسەلە كۆمەڵایەتیـیەكان





دەڵێ: لە بەندی ٨، ٩،١٢، ئەسڵی سێهەمی قانوونی ئەساسی ئێران مەسەلەی بەشداریی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی خۆیانو هەروەها لابردنی جیاوازییە ناڕەواکانو دابینکردنی پێداویستیی خێزان بۆ هەموان لە تەواوی بوارەکانی ماددیو مەعنەویو لابردنی هەرجۆرە بێبەشی لە بارەی تەغزیە(خۆراك)، ماڵ، کار، لەشساغی ئاماژەی پێکراوە بەڵام تا قۆناغی پراکتیك ماوەی زۆری هەیە.

"ئیرج زاهدی" راڤەکاری کۆمەڵایەتی دەڵێ: توێژینەوەکانی ئەنجام دراو تایبەت بە کتێبە دەرسییەکان قۆناغی سەرەتایی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکیان نیشان دەدا کە زۆرێك لە پێرستی ئەم کتێبان چ پێش ئینقلابو چ پاش ئینقلاب پیاوانەیەو هەرچی لە ئاموزش پۆلی یەکەمی قوتابخانە بۆ پۆلی پێنجەم نزیك دەبنەوە. لە بەشی ژنان کەمتر دەبێتەوەو بە بەشی پیاوان زیاد دەبێ لە بواری چالاکییەکانی پێناسەکراو، دیسان زۆر جار ئەم چالاکییانە یان لە بواری پیاوانەیان بەکاری ئەوان لە دەرەوەیی ماڵ پێوەندی هەیەو ژنان زیاتر بۆ کارگەلی نێوماڵ ناسێندراون.

ناوبراو هەروەها درێژەیدا دەڵێ: بەپێی راپرسییەك کەلە لایەن ناوەندی هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی دەنگو رەنگەوە لە ساڵەکانی ٧١ هەتا ٧٤ لە نێو خەڵکی تاران سەبارەت بە پێشوازی لە بەشداریی ئابووریو کۆمەڵایەتی ژنان ئەنجام دراوە، نیشان دەدا کە نێوەرۆکی وانەدەرسییەکان لە دەورانی مندالّی لەنێو بەشدارانی راپرسییەکەدا گرینگترین ئەرکی ژنانیان ناوبردوەو لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژنان بە هۆی تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە خۆیانو ئەو گیروگرفتانەی کە هەیانە بۆ وێنە بۆ پۆستی وەزارەت نابن کە لەم نێوەدا پیاوان زیاتر لە ژنان لەگەڵ وەزیر بوونی ژنان دژایەتییان کردوە. بۆیە بە پێی ئەم بیرۆکەیەو چاوەروانییە ژنان بۆ لای پیشە گەلێك دەچن کە داهاتووی چاوەروانییەکانی کۆمەڵگا خەوشدار دەکا. پیشەیەك سەرەڕای دابینکردنی داهات بۆ بنەماڵە ئەو هەلە برخسێنێ کە نەتوانێ چاوەروانییەکانی کۆمەڵگا وەك: ژنێکی ماڵداریش بەدی بێنێ.

"محمد تورانی" کارناسی مەسەلەی ژنان لە بواری کاریگەری ئابووریو کۆمەڵایەتیو کاری ژنان دەڵێ: پێشتر بوونی ژنانو مندالاّن لە مەیدانەکانی کاری زیاتر لە هەموو شتێك بە هۆی هەزاران بوونی حەق دەستیان بوو. چونکە بەردەوام ئەم ئەگەرە لە ئارادا بوو کاری ژنان بە هۆی کەمبوونی هێزی فیزیکیانەوە بایەخی کەمتر هەیە.

ناوبراو درێژە دەداو دەڵێ: وڵاتانی گەشەسەندوو توانیان لە سەدەی بیستەم بە تایبەت دوای شەڕی جیهانی یەکەم، هاوکات کە بووژانەوەی ئابووریو فرەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خۆیان لە سەرپێکهاتەی نیزامی دابینکردنی کۆمەڵایەتیو فرەبوونی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە ژێر ناوی رێکخەری بازارو راستکردنەوەی نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتییەکان درێژە پێبدەن.

رادەی بووژانەوەی حەشیمەتی خۆیان لەیەك نزیك بکەنەوە یان بیبەنە ژێر یەك لە سەد کە ٣٤٧ ساڵ یانی سیسەدەو نیو درێژە دەکێشێ کە حەشیمەتی وڵاتێك هاوشێوەی ئیتالیا بە نرخی گەشەی ٢٪ لەسەد، دوو بەرابەر بێتەوە. بەڵام دوو بەرابەر بوونی حەشیمەتی وڵاتێکی هاوشێوەی ئێران بە نرخی گەشەی ١/٩ لە سەد کەمتر لە ٣٨ ساڵ روودەدا. بەم شێوەیە ئیتالیا نزیك بە ١٠ بەرابەری ئێران هەلی هەیە تواناکانی خۆی پەرە پێبدا. لە حاڵێك کە ئێران لە ئاوەها کارێك دا نە هەلی پێویستی هەیەو نە سەرمایەی پێویستیش.

ئەم کارناسە لە بارەی دواهاتنی پۆزتیفو نیگەتیف کاری ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵ دادەڵێ: موتالاو توێژینەوەکان لە بارەی قازانجی کاری ژنان بۆ بنەماڵەکانیان، نیشان دەدا کە هۆکاری سەرەکی ئابووریو دابینکردنی بەشێك لە خەرجەکانی بنەماڵە ٨١٪ لەسەدو بە دەستهێنانی سەربەخۆیی ماڵی بۆ ژن ٥٧ لەسەدە، زۆرترین بەشیان هەبووەو نزیك بە ٣٤ لەسەد بە باش بوونی پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان لە کۆمەڵو ٨ لەسەد بە بەرز بوونەوەی رۆڵی ژنان لە کاروباری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی.

ناوبراو درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ: بەرزبوونەوەی ئاستی بێهداشتی بنەماڵە، بەهرە وەرگرتنی زۆر لە سەرچاوە ماددیو مەعنەوەیی یەکان، بەرزبوونی توانای مودیرییەتی ژنان لە بنەماڵە، بەرز بوونەوەی وورەو باوەر بەخۆ بوون لە کۆمەڵ، پڕبوونی کاتی بە تاڵیو پشتگیری لە زیانە کۆمەڵایەتییەکان، دابینکردنی کۆمەڵایەتی ژنان لە کاتی روودانی قەیرانی جۆراوجۆر، دەرخستنی توانا مرۆڤییەکان، دەروەست بوون بە نیسبەت بنەماڵە، کاریگەری ژنان لە کەمکردنەوەی نرخی زۆری حەشیمەت، سەربەخۆیی ماڵی ژنان پتەو بوونی بنەماڵە بەرزبوونەوەی ئاستی باوەر بەخۆی ژنان لەگەڵ بەرهەمهێنان بۆ وێنە بەرهەمی پۆزتیڤی کاری ژنان بە ئەژمار دێ.

ناوبراو هەروەها درێژە دەداو لەو بارەوە دەڵێ: گوشاری جیسمیو رووحی بە هۆی ئەنجام دانی رۆڵی چەند لایەنە، نەبوونی سۆز لە بنەماڵەو گوشاری رووحیو ترس هەڵقولاو لە دووری مندال، یەکێك لە نیشانەکانی نێگەتیڤی کاری ژنان بە ئەژمار دێ.

***

# مافەکانی ژنان مافەکانی مرۆڤن

نوویسنی: سۆهەیلا وەحدەتی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەبدولا عەبدولاپوور

**پێویستیی هەڵبژاردنی دەرهەستانەی شێوازی خەباتی ژنان.**

ئەگەر بە وردبینیەوە چاو لە رەوتی هەنووکە (ئێستا)یی بکەین، سنورێکی تەواو دیار لەنێوان ژنانی چالاك و رێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی ژنان و لە لایەکی دیکەوە بنیادگەلی ژنانی سەر بە دەسەڵات دەبینین. بۆ؟

چ شتێ جووڵانەوەی ژنان لە دوو لایەنی ئەو هێڵە لە یەکتر جیا دەکاتەوە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کە جووڵانەوەی سەربەخۆی ژنان دژ بە دەسەڵاتە؟ دەتوانین بڵێین کە هەموو ژنانی سەر بە دەسەڵات یاخود چالاك لە دامەزراوەکانی حکوومی تەنیا رواڵەت نوێنی دەکەن و بە گشتی هیچ هەنگاوێك بە قازانجی ژنان هەڵناهێننەوە بۆچی؟ ژنان دەوڵەتی و نا دەوڵەتی هیچ هۆگری و هەژانێکی دەروونی بۆ پەیوەندی گرتن و هاوکاری کردنی یەکتر لە خۆیان نیشان نادەن؟ بۆچی چوارچێوەی هەوڵەکان لە هەر دوو لایەنی ئەو هێڵە تەنانەت گەر هاوبەشیش بێ، یەکسان نابێ؟

ژنانیش وەك پیاوان مرۆڤن. ژن و پیاو جیاوازن، بەڵام هەر دوو مرۆڤن و جیاوازی رەگەزی ئەو دووە نابێ رێگر بێ لە بەهرە وەرگرتنی هیچ یەك لەو دوو رەگەزانە لە مافی یەکسانی خۆیان. راگەیاندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ بنەرەتی ترین مافەکانی بۆ هەموو مرۆڤەکان دیاری‌کردوەو جیاوازی نێوان ژن و پیاوی رەوت کردۆتەوە.

بەڵام ژنان بە چ شێوەیەك دەتوانن بنەڕەتی ترین مافەکانی مرۆڤیان هەبێ کاتێك کە بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵ لە ژێر توندوتیژی و پێشێلکاری دابوون و ئەو پێشێلکاری و توندوتیژیان لە کەلتووری هەموو مرۆڤەکان لە هەموو شوێنێکی دنیادا ریشەیان داکوتاوە؟

بەربەرەکانیی‌کی جیددی و بەردەوام بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بۆ نەهێشتنی پێشێلکاری، بۆ بەهێز کردنی ژنان، بۆ گەشەکردنی بەشداری ژنان پێویستە، و ئەو خەباتە لەسەر رێی هەموومانە. هێندێك لە کۆمەڵگاکان وەکوو وڵاتانی رۆژئاوایی لەم خەباتەدا چەند هەنگاوێك لە پێش ئێمەوەن و لەم رووەوە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەوان دەتوانێ بە رادەیەکی بەرچاو رێگا چارەی رەوتی خەباتی ئێمە (ژنانی ئێرانی) بێ. بەڵام دەبێ ئەو راستی‌یە لەبەرچاو بگرین کە رەوتی خەباتی ئێمە کاریگەریەکی زۆر لە مێژوو و کەلتووری ناوچەیی و خێڵەکیمان وەردەگرێ، ئەم خەباتەش بەرهەمی ئەو هۆکارانەیە.

لێرەدا ناچمە ناو باسی مێژوو و کەلتوورو ناسنامەی گشتی "ئێمە ئێرانی‌یەکان" و "ژنانی ئێرانی"، بەڵکو هەول دەدەم بابەت و نێوەرۆکی قسەکانم لەسەر تەوەری (مافەکانی ژنان مافەکانی مرۆڤن) راگرم. گەر ئێمە بەراستی پێمان وایە کە لە بنەڕەت دا مافەکانی ژنان خوودی مافەکانی مرۆڤن‌و ئێمەی ژن مافەکانی مرۆڤی خۆمان دەوێ، کەواتە ئەوە قبووڵ دەکەین کە بەشێکی بەرچاوی خەباتەکەمان، خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤایەتی‌یە.

ئەو دیاردەیە بە تایبەت لە وڵاتانی ئێمەدا کە ژنان لە بنەڕەتی‌ترین مافەکانی مرۆڤ بێ‌بەشن، راستە دابینکردنی مافەکانی مرۆڤی ژنان کە لە راگەیاندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دا هاتوە ئامانجی بە پەلەی خەباتی ژنانی ئێرانە، تەنیا سەرەنج بدەنە چەند خاڵێك لە راگەیاندراوی جیهانی مافی مرۆڤ.

مادەی ٣: هەر تاکە کەسێ مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی تاکە کەسی هەیە.

قەتلە نامووسی‌یەکان لە ئێران دا یاسایی‌یەو مێرد دەتوانێ ژنەکەی لە کاتێك دا کە لە پاڵ پیاوێکی تردا خەوت بێ بکوژێ.

مادەی ٤: هیچ کەس نابێ لە کۆیلەتی یاخود بەندیخانە دا بمێنێتەوە. کۆیلەتی و ئاڵوگۆڕی کۆیلەکان بە هەر شێوەیەك بێ قەدەغەیە.

وەبیری خۆمانی بێنینەوە کە کچان لە دێ‌یەکان بە نێوی شوو کردن لە راستی دا وەك کۆیلەی رەگەزی دەفرۆشرێن.

مادەی ٥: هیچ کەس نابێ ئازار بدرێ یاخود لە ژێر ئازاردان یاخود کردەوەی زاڵمانەی دژی ئینسانی و یاخود سووکایەتی پێ کردن دابێ.

توندوتیژی ماڵەوە یانی باوترین و ئاسایی ترین شێوەی جەزرەبەدانەو کردەوەی زاڵمانەو دژی ئینسانی و سووکایەتی پێکردن لە ئێران دا زۆر رەواویە و یاسا هەنگاوێك بۆ پشتیوانی کردن لە ژنان هەڵ هێنێتەوە و جەزرەبە دەر سزا نادا.

مادەی ٦: هەر کەس مافی ئەوەی هەیە کەسایەتی‌مافدارانەی لە هەموو جێگایەك بە رەسمی بناسرێ.

لە ئێران دا ژن تەنانەت بۆشووکردنیش پێویستی بە ئیزنی بابی هەیەو بۆ سەفەر کردنیش پێویستی بە ئیزنی مێرد هەیە.

مادەی ٧: هەموو لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن و مافی وەك یەکیان هەیە بەبێ هیچ جیاوازی‌دانانێك خاوەنی پشتیوانی یەکسانی یاسا بن. هەموو مافی خۆیانە لە بەرانبەر هەر جیاوازی دانانێك کە لە دەرەوەی راگەیاندراوی ئێستا بێ، و لە دژی هەر هاندانێك کە بۆ جیاوازی دانانە بە کار دێ، پشتیوانی وەکوو یەکی یاسایی یان لێ بکرێ.

هەڵبەت هەمووی ئێمە دەزانین کە ژن و پیاو لە ئێران دا لە بەرانبەر یاسادا یەکسان نین... و بە داخەوە ئەو نا یەکسانی‌یە لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران رەنگی داوەتەوە. خەباتی ئێمە ژنان لە قۆناغی ئێستادا خەبات لە پێناو مافی مرۆڤ دا و ئەو بەربەرەکانی‌یە تەنیا لە چوارچێوەی یاسایی دا نیە، بەڵکوو بە بەربڵاوی لە چوارچێوەی کەلتووریش دا هەموو لایەکانی دەگرێتەوە هەر بەو شێوەیە چوارچێوەی ئابووری سیاسەت و چوارچێوەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیش پیاڤگەلێکن کە ژنان لەوێ‌دا خوازیاری مافەکانی مرۆڤ و بواری گونجاو بۆ بەشداری کردنی خۆیانن. بەو شێوەیە خەباتی ئێمەش هەمان شێوەی مافەکانی مرۆڤە. بە واتایەکی تر، بەربەرەکانی‌یەکانی ژنان لە چوارچێوەی ململانێی سیاسی دا وەرناگرێ هەر چەندە ئەوە زۆر بنەڕەتی تر لەوەیە کە بکرێ رەنگ و بۆی سیاسی پێوە بنرێ. هەڵبەت بیروباوەڕی سیاسی مافی هەموو مرۆڤێکە و هەموو ژنێکیش دەتوانێ بیرو باوەڕی سیاسی خۆی هەبێ‌و خەبات بۆ ئامانجە سیاسیی‌یەکانی خۆی بکا جیا لەوە رێگای گەلی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان

←

هەیەو کەس ڕێگری لە شێوە گەلی کاریگەری سیاسی لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ژنان نیە! هەڵبەت بابەتی شیاوی باس لێرەدا شێوەکانی یارمەتیدەر یاخود ناسینی بەشەکانی پێکهێنەری خەباتی ژنان نیە! بەڵکوو بۆچوونی گشتی لە کۆی بەربەرەکانییەکانی ژنان دا لە قۆناغی هەنووکەیی داو ڕەوتی بنەڕتی ئەو بەربەرەکانییانە بۆ جوڵانەوەی هەنووکەیی ژنانە کە لێرەدا لە بەرچاو دەگیردرێ.

بەو باکگراونده دەبێ لە ڕوانینێکی گشتی شێوەکانی خەباتی ژنان لە وڵاتەکەمان دا بچینەوە. بزانین کە تا چ ئاستێك خەبات لە پێناو مافی مرۆڤی ژنانەو تا چ ئاستێك ئەو کۆمەڵە ڕەنگی سیاسی بە خۆوە دەگرێ. لە درێژەی ئەم وتارەدا ئیزنم بدەن وێڕای پاراستنی ڕوانگەیەکی گشتی لەو پرسە کەڵك لە وێنە گەلێك بۆ ڕوونبوونەوەی باسەکە بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو وەرگرم کە ئەو وتارە لە ئاستێکی ناتەواودا نەمێنێتەوەو زەقو بەرچاوتر بێ.

## جیاوازی خەبات لە پێناو مافی مرۆڤ و خەباتی سیاسی

خەبات لە پێناو مافی مرۆڤ دا ئامانج مەبەست لە بەربەرەکانی، بەراستی گرەنتی کردنی مافی مرۆڤەو لاگیری سیاسی بۆ خەبات لە پێناو مافەکانی مرۆڤ جێگایەکی نیە، بە واتایەکی سادە دەتوانین بڵێین کە ئەوەی بۆ باسو دادوەری کردن دەبێ، کارکردە، نە ناسنامە(پێناسە)ی تاك یاخود کۆمەڵێك کە کارکردی هەڵبژارد بێ، لەو پێوەندییەدا بۆ نموونە کارکردی دەسەڵاتو دەوڵەت لە بواری چارەسەر کردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای دەست وێراگەیشتنی ژنان بۆ مافەکانی مرۆڤ، تاوتوێ دەکرێ. نە ناسنامە(پێناسە)ی سیاسی دەسەڵاتو دەوڵەت بەستراوەیی گەلی سیاسیو بیروبۆچوونی پرسەکانی دەسەڵات یاخود چێیەتی سیاسی حیزبی دەسەڵاتدار لە دەرەوەی بابەتی باسی مافی مرۆڤەو تەنیاو تەنیا کارکردەکانن کە هەڵسەنگاندنو دادوەریان پێ‌کرێ.

ئیزن بدەن یارمەتی لە نموونەیەك بۆ ڕوونتر بوونی بابەتەکە وەرگرم. هەمووومان لێبووردنی نێونەتەوەیی وەکوو بەرابردوو(خاوەن پێشینە)ترین ڕێکخراوی لایەنگری مافی مرۆڤ لە جیهان دا هەبووە. لێبووردنی نێونەتەوەیی پشتیوانی لە مافی هەمووی ئەو ئینسانانەی توندوتیژیان لەگەڵ دادەکرێو مرۆڤانەکەیان پێشێل دەکرێ، پشتیوانی دەکا. ئەو ڕێکخراوە لە پێوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕەسمی وڵاتانو بەرپرسانی دەوڵەتان، بە ڕێزگرتنەوە ئەوان ئامۆژگاری دەکا، سیاسەتەکانیان تەنیا لە بواری مافی مرۆڤ دا دەخاتە ژێر پرسیار لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخراوە لە بواری مافی مرۆڤەوە بە توندی دەکەونە ناو کردەوەی کارزاوەو بە بێ‌ترس لە دەسەڵاتدارانی ڕەسمی وڵاتان، سەرکۆنە یان لێبووردنی نێونەتەوەی لە بواری پشتیوانی کردن لە مافەکانی مرۆڤ، ڕادیکاڵترین دۆخی تەواوی هەڵبژاردوەو ڕادەی خۆراگری بۆ ئازاردان، ئیعدامو توندوتیژی بە هەر شێوەیەك ڕەت دەکاتەوە. لەو بوارەدا ناوازەییو هەڵاواردن بۆ هیچ وڵاتێك دانانێ، لە ئەمریکاوە تا ئێرانو عەرەبستانی سعوودیو مکزیك، لەو بوارەدا ڕاگەیەندراوی ڕێکخراو لە خۆ دەگرنو دەکەونە ناو ئەو بازنەیەوە.

هەر لەم کاتەدا، لێبووردنی نێونەتەوەیی هەڵوێستی سیاسی ناگرێ، هاوپەیمانی هیچ دەوڵەتێك نابێو دووژمنایەتی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکیش ناکا. بەڵکوو لەگەڵ هەموو دەوڵەتان وتوێژ دەکاو لە بواری پشتیوانی کردن لە مافەکانی مرۆڤ دا داواکارییەکانی خۆیان لەگەڵ دێنێتە بەر باس. ئێستا ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی لە نەزەر بگرین، گرووپ یا خود حیزبێکی سیاسی بۆ بەهێزکردنی باروودۆخی



سیاسی خۆی لە لاواز کردنی بارودۆخی سیاسی بەرانبەرەکەی ناپرینگێتەوە، لەو پێوەندییەدا نەتەنیا کارکردی ناسنامەی سیاسی، پەیوەندیدارەکان، بیرو بۆچوونەکانو ئاواتەکان، مێژووو ڕابردووی سیاسی ڕەکەبەرەکانی دەخەنە ژێر پرسیارو تەنانەت هەوڵ دەدا کە لە پەیوەندییەکان تاکەکەسی تەك تەکی تاکەکانی گرووپی ڕکەبەریش بۆ لاواز کردنی سیاسی کەڵك وەرگرێ بە واتایەکی دیکە، ئەوە تەنیا کار کرد نیە کە ڕەخنەی لێ بگیرێو شیاوی باس کردن بێ، بەڵکوو ناسنامەی سیاسیو نێوەرۆکی گرووپ دەکەوێتە ناو ڕەخنەو پرسیارەوە لەو نێوەدا هەموو جۆرە تێرۆری کەسایەتی ڕکەبەر گەلی سیاسی ڕەوابوونی پێدەدرێ. وێنەی هەرە گرینگی ئەو کردەوەیە دەتوانین بە شێوەی هەڵسوکەوتی توندی دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ دژەکانی چاو لێبکەین، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هەر کارکردی سەرەتایی دژەکانی خۆی بە توندی دەخاتە ژێر ڕەخنەوەو ئەوەی بە هەوڵدان بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێ، بەڵکوو لە بنەڕەت دا جیابیری خستۆتە ژێر پرسیارو

ئەوەی بە تاوان داناوە بە شێوەیەك كەلە وڵاتی ئێمەدا جیابیران مافی بەشداری كردنی ئاشكرایان لە بواری سیاسیدا نیە. كۆماری ئیسلامی زیاتر لە بەرەی خۆی لاقی راكێشاوەو راشكاوانە دەستی داوەتە تێرۆری كەسایەتی تاكەكانو كەسایەتی دژەكانی خۆی یا بە شێوەی بەرچەسپی تاوانو یاخود بە شێوەی "تواب سازی" وتوویژە تەلەفزیۆنییەكان تێرۆر دەكا. هەڵسوكەوتی سیاسی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی هەڵبەت شێوەی هەڵسووكەوتی توندوتیژی سیاسییە. لە وڵاتانی دیكەش بە گشتی شێوەكانی هەڵسووكەوتی سیاسی لە سنوور گەلی كاركرد زۆر فراتر رۆیشتوەو ناوەرۆكو ناسنامەو تەنانەت شێوەی قەدوقەوارەی رەكەبەرە سیاسییەكانی خۆیان دەدەنە بەر هێرشی رەخنە گرتن. ئەوەی لەو دوو نموونەیەدا گوترا، دوو جەمسەری دژ بەشێوەكانی بەریەرەكانی مافەكانی مرۆڤ و سیاسییە كە بۆ روونتر بوونی باسی جێی سەرنجی ئێمە بە شێوەی گشتی لە بەرچاو بگیردرێ و شێوەگەلی جۆراوجۆر لە خەبات بۆ تووێژێكی بەربڵاوی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا هەیە.

### خەباتی ژنان لە هەلومەرجی

### ئێستای: سیاسی یاخود مافەكانی مرۆڤ؟

ئەگەر بە سەرنجەوە چاو لەوەی بكەین كە هەنووكە لە ئێران رادەبرێ، سنوورێكی تەواو زەقو دیار لە نێوان ژنانی هەڵسووروو رێكخراوە نا دەوڵەتییەكانی ژنان لە لایەكو دامەزراوەكانی ژنانی سەر بە دەوڵەتو دەسەڵاتداران لە لایەكی دیكەوە دەبینین. بۆ؟ چ شتێك جموجۆڵی ژنانی لە دوو لای ئەو هێڵە لە یەكتر جیا دەكاتەوە؟ ئایا دەتوانین بڵێین كە جموجۆڵی سەربەخۆی ژنان بە دژی دەسەڵاتدارانە؟ ئایا دەتوانین بڵێین كە هەموو ژنان سەر بەدەوڵەتن یا خود هەڵسوور لە دامەزراوەكانی دەوڵەت تەنیا رواڵەت نوێنی دەكەنو بە گشتی هیچ هەواڵێك بۆ قازانجی ژنان نادەن بۆ ژنانی سەر بە دەوڵەتو نادەوڵەتی تامەزرۆییو ورووژانێك بۆ پەیوەندیو هاوكاری لەگەڵ یەكتر لە خۆیان پێشان نادەن؟ بۆ چوارچێوەی هەوڵەكان لە دوو لایەنی ئەو هێڵە تەنانەت گەر هاوبەشیش بێ، هەماهەنگ ناكەن؟ بابەتەكە بە نموونەیەكی دیكە تا رادەیەك روونتر بكەینەوە. چاو لە وەرزشی ژنان بكەین كە زۆر لاواز بووەو تا رادەیەك لە پێكەوتوە. "خاتوو دوكتور ئەحمەدی پوور" بەرپرسی وەرزشی ژنانی وڵات بە پشتیوانی كردنو پێداگری لە گەڵاڵەیی تێكەڵ كردنی كۆمیسیۆنەكانی وەرزشی ژنانو پیاوان توانی بواری دابینكردنی بودجەی یەكسان بۆ وەرزشی ژنان، وتبووی فێدراسیۆنی تۆپی باڵە دوایین فێدراسیۆنێك بوو كە رەزایەتی كرد لەگەڵ تێكەڵكردنی وەرزشی ژنان، وتبووی فیدراسیۆنی تۆپی باڵە لە بەشی پیاوان، ساڵیانە ٢٥٠ میلیۆن تمەن بودجەی جیاوازی وەرگرتوە كە لەگەڵ پشتیوانی رێكخراوەكانو خەڵك، ئەو پۆلە گەیشتۆتە ٨٠٠ میلیۆن تمەن، ئەوە لە حاڵێك دایە كە ئێمە دووبارەش تا رادەیەك بە هۆی مادییەوە زەختمان دەخرێتە سەر. ئێستا چۆن بتوانین كە لەگەڵ بودجەی ١٥ میلیۆنی لە بەشی تۆپی باڵەی ژنان وەڵامدەری داواكارییەكانیان بە شێوەی یەكسان لەگەڵ پیاوان بین ئەوە هەنگاوێكی جیدیو زۆر گرینگە بۆ وەرزشی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا! بەڵام بیر بكەنەوە هەواڵ لە پێوەندی بە گەڵاڵەی تێكەڵكردنی كۆمیسیۆنەكانی وەرزشی پیاوانو ژنان لە كام یەك لە سایتەكانی ئینتێرنێتی ژنان لە نێوخۆی وڵات دا رەنگی داوەتەوە؟ بەداخەوە لە هیچ كامێكیان دا! هیچ كام لە چالاكانی ژن لە ئێران هەوڵی پشتیوانی كردنی لە خاتوو ئەحمەدیپوور نەداو هیچكام لە رێكخراوەكانی ژنان لە بەرێوەچوونی ئەو گەڵاڵەیە دڵخۆشی خۆیان نیشان نەدا. بۆ؟ لە حاڵێك دا ئەو سایتانەی پەیوەندیدار بە هەواڵی خەراپ بوونی بارودۆخی وەرزشی ژنانیان بڵاو دەكردەوە، هەواڵی شێوە گەلی بێ توانایىو نارەساییەكانی لەشی كچانو ژنانیان كە پەیوەندی هەیە بە دەست پێراگەیشتنی ئەوان بە ئیمكاناتی وەرزشییەوە بڵاو دەكردەوە. بەڵام هەموو لە بەرامبەر وەدەستهێنانی ئیمكاناتی وەرزشی بۆ ژنان بێدەنگن.

لەلایەكی دیكەوە دەبینین كە ناوەندی بەشداریكردنی ژنان بە هاوكاری چەند دامەزراوی دەوڵەتی لە وەزارەتی پاكو خاوێنی رابگرە تا هێزی ئینتیزامی، گەڵاڵەی توێژینەوەی نەتەوەیی توندوتیژی دژی ژنانیان لە ناوەندی پارێزگاكان بەرێوە بردو گەڵاڵە گەلی بەهێزكردنی ژنان بەرێوە دەبا لە حاڵێك دا لە هاوكاری سازمانەكانی نادەوڵەتیو چالاكانی سەربەخۆی ژن بەو شێوەیە كەڵك وەرناگرێ. تەنانەت ناوەندی توێژینەوەی زانكۆكان كە گەڵاڵە گەلێكی زۆری لە بواری پرسەكانی ژنان لە بەردەستدان بۆ بەرێوە بردن، لە گۆرەپانی بیروبۆچوونو تیۆریدا كاری خۆی بەرەو پێشەوە دەبا، بێئەوەی كە گرینگی بە گرێدانی ئەو بە كردەوەی رێكخراوەكانی نادەوڵەتی ژنان هەبێو دووبارەش دەبێ بپرسین بۆ؟ بۆ تەنانەت ژنانی چالاك لە ناوەندی زانكۆ لە نزیك بوونەوە لە رێكخراوەكانی ژنان لە وەڵاتی ئێمەدا ترسیان هەیە؟ لە حاڵێك دا لە وڵاتانی رۆژئاوایی رەنگە بە سەختی بتوانین هێڵی سنووری ئاوا قورس لە نێوان بیاڤگەلی تێكۆشانەكانی ژنان، یاخود بە واتایەكی تر، هێڵێكی لە نێوان ژنانی چالاك بكێشین.

وا چاوەروان دەكرێ وەڵام لە بۆچوونی ئێمە لە بەربەرەكانیدا شاردرابێتەوە، كە بە توندی لە ژێر كاریگەری نەریتی خەباتی سیاسی دایە. خەباتی ژنان لە جیاتی ئەوەی لە ژێر كاریگەری خەبات لە پێناو مافەكانی مرۆڤەوە بەردەوام بێ، لە بەردەوام بوونی خەبات هەموو كات(بەردەوام) لە كۆمەڵگای ئێمەدا رەنگی سیاسی بە خۆوە گرتوەو لە ئاكام دا بە لاگیری دەوڵەتیو نادەوڵەتی پشتیوانی لێ دەكرێ.

هەڵبەت نابێ بیرمان بچێ كە رۆڵی دەسەڵاتدارییەتی لەو نێوەدا بێ هۆ نیە! ئەو كەشە بێدەنگیە لە كۆمەڵگادا هەموو كاتێك رەنگی سیاسی دەداتە هەموو خەباتێك، جیا لەوەش، بەرچاوتەنگی دەسەڵاتدارییەتی سیاسی بە شێوەیەكە كە بە هەر شێوە بیرۆكەو جموجۆڵێك كە پەیوەندی بە خۆی نەبێ، بەرچەسپی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لێ دەداو سەركوتی دەكا.

((پێویستی هەڵبژاردنی ئاگایانەی، شێوەگەلی خەبات))

هەڵبژاردن لەلایەن ژنان بە بۆچوونی من ئاگایانە نیە، بەڵكوو بە تەواوی سەپێندراوە! ئەو شێوە كارە لە نێو ئێمەدا، هەم ژنانی دەوڵەتیو هەم ژنانی نادەوڵەتی، نەتەنیا لە رێگای نەرێ بەڵكوو لە لایەن كاركردی دەسەڵاتدارییەتی داسەپاوەو شێوەی گرتوە. ئەوە هەڵبژاردنی ژنانی ئێران نیە، بەڵكوو درێژەی نەریتێكە كەلە پێش بزووتنەوەی ژنان بووەو شێوەی دەسەڵاتدارییەتی ئێستایی ئەوە دووبارە دەكاتەوە بزوتنەوەی ژنان بە چاوكراوەییەوە دەتوانێ دژكردەوەیەك هەڵبژێرێ كە سوونەتەكان بەلاوە بنێو شێوەی خەباتی تایبەتیی خۆی هەڵبژێرێ، ئەو هەڵبژاردنە ئاگایانە رەنگە لە كاركردی دەسەڵاتداریەتیش دا كاریگەری هەبێ. لە هەلومەرجی ئێستادا ئاكامی ئەو بڵاوبوونەوەی هێزی ژنان ئەوەیە كە نەتەنیا ئەو هێزانە لە یەكتر جیا بوونەتەوەو ناتوانن لە بەهێز كردنی یەكتر بەشدار بن.

بەڵكوو دەرفەتگەلی زۆریان بۆ بەرەوپێشبردنی كاری پشتیوانی كردن لە مافەكانی ژنان، نەناسراو هێشتۆتەوەو بە فیرۆ دەروا. بۆ

وێنه وای دابنێین که ناوەندی بەشداریکردنی ژنان له راشکاوانەتر کردنی ئاکامی توێژینەوەی نەتەوەیی بوونی له دژی ژنان به هەموو خاڵه پاژیيەکانیەوە(لاوەکی) دڵەراوکێی نەدەبووو نەدەترسا که روانگەکانیان تەنیاو تەنیا ئامرازێك بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی به دژی دەوڵەتو دەسەڵاتداریەتی بێ. هەروەها وا چاوەروان بکەیین که ناوەندی بەشداری ئەو ترسەی نەدەبوو که دەسکەوتەکان(وەدەستهاتووەکان)ببێته هۆی تێگەیشتنی به هەڵەو خراپتر لەوە تەنانەت هەبوونی ناوەند له لایەن کۆنه پارێزانەوە بخاته ژێر پرسیار، بەڵکو وا چاوەروان کەین که ئەو ناوەنده به باوەڕ به تایبەتمەندی نیەتی بەرامبەرەکەی، دەسکەوتەکانی ئەو توێژینەوەیەی دەخسته دەست رێکخراوەکانی نادەوڵەتیو ژنانی چالاكو هەموو ژنانی چالاکی دەوڵەتیو نادەوڵەتی بەرنامەکانی بۆچوونیو زانستیان له گەڵاڵەی بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان درێژه پێدەدا.

گەر هەمووی ئەو دامەزراوەو چالاکانه هاودەنگی بەیەکەوەو تەنیا به دژی توندوتیژیەکانی بنەماڵەیی به دژی ژنان هاودەنگ بوونایه، بیهێننه بەرچاو که ئەو هێزه بەرهەم هاتوه تا چ ئەندازەیەك دەیتوانی کۆمەڵگا لەو بوارەدا بشلەژێنیو ناجوانی توندوتیژی بنەماڵەیی بهێنێته بەرچاوی یەکەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵگا، تاکوو بواری پشتیوانی گەلی یاسایی له ژنانی توندوتیژی لەگەڵکراوو وەدواکەوتنو سزادانی تاوانباران لەو بوارەدا بڕەخسێنێ.

به دڵخۆشییەوە دەبێ بڵێین که نەریتی خەباتی سیاسی له کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر بەهێزەو له لایەکی دیکەشەوە دەبێ ببیبنین که ئەو نەریته، بەسەر بەربەرەکانی بۆ مافەکانی ژنان به توندی سێبەری کردوه. هەڵبەت من لێرەدا له رۆڵی ئەو هێزانەی که داواکاری رووخانی رێژیمن، که له دەرەوەی وڵاتنو ئاور خۆشکەری سیاسی کردنی پرسەکانو خەباتی ژنانن و به هیچ شێوەیەك له کەڵك لێ وەرگرتنی ئامرازی له ژنانو پرسەکانیو داواکاریيەکانیان وچان نادەن قسەیەك ناکەمو بابەتی(رووی)قسەم لەگەڵ ناوخۆی وڵات پاوەند(مەحدود) دەکەمەوە.

به سەرنج دان به سەرکوت گەلێك کەله لایەن حاکمیەتی سیاسیی ئێرانو هەموو راستیيەکانی ناو وڵاتەکەمان داواکاری هاوکاری زۆرتری ژنان جیا له بیرو بۆچوونو داواکاریه سیاسیيەکانیان لەوانەیه زۆرتر به ئاوات بچێ تا ئەو جێیەی کەله داهاتوویەکی نیزیك دا بتوانین شاهیدی بین. دەبێ ئەوەشی پێوە زیاد بکەم که من داوا ناکەم که خەباتی ژنان به تەواوی بۆ مافەکانی مرۆڤەو کاری به سیاسەت نیه، بەڵام پێم وایه تەواو سیاسی نیه.

### هاودەنگی بەربڵاوی ژنان:

جیا لەو بیروبۆچوونانەی که لێرەدا دەبردران، خاڵێکی دیکەش کەله روانگەی زانستیيەوە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێو ئەویش ئەوەی که هەوڵدانی هەرچی زۆرتری ژنان له پێناو خەبات دا، پێویستیيەکی ئەورۆیی بزووتنەوەی ژنانی وڵاتی ئێمەیه، پابەند بوونی خۆراگرانه به بیروبۆچوونەکانو گروپبەندیيەکانو تەنانەت شێوەکانی خەباتی سیاسی ناتوانێ بزووتنەوەی ژنان رێك بخا. دەبێ له بەرچاومان بێ که زۆربەی ژنانی ئێمه مەزهەبینو هەر لەو کاتەدا سیاسی نین. ئەوە راستیيەکی دیکەیه له حاڵێك دا خەبات له پێناو مافی مرۆڤ دا بەبێ لەبەر چاوگرتنی بیروبۆچوونی ئاینی، باوەره سیاسیيەکان، داواکاری گەلی بیروبۆچوونیو ئاوات گەلی سیاسی دەتوانێ هەموو ژنان بگرێتەوە.

مافەکانی ژنان، مافەکانی مرۆڤن هەمووی ئێمه جیا له بیرو بۆچوونی سیاسیو داواکاری گەلێ بیروبۆچوونی خۆمان دەتوانین له لای یەکتر بۆ وەدەستهێنانی بنەرەتی ترین مافەکانی خۆمان هەوڵ بدەین. پێم وایه ئێمه ژنان له بەرگریکردن له بنەڕەتیترین مافەکانی مرۆڤی خۆشمان بوارگەلێکی هاوبەشی بەرفراوانمان هەیەو هیوادارم له داهاتوودا به زانیاریو وردبینیيەکی زۆرتر چوارچێوەی خەبات له پێناو مافەکانی مرۆڤی خۆمان به شێوەگەلێکی کاریگەرتر کەله پێشەوەی شێوه باوەکانی سیاسیيەو له قازانجی باشتر بوونی بارودۆخی ژنانی وڵاتەکەمان دا بەربڵاو بکەینەوە.

سەرچاوە: سایتی"ایران امروز"

## بەندێك له پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنان:

### فەسڵی دووهەم:

### ئامانجەکانی یەکیەتیی ژنان

**بەندی چوارەم:** ئامانجه کۆمەڵایەتییەکانی یەکیەتیی ژنان وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بۆ ژنانی کۆمەڵی کوردەواریو لەنێوبردنی ئەو زوڵمو زۆرەیه که له کۆنەوە به ژنانی کورد روا بینراوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجه، یەکیەتیی ژنان له پێشدا دەیەوێ ئەم ئامانجه کورتخایەنانه وەدەست بێنێ:

- بردنەسەری پلەی خوێندەواریو تێگەیشتنی سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیی ژنان
- هاندانی ژنان بۆ کارکردنو چالاکیی ئابووری، به مەبەستی گەیشتن به سەربەخۆیی ئابووری
- شارەزاکردنی ژنان له مافه رەواکانیانو هاندانیان بۆ هەوڵدان له پێناوی وەدەستهێنانیان دا
- هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی هەرچەشنه دابونەریتێکی کۆمەڵی کوردەواری که قەدری ژنو بەرامبەری مافەکانی لەگەڵ پیاوان کەم بکاتەوە
- تێکۆشان بۆ له نێوبردنی بیروبۆچوونی دواکەوتووانەو هەوڵدان بۆ سڕینەوەی فەرهەنگی پیاسالاری له کۆمەڵی کوردەواریدا

# چەند رستەیەك سەبارەت بە تەڵاق

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئازاد شێخی



کۆمەڵناسەکان تەڵاق وەك یەکێك لە خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان چاو لێ دەکەن‌و لە پەنا خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەکو، خۆکوژی‌و ئیعتیادو دزی‌و جەنایەت‌و... پلە بەندی دەکەن.

بڕیاری لێك دابران‌و جیایی دوو کەس لە یەکدی کە هیچ پێوەندی‌یەکی هاوزمانی‌و پێکەوەیان لەگەڵ یەکدی‌دا نیەو نەهیچ خۆشەویستێکیان لە نێوان دا هەیە دەبێ وەك خەسارێك چاو لێ بکرێ؟!

بە دڵنیایی یەوە هۆکار گەلێکی زۆری دەوی کە لە گروپەکەی خۆی‌و یەك بەیەکی نموونەکانی شرۆڤە بکرێ، لە کۆمەڵگایەك دا پاش تەڵاق هیچ پشتیوانێك لە ژن ناکرێ‌و بەڵکو لە خۆشیانی دوور دەخەنەوە، ژن چ لە بواری ئابوری چ لە بواری شوناسی کۆمەڵایەتی، پاڵی پێوە دەنرێ بەرەوە بێتوانایی دا ماوەیەتی‌و بێ دوا رۆژی بە دڵنیایەوە دەبێ تەڵاق وەك یەکێك لە خەسارەکانی کۆمەڵایەتی‌یەکان دابنێین لۆمەی بکەین!

بەم هۆیانەوە ژن چاو لە هەموو سووکایەتی‌و بێحورمەتی‌یەك دەپۆشێ ئامادەیە ژیانە هاوبەشی تەنانەت سووکایەتی کردن‌و بێحورمەتی‌و جنێوو لێدان لە لایەن هاوسەرەکەیەوەو قسەو قسە لۆکیماڵی باب مێردی قەبووڵ بکاو سەری دانەوێنێ، بەڵام بنەماڵەیەکی لەم شێوەیە لەگەڵ ژن وەك خەسارێکی کۆمەڵایەتی بە حەسێب نایەو ناخرێتە خانەی کوشتن‌و دزی‌وخراپکاریەوە.

لەبەر ئەو جۆرە شتانەیە کە ژن مل بۆ ژیانی هاوبەشی دادەنوێنێ‌و دووری دەکا لە هەر شێوە گۆڕان‌وجووڵەیەك لە کۆمەڵگاو دەوروبەری‌و گۆشەگیری‌و بێدەنگی هەڵدەبژێرێ‌و تووشی خەمۆکی دەبێ‌و پاشان بە شێتی دادەنێن‌و دەینێرنە شێتخانەو یا پەنا دەباتە بەر خۆکوژی.

لە کۆمەڵگایەك دا ژن پاش تەڵاق وەرگرتن لە هاوسەری وەك ژنێکی بێحەیاو سووك چاوی لێ دەکرێ، ! روونە کە شێت بوون ڕەوایی خۆی پەیدا دەکاو یان ئەوەی کە ژن هەوڵ دەدا لە ماڵی هاوسەرەکەی بە پەردەیەکی سپیەوە(پارچەسفید) بچێتە دەرێ، لە کۆمەڵگایەك دا ژن دوای جیابوونەوە لە هاوسەری هیچ مافێکی بەسەر منداڵەکەی خۆیەوە نیەو تەنانەت هێندێك جاریش مافی سەدان‌و بینینی منداڵەکانی نیە، سروشتی‌یە تاوەکو دوایین ساتی ژیان ئەرکی کارەکەری ماڵ لە ئەستۆ بگرێ‌و خۆی بێبەری دەکا لە هەر شێوە ژیانێکی پڕ لە تێگەیشتن‌و لێك حاڵیبوون‌و خۆشەویستی. جیا لە هەموو ئەمانەئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگادا لەسەر پەروەردەی دایك سالارانە گەشەیان کردوە(هەڵبەت کۆمەڵگای پیاوسالاری هێشتا نەدۆزراوەتەوە! بەڵکو لاوازی‌و بەهێزی ئەم پەروردەیە لە کۆمەڵگا جیاوازە)، سەرەتا خۆشیان دەکەونە ژێر کاریگەری لایەنەکانی ئەم شێوە پەروەردەیەو زۆرێك لە ئەرزش‌و بەهاکان لە کۆمەڵگا وەك بڤە قەبووڵ دەکەن‌و پاشان بەو شێوەی کە مەبەستی کۆمەڵگای پیاوسالارە بێ باوەرێکی بنچینەیی یان تێدا بەهێز دەبێ‌و تەنانەت لە دوژوارترین قۆناغەکانی ژیانی بنەماڵەیی دا رازی بە جیا بوونەوەو تەڵاق نین، ئەوان لە بێچارەنوس‌و دوای تەڵاق‌و خراپەی باری ئابووری دەترسێن‌و پێشنیارو رێنونی‌یەکانی کەسانی دەوروبەریان لەسەر دان بەخۆ داگرتن رازی بوون مل کەج کردن بە بێحورمەتی‌و بێرێزی بەڵکو لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بە تەواوی قەبووڵ دەکەن.

ژنێك کە لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە نەتەنها لەلایەن کۆمەڵگاو بنەماڵەی هاوسەرەکەیەوە دەدرێتە بەر هێرش‌و بێحورمەتی‌و بێرێزی بەڵکو لەلایەن بنەماڵەکەی خۆشی‌یەوە بە لەعنەت دەکرێ‌و بەبێ کەڵك‌و سوك چاو لێ دەکرێ، رێزو حورمەتی رابردووی لە لایەن بنەماڵەو خزم‌و کەس‌و کارەوە لە دەست دەدا، کۆمەڵ‌و دەوروبەر ئەم ژنە وەك تاوانبار چاولێ دەکەن.کە بۆچی تەحەمولی شێوە ژیانی خۆی ناکاو بۆچی سەر بە هەوایەو خۆویستەو رازی‌یە بە دووری لە منداڵەکانی‌و چاو لە پێکەو ژیانیان دەنوقێنێ، بۆچی لەبەر مەبەست‌و ئارەزووەکانی خۆی ئامادەیە جیا بێتەوە!

داوەری کردنی کۆمەڵگا لە سەر ژنێك کە رێگە چارەی تەڵاقی هەڵبژاردووە زۆر بێرەحمانەیە. پێکهاتنی بنەماڵە لە کۆمەڵگادا ئەرزش‌و بەهایێکە، ئەوەی کە بنەماڵە چ تایبەتمەندی‌یەك‌و چ ژیانێکی

←

هەیە شتێکی لاوەکییە لە کێشەکەدا، بنەماڵەی بقەی کۆمەڵگا سەرمایەدارەکانن، کۆمەڵگای سەرمایەداری لە پێکهاتنو دروست کردنی بنەماڵەدا گەورەترین قازانج دەکەن، بنەماڵەیەك بە پێناسەیەکی دیاری کراو پیاو کاری دەرەوە دەکاو ژن کاری ماڵەوەو کاراکتەری پشتی جەبهە کایە دەکاو ئەرکی بەرهەمهێنانی وەچەو پێکهێنانی ئەرزشی نوێو کە گرنتیی بۆ رێژیمە سەرمایەدارەکان.

نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە رژیمە سەرمایەدارەکان پێویستیان بە ژنیشە لە دەرەوەی ماڵو دوو ئەرکی نەگۆڕی پێدراوە ژن بە حەقدەستێکی کەمتر دادەمەزرێنێ بەڵام کاتو دەرفەتی دەداتێ تاوەکو بۆ وەچە خستنەوەو پێراگەیشتن بە منداڵو هاوسەرەکەیو رێکخستنی پێکهاتەی بنەماڵە وەك ئەرکێکی سەرەکی هەر بەو شێوەیە بەرێوە بەرێ.

ئەمە بنەماڵەیەکی ئیدئالە لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا پێکهاتەی بنەماڵە ئەرزشێکی بقەیە لە کۆمەڵگاداو زۆربەی کەرەستەکانی کۆمەڵ بۆ خزمەت بەو ئەرزیشە بەکار دەبرێن، لە راگەیاندنەوە بگرە تاوەکو پروپاگەندەو لە سیاسەتی کۆمەڵایەتیو ئابووریەوە تاوەکو موغیرەو رێنوێنییە پەروەردەییو مەزهەبی یەکان، لە بەر ئەم هۆیانەو سەرگیری لە کۆمەڵگادا وەك ئەرزشو بایەخێکی جوان چاوی لێ دەکرێو لە پاشان بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە مەبەستمەندو سەرکەوتوو دەبینن کە بۆ پاراستنی بە بایەخ چاو لێدەکرێ. کچێکە رازی نیە ژیانی هاوبەش پێك بێنێ ئەرزشێکی حەقیقی دەدۆڕێنێو لە رەهەندێکی دیکەوە لە کۆمەڵگا دوور دەخرێتەوە دەچێتە پەراوێزەوە، کاتێك کچێك بە هۆی نورمەکانی کۆمەڵگاوە لەگەڵ پیاوێکی نەناسو بێ ناسیاری پێویست لە سەری، دەبێ بەهاوسەریو لە درێژەی پێکەوە ژیان دا تێدەگا کە هیچ جۆرە لە یەك تێگەیشتن چ لە لایەنی ئەحساسییەوەو چ لەلایەنی فەرهەنگییەوە لە نێوانیان دا نیە دەبێ چ بکا؟! روونە کۆمەڵگا ئەم ژنە مەحکووم دەکا بەوەی کە تاوەکو ئەبەد لەگەڵ هاوسەرەکەی بژی، تەنانەت ئەگەر ئەم ژنە هیچ گرفتێکی دیکەی لە ژیان جیا لە نەبوونی لێك تێگەیشتنو خۆشەویستی نەبێ، ئایا رەوایە تاوەکو ئەبەد درێژە بەو شێوە ژیانە بدا لەگەڵ هاوسەرەکەی؟ کۆمەڵگە وەڵام دەداتەوە بەڵێ! تەلاق کارەساتە!



کۆمەڵگەیەك کە بۆ جیابوونەوەیەکی لۆژیکی لێك تێگەیشتنێکی دولایەنە رێز دانانێ، جیا بوونەوەیەك نەدەبێتە شەروکێشەی دوو ئینسان لەگەڵ یەکترو نەدەبێتە هۆی رقو بێزاری هەردووکیان لە یەکدی جیا بوونەوەیەکی لەم شێوەیە لەلایەن کەسەوە دەرك پێناکرێ تاوەك کێشەو شەرو ئاژاوە نەیەتە ئاراوەو پاشانیش دەیخەنە خانەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە جیایی ناخۆشو خەفەتهێنەر دادەنرێ بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانێ ئاکامی باشو ئەخلاقی هەبێ، لە کۆمەڵگەیەك دا نیزامی پیاوسالاری لە رەگو پێستیدا جێگەی خۆی کردۆتەوەو بالا دەستە، چاوەروانی ئاکامێکی باشو ئەخلاقیانە دوای تەلاق جیا لە وەهمێك هیچی دیکە نیە، لەم جۆرە کۆمەڵگایانە جیاییو تەلاق لە سەر ئیرادەی پێکهاتەیکی پیاوسالارانە دەسەلات داریەتێکی دواکەوتوو کۆنەپەرەست دەخرێتە خانەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە رێژەی تەلاق رۆژ بە رۆژ دەچێتە سەرێو هەر جارەو چوونە سەری رێژەی تەلاق لە پەنا چوونە سەری رێژەی موعتادو خراپکاریو دزی دادەبینرێن، بە دڵنیاییەوە چوونە سەری رێژەی تەلاق گەلێ هۆکاری جۆراوجۆری هەیەو لەوانەیە توندوتیژی لە بنەماڵە یەکێك لە گرینگترین هۆکارەکانن بە حەسێب بێ بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی ئەو بنەماڵانەی توندوتیژی تێدا بەرێوە دەچێ ئاکامی لێك جیا بوونەوەی نیە، بەڵکوو تەنها بەشێك لە ژنان گیرۆدەی توندوتیژی هاوسەرەکەی خۆیان دەتوانن بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ماڵیو شوناسی شەخسیەتیو یاسایی لە هاوسەرەکانیان جیا ببنەوە کەواتە ئەو ژنانەی گیرۆدەی توندوتیژی بنەماڵەین، دەبێ ئاستی زانیاریو تێگەیشتنیان تا رادەیەك بچێتە سەرێو توانایەکی باش وەدەست بێنن تاوەکوو بتوانن جیا ببنەوە، لێك جیابوونەوەیەکی لەم شێوەیە نەك نابێ لە پەنا خەسارە کۆمەڵایەتیەکان تۆمار بکرێ، بەڵکوو دەبێ وەك رێگە چارەیەکی بەربەرەکانی لەگەڵ فەسادە کۆمەڵایەتییەکان دابنرێو پشتیوانی لێ بکرێ.

سەرچاوە: "اخبار امروز"

# گرێی رووحی

شەماڵ تەرغیبی

زانستی دەروونزانی زانستێکی لە مێژینەیە لە دایکبوونی ئەم زانستە بۆ بیست و سێ سەدە دەگەڕێتەوە" (بەڵام بە شێوازی سەرەتایی). لەو سەردەمەدا لە هێندێك وڵاتی وەك ئێران، رۆم، چین، میسرو... کە مەکۆی دابو نەریت و کلتورە کۆنەکانن، زانایانی ئەم وڵاتانە بەوە گەیشتوون کە جگە لە جەستەی مرۆڤ بەشێکی دیکە لە هەر ئینسانێك دا هەیە کە بە چاو نابیندرێ و ناتوانی دەستی بۆ ببەی کە لەو سەردەمەدا پێیان گوتوە نەفس، خوود، بوون (Self).

لە ٣٠٠ ساڵی پێش زایین دا فیلسوفی بەناوبانگی یۆنانی، ئەرەستۆ، سەبارەت بەم زانستە کتێبێك دەنووسێ کە ئێستا وەك کۆنترین کتێب لەو بیاڤەدا ناو لێ دەبردرێ. ئەم رەوتە تا ساڵی ١٨٧٩ی زایینی کە، کەسێك بە ناوی "ویلهۆلم ڤۆنت" (Willholm Wont) لە زانستگەی لایپزیکی (Leipzig) ئەڵمان بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی زانستیانەو کردەکیانە، پەرەی بەم زانستەدا، درێژەی هەبوو. پاشان بەرە بەرە بایەخی پتری پێ دراوەو گەشەی کردوەو ئێستا وەك یەکێك لە باوترین رشتەگەلی ئاکادمیك دەناسرێ.

پاش ماوەیەك ئەم زانستە لە حاڵەتی تاکەکەسی هاتە دەرێ و بە چەندین قوتابخانە دابەش کرا، وەك قوتابخانەی ساکۆیلۆژیای گێژتاڵت، قوتابخانەی رەسەنایەتی کردار (اصالت رفتار) و... هەروەها چەندین پەلوپۆی لێ بۆتەوە، وەك سایکۆلۆژیای منداڵ، بنەماڵە، کۆمەڵایەتی، کەسایەتی‌و... لە شیکردنەوەی هەر کام لەم باسانە چەند بەشی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە بۆ وێنە لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی باسێك هەیە لە ژێر ناوی "گرێی رۆحی" کە دواتر، شی دەکرێتەوە بەڵام لێرەدا پێویستە بۆ تێگەیشتن و زانیاری زیاتر هێندێك چەمك وەك: گرێی رۆحی — هەڵگەڕانەوەی (روی گردانی)— شعووری تاریك (چمیر ناخودیگاه — فرێ دانە دەرەوە (برون فکنی) — لیبدۆ و وەسواس پێناسە بکەین.



**گرێی رۆحی:**

ئەگەر بمانهەوێ پێناسەیەکی گشتی بۆ بهێنینەوە دەبێ بڵێین کە بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بۆچوونی پێوەندیدار بە یەکتر کە بە گشتی ناخوودئاگایەو باری خرۆشی توندی هەیە کە بە هۆی وەرنەگرتنی لە نێو گۆمەڵگادا لە بەشی شعووری تاریك وەك خۆی دەمێنێتەوە.

هۆکاری سەرهەڵدان: هۆکاری سەرەکی گرێی رۆحی، پێداویستی‌یەکانی رۆحی مرۆڤ وەك باری جینسی و هەستی سێکسی، دەربڕینی ئەم هەستە لەگەڵ رێوشوێنە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی‌یەکان دا ناکۆکی هەیەو بە هۆی بێز هەستێنی و وەرنەگرتنەوە لە نێو کۆمەڵگادا ویژدانی تاك لێی هەڵ دەگەڕێتەوە (روی گردانی)، بۆیە پێداویستی‌یەکان بە تەواوی ئەو بۆچوونانەی کە پەیوەندی‌یان پێوە هەیە، بە هۆی میکانیزمی داکۆکی (واپس زدگی) دەچێتە خانەی شعوور تاریکەوە. ئەگەر یەکێك لە ئەزموونەکانی قۆناغی مام ناوەندی ببێتە هۆی بانگهێشت کردنی ئەو هەستەی قۆناغی منداڵی (ئاماژە پێکراو) تاك تووشی نیگەرانی رۆحی دەبێ و لە خۆی‌دا هەست بە گوناح دەکا کە لەم کاتەدا هەمان میکانیزمی داکۆکی دەبێتە هۆی دووپاتبوونەوەی مەسەلەی خۆڵێ پارێزی.

Unconscios : شعووری تاریك بۆ خۆی لە ٢ بەشی سەرەکی پێك دێ: یەکەم بەشی شعووری تاریك بریتی‌یە لە ئەزموونەکانی قۆناغی منداڵی بە گشتی بۆیە زیاتر رەنگدانەوەی خواست و پێداویستیی گەلێکە کە لە قۆناغی منداڵی دا تووشی خۆ لێ پرێزی بووە" دووهەم ئەوەیە کە بنجی لە نێو شعووری تاریکدایە، زیاتر باری سۆزی و هەستەکی هەیە تا باری لۆژیکی و عەقڵانی، کەوابوو لەگەڵ راستی‌یەکانی جیهانی دەرەوەدا یەك ناگرێتەوە. زیگمۆز فرۆیە سەبارەت بە شعووری تاریك دەڵێ: "شعووری تاریك رەنگدانەوەی رێسای چێژە (Pleasure_puncipIe) و بەشی خوودئاگا یان ویژدانی مرۆڤ لە رێسایی راستی‌یەوە (Reality_ principle) ریشە دەگرێ. مرۆڤ دەتوانێ هەست و مەیلەکانی خۆی بە کەسێکی دیکەوە پێوەند بدا.

لیبیدۆ (Libido): بە پێی بۆچوونی مرۆیی ژیانی سێکس و جینسی مرۆڤ بە سێ قۆناغ دابەش دەکرێ: ژیانی سێکس لە قۆناغی منداڵی – قۆناغی کۆمۆنی جینسی – قۆناغی پێگەیشتن یان گەشە کردن. ژیانی سێکس لە قۆناغی منداڵیدا، خۆی ٣ بەشە: قۆناغی دەم — قۆناغی کۆم (مقصد) — قۆناغی ئەندامی زاوزێ. وشەی Libido لە وشەی لاتینی Lust کە بە مانای شەهوەت یان مەیلی توندتوڵی جینسی‌یە، ریشە دەگرێ. لیبیدۆ هێزێکە کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ‌و دەتوانێ لە بواری چۆنایەتی‌و چەندایەتی‌یەوە شوێن لە سەر ئاڵوگۆڕی هاندەری جینسی‌یەکان دا دابنێ.

قۆناغی دەم (Oral-Stage): قۆناغێکە منداڵ بە یارمەتی وەرگرتن لە دەمی خۆی دەتوانێ خۆشی وەدەست بهێنێ و پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی خۆی جێ بە جێ بکا، لەگەڵ ئەوەش دا دەم، لەم قۆناغەدا، هێمای هەموو جۆرە تووڕەیی‌یەکانە کەکاریگەری ئەم قۆناغە

←

دواتر لە قۆناغی مام ناوەندی دا بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر وەك سیگار كێشان (بە دەمەوە گرتنی سیگار) و... روونتر خۆ دەنوێنێ. گاز گرتن لە مەمكی و مژینی قامكی بە جێگەی مەمكی دایكی نیشاندەری تووڕەیی مندالە.

قۆناغی كۆم (Oral-Stage): قۆناغێكە كە مندال هاندەرە شەهوانی‌یەكانی خۆی لە رێگەی كۆمی‌یەوە (مقصد)دادەمركێنێ، كەمانەوەی لەم قۆناغەدا دەبێتە هۆی چاو چنۆكی و وەسواس.

قۆناغی ئەندامی زاوزێ (Phallic-Stage): قۆناغێكە كە مندال تێی دا حەزی خۆی لەم بەشە لە لەش دەردەبڕێ و ٣/١ یان ٥/١ی ژیانی تاكە كەس لەم قۆناغەدا لە ژێر كاریگەری گرێی رۆحی ئۆدیپ دایە.

وەسواس (Obsession): بە بیرۆكە، هازەریان هەستێكی هەمیشەیی دەگوترێ كە لە ژێر دەسەلاتی خواستی تاكە كەس دا نامێنێ، بە شێوەیەك كە هەرچی هەول بدا ناتوانێ خۆی لە ژێر بالادەستی وەسواس بهێنێتە دەرێ. هەتاكوو ئێرە لەگەل چەند چەمكێكی دەروونزانی كە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ پێوەندی‌یان بە مەسەلەی گرێی رۆحی‌یەوە هەبووپێناسە كرد. لێرەدا پێویستە چەند جۆرێك لە گرێی رۆحی وەك نموونە ناو ببەین سەرەڕای ئەوەیكە جۆرەكانی گرێی ئێجگار زۆرن، نموونەكانی گرێی رۆحی بریتین لە: گرێی ئۆدیپا — ئەختەگی (خەسین) — ئەلێكترا — خۆ بە كەم زانین (حقارت) — وەك پیاو بوون (لە پیاو چوون).

## گرێی رۆحی ئۆدیپ (Odip):

ریشەی وشەی‌ئۆدیپ: بە هۆی ئەفسانەیەكی كۆنی یۆنانی ئۆدیپ كوڕی لایوس پاشای تەبەس بوو. كاهێنەكانی دەیری دێلفی لە پێش دا هەواڵێكیان بلاو كردەوە كە لایوس‌و جوكاستا كوڕێكیان دەبێ كە باوكی خۆی دەكوژێ و دایكیشی لە خۆی مارە دەبڕێ. لایۆس بۆ ئەوەی كە تووشی ئەم كارەساتە نەبێ هەموو كورەكانی خۆی لە بیابان دا بەرەلا دەكا تاكوو بمرن دواتر كە ئۆدیپ لە دایك دەبێ هەمان چارەنووسی بە سەردا دێ بەلام شوانێك ئۆدیپ دەدۆزێتەوە و دەیبا لای پاشای قرنێت. ئۆدیپ لە لای پاشای قرنێت دەمێنێتەوە و پێ‌دەگا، دواتر بە هۆی سێحر بازێكەوە لە چارەنووسی رەشی خۆی ئاگادار دەكرێتەوە بۆ ئەوەی كە پێی وایە پاشای قرنێت، دایك و باوكی راستەقینەی ئەون، ئەو ولاتە بە جێ دەهێلێ. ئۆدیپ لە نێو رێگادا باوكی راستەقینەی خۆی دەبینێ و چونكە نایناسێ، لە شەڕێك دا، باوكی خۆی دەكوژێ. كاتێك دەگاتە تەبەس، دەسەلات بە دەستەوە دەگرێ‌وجوكاستا كە دایكی خۆیەتی مارە دەبڕێ و دەبێتە خاوەن مندالێك دواتر كە راستی‌یەكان ئاشكرا دەبنەوە، ئۆدیپ خۆی كوێر دەكا وسەرهەلدەگرێ.

## گرێی رۆحی ئۆدیپ:

لە سەرەتا دا مندال بە هۆی نزیكی‌یەك كە لەگەل دایكی دا هەیەتی ئەو راستی‌یەی بۆ دەردەكەوێ كە ئەندامی زاوزێیان جیاوازی پێكەوە هەیە. مندال، ستایشی دایكی خۆی، تەنیا بۆ خۆی دەوێ، بۆیە پێی خۆشە هەرچی زووتر پێ‌بگاو بە باوك بوون گرنگی‌یەكی تایبەتی لە لای هەیە تا بتوانێ ركە بەرانی خۆی، واتە باوك، براو خوشكەكانی، بە گۆڕەپانی ئەم خەباتەوەدەربنێ بەلام چونكە هەست بە پێوەندی‌یەكی سەیر لە نێوان دایك و باوكی خۆی دەكا زیاتر لە هەمووان بە نیسبەت باوكی خۆی ئێرەیی‌یە. ئەم هەستەهەمیشە تێكەلاوە لەگەل ترس‌و خۆشەویستی دا ترس لەوەی كە ئەم هەستە دژكردەوەی خراپی (تۆلە ئەستاندنەوە)لە لایەن باوكەوە بە دواوە بێ‌وخۆشەویستی باوكی لە دەس بدا. لەم تەمەنەدا مندال لاسایی هەلسوكەتەكانی باوكی دەكا. هەرچی زیاتر دایكی خۆش بوێ، دژایەتی لەگەل باوكی زیاتر دەبێ و ترسی لە دەستدانی ئەندامی زاوزێ زیاتر دەبێ. كاتێك كە مندال بەو قۆناغە دەگا كە خۆی وەك باوكی لێ بكا واتە هاوشێوەسازی (Identifition) گرێی ئۆدیپ بەرە بەرە كەم دەبێتەوە كاتێك كەهەستە ئۆدیپی‌یەكان كەم دەبێتەوە، ویژدان جێگەی دەگرێتەوەو هەستی لێكدانەوەی چاكەو خراپە دێتە ئاراوە. دواتر لە تەمەنی ٦-٧ سالی دا قۆناغێك دێتە دی بە ناوی كۆمۆنی جینسی كە لە نێوان قۆناغی ئۆدیپی و قۆناغی پێگەیشتندایە. لەم قۆناغە دا، ئۆگری مندال بە نیسبەت كاروباری سێكسی كەم دەبێتەوە. ئەو هۆكارانە كە لە سەر كەمكردنەوەی یان هێشتنەوەی گرێی ئۆدیپ كاریگەری‌یان هەیە بریتین لە: سروشتی مندال، تەوژمی مەیلی جینسی مندال، سەركەوتن یا شكستی بنەمالە لە هەمبەر مەیلە ئۆدیپی‌یەكان، دژ كردەوەی توندو سزادانە لە رادە بەدەرەكان یان كەمتەرخەمی باوك و دایك لەم قۆناغەدا.

## گرێی رۆحی ئەختەگی (خەسێن):

خەسێن یان خەساندن لە بنەڕەت دا چەمكێكی پزیشكی‌یە كە بە مانای لابردنی هێلكەدان دێ بەلام لە واتای سایكۆلۆژیادا برین یان لە دەستدانی پیاوەتی یان ترس لە، لە دەست دانی ئەندامی زاوزێ. كاتێك كە كچ دەگاتە قۆناغی سێهەمی ژیانی جینسی سەردەمی مندالی (واتە قۆناغی ئەندامی زاوزێ)، هەست بەوە دەكا مەیلە جینسی‌یەكانی لە ناوچەی كلیتۆریس كۆدەبنەوە بەلام گەورە نەبوونی كلیتۆریس كەم كەم بەو قەناعەتەی دەگەیەنێ كە تووشی خەسان یا ئەختەگی بووەو لەم كاتەدایە كە پیاوەتی كوڕ دەبینێ و بە نیسبەت كورانەوە. بۆ وێنە ژنانێك كە ئەم گرێ تێیان دا چارەسەر نەبووە دژەكردەوە نیشان دەدەن و گالتەیان پێ دەكەن كە ئەمە نیشاندەری ئاواتی پیاوەتی‌و هەستی خۆ بەكەم‌زانین لە واندایە. كاتێك كچ بە تەمەنێك دەگا كە دەزانێ، ناتوانێ وەك جینسی نێرینە بێ، خۆی لەگەل ئەو هەلومەرجە دەگونجێنێ و زیاتر لە باوكی نیزیك دەبێتەوە كە بەم حالەتە لە كچان دا دەلێن گرێی ئەلێكسترا كەوابوو گرێی خەسێن هۆكارێكە بۆ كچان كە تووشی گرێی ئەلێكسترا ببن بەلام لە كوڕان دا دەبێتە هۆی كەم بوون و لاواز بوونی گرێی ئۆدیپ. نیشانەكانی نەخۆشی گەل نێووروس، وەسواس، هیستری و... دوا بە دوای ترس لە خەسێن یا ئەختەگی لە تاكە كەس دا دێتە دی.

## گرێی ئەلكترا:

چەمكی ئەلتكرا بۆ شیكردنەوەی حالەتی ئۆدیپی لە جینسی مێینە بەكار دەبرێ.

ریشەی وشەی ئەلكترا:

ئەلكترا لە ئەفسانەیەكی كۆنی یۆنانی وەرگیراوە. ئەلێكترا كچی "ئاگا مێمنۆن" پاشای "ماسنا" و هاوسەرەكەی بە ناوی "كلیتمنسترا" بوو. كاتێك "ئاگامێمنۆن" لە

شەڕەکانی "تێرۆئا" دەگەڕێتەوە بە دەستی "ئێجێستۆس" ئەڤینداری هاوسەرەکەی دەکوژرێ بۆیە ئەلکترا رق لە دایکی هەڵدەگرێ، بەڵام ناچارە، ژیان لەگەڵ ئەوان دا درێژە بدا تاکوو براکەی بە ناوی "ئۆرستێس" کە هێشتا منداڵ دەبێ، گەورە دەبێو بە یارمەتی ئەو، تۆڵەی باوکی لێیان بکاتەوە. ئەم کارە بە هۆی بوونی گرێیەك لە جەوهەری ئەو کچە دابوو کە هەر بە ناوی ئەلێکتراوە دەناسرێ. یەکەم کەس کە ئەم وشەی لە هەمبەر ئۆدیپ را بە کار برد ستێکل (Stekel) بوو. دەبێ بزانین کە گرێی ئەلکترا لە کچان و ئۆدیپ لە کوڕان دا جیاواز لە یەکترن. کوڕ دەیەوێ یەکەم پەیوەندی ئەڤینداری لەگەڵ دایکیدا پێك بێنێ. بە هۆی ئەم ئەڤینەوە باوکی خۆی بە کەبەر دەزانێ و چونکە دەزانێ کە دایکی ئەندامی زاوزێی پیاوانەی نیە، پێی وایە ئەویش لە لایان باوکیەوە ئەو ئەندامەی لە دەست داوە. ئەم گرێیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دروستبوونی هێزێکی نێوخۆیی کە مرۆڤ لە بوونی مەیلی جینسی بە نیسبەتی پەشیمان دەکاتەوە کە پێی دەگوترێ ویژدان یان super ego.

کچیش لە تەمەنی ٣ــ ٥ ساڵی دا عاشقی دایکیەتی بەڵام کاتێك دەزانێ کە بۆ خۆی خاوەنی ئەندامی زاوزێی پیاوانە نیە، دایکی بە، بەرپرسیار دەزانێ و زیاتر حەز لە باوکی دەکا بۆ ئەوەی کە باوکی، ئەم کەموکوڕیەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە. ئەم گرێیە بە لە دەستدانی ئاواتی ئاماژە پێکراو لە (جولتیا)، وردە وردە کەم دەبێتەوە و دواتر دەزانێ کە لە بنەڕەت دا دایکیشی ئەو کەموکوڕیەی هەبووە بۆیە هەستی خۆشەویستی سەبارەت بە دایك زیاتر دەبێ. دەبێ بزانین دایكو باوك دەڤەری کولتووری لە کەمو زۆرکردنی گرێدا رۆڵی کاریگەریان هەیە بۆ وێنە، شێوەی بیرکردنەوەی دایك و باوك سەبارەت بە منداڵ، پەروەردەی منداڵو کاروباری جینسی منداڵ لە ژێر کاریگەری دەڤەری کولتووری دایە. هەروەها مەسەلە گەلێك وەك شەڕی درێژخایەن لە نێو دایك و باوك و جیا بوونەوەیان (تەڵاق) و شێوەی هەڵسووکەوتیان هەموو دەبێتە هۆی زیاد بوونی گرێی ئەلکترا. ئەگەر ئەم کێشەیە لە کچ دا چارەسەر نەکرێ، دواتر رۆڵی نێگەتیڤی خۆی بە تایبەت لە کاتی شوو کردن دا دەگێڕێ بە شێوەیەك ئەڤینداریەکەی رەنگدانەوەی ئەم حاڵەتەیە.

**گرێی خۆبە کەم زانین:**

هەموو بوونەوەرێك جۆری لاوازی هەیە، کە ئەم لاوازیانە دەبێتە هۆی پێکهاتنی هەستی خۆ بە کەم زانین. بە گشتی لە یەکەم رۆژەکانی ژیانی مرۆڤەوە دوو تایبەتمەندی دەبنە هۆی پێکهاتنی هەستی خۆ بە کەم زانین:

یەکەم: لاوازی جەستەیی لە بەرامبەر گیانلەبەرانی دیکە.

دووهەم: قۆناغی منداڵی و پێویستی بە دایك و باوك.

هۆکاری یەکەم مرۆڤ ناچار دەکا کە ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵبژێرێ و چونکە منداڵی مرۆڤ لە قۆناغی منداڵی دا زیاتر لە جەستەی، مێشکی گەورە دەبێ، رێ خۆشکەرێکە بۆ پێکهاتنی هەستی خۆ بەکەم زانین. (هۆکاری دووهەم).

لە جەوهەری منداڵدا "ویستن" و "توانین" لە یەکتر جیاوازن، تا تەمەنی ٣ ساڵی منداڵ دەزانێ کە لە نێوان کارێك کە دەیەوێ بیکاو کارێك کە دەتوانێ بیکا هاوئاهەنگی نیە. ئەم مەسەلە رێخۆشکەرێکی دیکەیە بۆ پێکهاتنی هەستی خۆ بە کەم زانین.

بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین خۆ بە کەم زانین بریتییە لە میکانیزمێکی هەڵگردنی دەروونی کەمو کوڕ (سازش ــ روانی قص) بە شەڕ لە نێوان هەست بە سەرکەوتن لە گەیشتن بە مەبەستو چارەسەری برینگەلێك کە خۆ بە کەم زانین هۆکاری بووە. لە وانەیە خۆ بەکەم زانین ئاکامی هێندێك نەخۆشیی وەك پۆلێومیلیت، ژانی دڵ، راستی تیمو... یان تەنانەت شێوەی هەڵسووکەوتی بنەماڵە، سیستمی ئاموزشیو... دەتوانن هۆکاری گەلێك بن بۆ ئەو هەستە، وەك پیاو بوون (Mascu line, protest): لە رابردوودا وشەی نێرینە (maculine) و مێینە (emenine) هاوتا لەگەڵ بەهێز و لاواز بە کار برا. " ئاڵفرێد ئاودێر" پزیشکی وییەنی دەڵێ: "هەموو ژنێك ئاواتی وەك پیاو بوونی هەیەو چەمکی وەك پیاو بوون یا خۆ بە پیاو زانین بۆ پێناسە کردنی بوارە تایبەتییەکانی ئەم مەیلە بە کاربردوە". (مەیلی حەز لە دەسەڵات و هێز).

ئەم چەمکە لە رۆژگاری ئێمەدا بۆ ژنێك بەکار دێ کە هەڵسوکەوتیان دژایەتی لەگەڵ رۆڵی راستەقینەی ئەوان (لەبواری جینسییەوە) هەیە، هاندەری سەرەکی لە پیاوان دا هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە کەماڵیات.

"ئاولێر" خۆ بە پیاو زانین تایبەت بە ژنان دادەنێ و بە جۆرێك لە تێکچوونی دەماری ناوی لێ دەبا.

"زیگمۆنە فرۆید" سەبارەت بەم مەسەلەش دەڵێ:" وەك پیاو بوون پشتی بە پێداویستییەکی راستییەکی راستەقینە و بێولۆژیکی بەستوە نەك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی." بە باوەڕی ئەو وەك پیاو بوون لە ژنان دا، لە ئاواتی هەستی "رجولیت" سەرچاوە دەگرێ و لە پیاوان دا پێوەندی هەیە بە ترس لە خەسین. لە بنەماڵەیەك کە دایك لەلایەن باوکەوە چووکە بکرێتەوەو بێحورمەتی پێ بکرێ، ئەگەر کچی لاویان هەبێ، ئەو کچە لە ژیانی دا تووشی کێشەی گەورە دەبێچونکە نەدایکێکی کارزان لە نێو ماڵدا دەبینێ کە خۆی وەك ئەو نیشان بداو نەپێوەندی نێوان دایك و باوك ئەوەندە قورس و قایمە کە بتوانێ هەڵسووکەوتی ئەوان بکا بە ئۆلگوو لە ژیانی خۆی دا. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی نێگەتیڤ بوونی رۆڵی دایك لە کچ دا و زۆر بوونی هەستی وەك پیاو بوون.

سەرچاوەکان:

فروید چەمی گوید؟ دیویدست فۆرد
سلامتی و مغز شما ـــــ هـ. اون لریپ
عقدەها ـــــــ زبیح الله فرجی
روانشناسی اجتماعی ـــــ د. ایزنك

# چۆن دەتوانین باوکێکی سەرکەوتوو بین

وەرگێران لە فارسیەوە: جەلال. ك



هێندیك لە پیاوان وا بیر دەکەنەوە کە سەرۆکی بنەماڵە بوون، بەرانبەرە لەگەڵ پاشایەك کە لە کۆشك دادەژی. بەو پێیەش ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن کە ژن ومنداڵەکانیان لەخزمەتیان دابن. کەس بۆی نیە جگە لە خۆی لە سەر چارەنووسی بنەماڵە بڕیار بدا منداڵەکانیان هەموو کات باوکێك دێننە خەیاڵ کە خەریکی خۆئامادە کردنە بۆ دیتنی فووتباڵ، یان دیتنی دۆستێکی لە مێژینە یان خەریکی سەیرانو گەڕان لەگەڵ دۆستانیەتی. هێندێك لە باوکان پێیان وایە کە سەرۆکی بنەماڵە دەبێ دیکتاتۆڕانە هەڵسووکەوت بکا.لە باس و مشتومڕەکان دا هەردەم حەق بەوە، هیچ کات هەڵە ناکا، وەها باوکێك لەسەر ئەو مەسەلەیە پێی دادەگرێ کە هەمووشتێك دەبێ بە پێی بۆچوونی ئەو بێ. لە نێو کۆری ئەو جۆرە بنەماڵانەدا بیروبۆچوونی ئەندامانی بنەماڵە قەدرو بایەخی نیە. بۆیە منداڵانی ئەو جۆرە بنەماڵانە بۆ گەیشتن بە تەمەنی یاسایی بۆ جیا بوونەوەیان لە باوەشی بنەماڵە کاتژمێری دەکەن. ئەو منداڵانەی کە دایکیان بە جێیان هێشتوون، دایك گەلێکن توانای زۆرەملی مێردەکانیان نەماوەو هەڵاتنیان لە مانەوە پێ باشترە، سێهەمین گرووپ لە پیاوان، باوك گەلێکی ئارام، لە سەرەخۆ بێدەنگن. لە راستیدا هیچ جۆرە ئەرکێکیان لە نێو بنەماڵە لە ئەستۆ نیە. هەر بۆیە گێرەو کێشە لە بنەماڵەی ئەوان شەپۆل دەدا لە ئاکام دا ژنەکانیان، لە حاڵەتی توورەیی وخەمۆکیو ترسو دڵەراوکێ رێبەری بنەماڵە لە ئەستۆ دەگرن. ئەو تاقمە خەڵکە هەرکات بارودۆخی بنەماڵەیان پێ دژوار بێ، رێگا چارە لەوەدا دەبینن کە ملیان بەرەو ئیدارە، کافە، گازینۆ گەلێ شەوانە یان ماڵی دۆستانو........ شۆڕ کەنەوە. لەم جۆرە بنەماڵانە گێرەوکێشەیەکی زۆرهەیە. بۆ بەڕێوەبردنی شیاوی بنەماڵە پرنسیب گەلێکی زۆرجوان هەیە کە لە چەند خاڵدا ئاماژەیان پێی دەکەم .

ــ ئەسلی یەکەم: گەر دەتانەوێ باوکێکی سەرکەوتووبن...... دەبێ بتوانن لەچوارچێوەی بنەماڵەدا دەرەتانێك پێك بێنن کە منداڵەکانتان بە باشترین شێوە پەروەردە بنو پێ بگەنو هەروەها لەباوەشی گەرمی بنەماڵەدا باشترین وانەکانی مرۆڤایەتی فێربن.

ـ ئەسلی دووهەم: گەر دەتانەوێ باوکێکی سەرکەوتوو بن..... پێویستە کات بۆ بارهێنانی منداڵەکانتان تەرخان بکەنو هەروەها خۆتان وەك ئامرازو نموونە بن بۆ نیشاندانی ئەزموونەکان.

ــ ئەسڵی سێهەم: ئەگەر دەتانهەوێ باوکێکی سەرکەوتوو بن....پێویستە زیاتر سەرنج بدەنە پێداویستییەکانی نێوبنەماڵەو هەروەها لەو هەلو مەترسیانەی کە لە پێش بنەماڵەکانتان هەیە ئاگادار بن. هەردەم ئەوەتان لە بیر بێ هەر ئەزموونێك کە بە منداڵەکانتان دەدەن هەنگاوێك لە سنووری تێگەیشتنو پێگەیشتنیان نزیك دەکەنەوە.

ــ ئەسڵی چوارەم: ئەگەر دەتانهەوێ باوکێکی سەرکەوتوو بنو.... منداڵەکانتان هەر بەو شێوەیەی کە هەیە قبووڵیان بکەن،لە بەرانبەر ئەو کارگەلەی ئەنجامی دەدەن هاندەریان بنو دڵخۆشیان بکەنو لە باوەشی محەبەتی خۆتان بێبەریان مەکەن چونکە ئەوان بەشێکن لە وجوودی ئێوە.

ـ ئەسڵی پێنجەم: ئەگەر دەتانهەوێ باوکێکی سەرکەوتووو شوێن دانەر بن...... دەبێ چاوی منداڵەکانتان بەڕووی زەریای زانستو زانیاری روون بکەنەوەو ئەو لەمپەرانەی کە دەبنە کۆسپ لە سەر رێگای گەیشتن بە حەقیقەت لابدەن.

ــ ئەسڵی شەشەم: ئەگەر دەتانهەوێ باوکێکی سەرکەوتووو شوێن دانەر بن.... منداڵەکانتان فێری ئەوە بکەن کە بۆ گەیشتنی خۆیان هەردەم بڕوا بەخۆ کردن بکەنە ئامانج کە باشترین یارو یاوەری هەر کەس بە تەنیا باوەڕ بە خۆبوونە.

سەرچاوە: "کانون خانوادە"

# شێعر و پەخشان

## دەریا

رەسووڵ سۆڵتانی

شەو بەسەرماوە زرینگاوەتەوە
شادی رۆیشتووەو خەم ماوتەوە
دڵی پێنووسی ئەویندار تەنگە
هەستو خوست نایە قەڵا بێدەنگە
کرۆ خامۆشە زەمان یەکجاری
وەك بلێی مەرگی بەسەردا باری
جاروبار کوندێ لە دوور دەخوێنێ
خەبەری مەرگی هەژارێ دێنێ
کوڕو پێشمەرگە بە تەنیا خەوتوون
بە خەون چوونەتەوە سەرکەوتوون
دایان گیرساندووە ئاوری نەورۆز
دەست لە ئەستۆی کچی خەونی پیرۆز
خاکی رزگارە لە دەست بێدادی
ئای چ شیرینە خەوی ئازادی
منم ئەوشەو کە بە تەنیا ماوم
خەویش تۆراوە لە لانەی چاوم
یادی جێژوانو هەواری جاران
چاومی فێر کردوە بە ڕێژنەی باران
دێ بەبەر چاوی خەیاڵا جوانێ
نموونەی چاوی لە دنیادا نێ
خۆکوژی سیلە نێگای کیژۆڵان
لە سەری پێچو لە حەوشەو کۆڵان
دوگمە دەترازێ لەسەر سینەو مەم
وەختە سەد شێعری بە قوربانی کەم
ئەو نیگاو بەژنو بزەو چاوانە
قیبلەگای دینو دڵو چاومانە
کۆتری بێپەڕو پۆی خەومیان کوشت
دەمەو ئێوارە بوو وا خوێنیان رشت
ئێستەکەش نازی نیگای چاوکاڵێ
پێمی بەخشیوە پەڕی شاباڵێ
بۆیە بەبێ ئۆقرە لەگەڵ تەنیایی

دەنووسم شەرحی نیگای دەریایی
گیانی بەخشیوە بە هۆنراوەی من
بەو دڵە پڕخەمو ژاکاوەی من
دەبێ ناوی هەموو کیژان بێنم
چاوی جوانیان بە غەزەل بناسێنم
با بزانێ کە لە ئەم دنیایە
تاقە ئەستێرەیەکی تێدایە
کە هەتاو سوژدە دەبا بۆ بەر پێی
مانگو ئەستێرە قەرزدارن پێی
پەڕی نامەم بە شەماڵ دەسپێرم
رۆژ بێ یان نیوە شەوێ دەینێرم
پێی دەڵێم هاودەمی دەشتو کۆ
زوو وەرە دەستم بە داوێنی تۆ
لێرە ئەستێرەیەکم ناسیوە
نامە شێعرێکم لە بۆی نووسیوە
وەسفی برژانگو دەمو بەژنو چاو
جووتێ ئەستێرە لە ئاسمانی ساو
ناوی گشت سوورە گوڵی ئەو ناوە
کە قەسیدەی منی پێ رازاوە
یەك بە یەك بوونە هەوێنی هەڵبەست
خاڵو لێو بەژنی لەبار چاوی مەست
بۆچی پێت سەیرە کە ناوم بردوون
بەراوردێکم لەگەڵ یار کردوون
لەوێ گوڵ زۆرە نەخەجلێی ئەی با
نامەکەت بگرە کە زریان نەی با
بڵێ هێناومە سڵاوێ بۆتان
پڕ لە تاریفی جوانیی خۆتان
بڵێ کوا چاوگەشی ئەستێرەی شەو
تایبەتی پێمە سڵاوێ بۆ ئەو
ناوی ئەستێرە لەهەر کوێ بێنی
هەرچی پێویست بێ وەدەستی دێنی

شەو بە جێژوانی ئەوین نازانێ
تا گەلاوێژی نیگای بڕوانێ
چاوو برژانگی کە سەرڕاو دەگرن
کۆترن راوچی بە بێ داو دەگرن
دێن بە پۆل بۆ خەبەرو پێشوازی
فێر دەبێ چێژی چیە گیانبازی
پۆلێ نەسرینو هەلاڵەی رووگەش
گوڵە هێرۆیەو گەزیزەی چاوڕەش
گەردنی چەشنی بلووری بێگەرد
چرژی خستۆتە دڵی سەختی بەرد
سینگی بەفرینی گوڵاڵەی رووح سووك
دڵرفێن پێ دەکەنن وەك نەو بووك
سوێسنو چیمەنو شلێرەی جوان
شەونمە جوانە لە سینگو بەروان
دڵگرە رۆندکی روخساری گوڵ
دوڕی فرمێسکە لە گریانی دڵ
مانگ بە رووزەردی تریفەی داوێ
کەل دەنەخشێ بە گزینگی تاوێ
پەرپەرۆك دێتو دەدا بای باڵێ
لێرە شك نابەم هەواری خاڵی
مەلی بێلانە دەخوێنن جارێ
تا چرۆ مابێ لە لێوی دارێ
روو گەشن لێو بە بزەن دڵپاکن
ئارەزووی رۆژی هەناو رووناکن
دەرفێنن بە نیگا دڵی جوانان
پۆلە کۆتر لە دەرو گوێسوانان
جوان دەکەن دیمەنی نێو گوڵزاران
کە لەسەر گوڵ دەگەڕێن ئێواران
ئاسکی دڵگری زۆر تێدایە
دڵی ناسك لەوەێ گیان فیدایە
لەوەێ کارمامزەکان نەشمیلن
دڵ لە خەرمانی قژیان دا دیلن
موژدە بۆ هەرچی دڵی لەو ناوە
بە بزەی لێوی کچێ ناسراوە
تەمی کوێستان دەڕەوەێ پێ ناچێ
گەر بەهار ئیزنی بدا بۆ ماچێ
شنەیەك بسکی هەتاو دادێنێ
بۆی بەهار بۆ گوڵو کوێستان دێنێ
وەك بەیان بێتەمو مژ بێگەردن

شیرنە ماچی تەوێڵو گەردن
دڵی لێو رێژ لە وتەو رەمزو راز
کوڕە پێشمەرگەیەکی ئاشتیخواز
دێ هەتا وەربگرێ پاداشتێ
لە چڵی باغی بەهەشتی ئاشتی
گەر ئەوین شیری لە جەرگی ڕاکا
چۆن لەبەر چەنگی تەوارێ ڕاکا
لێرە ئەی پیرە شەماڵ تۆم یاری
تۆ کە یادگاری بەهاری پاری
نامەکە هەڵگرە زوو خێراکە
دڵی من ئێستا تەوتو خەمناکە
کە گەیشتیتە یەکەم کۆڵانێ
هەر گوڵەو مشتەرییەو دەڕوانێ
بۆ بزەی هیچ گوڵێ ئاوڕ مەدەوە
جوابی کارمامزی دڵ پڕ مەدەوە
لەوەێ دوو چاوی گەشی دەریایی
لە تۆ دەڕوانێ گەلێك ئاسایی
چاوەکانی لە سەرم شین گێڕن
خوا نەکا رۆژێ نیگا وەرگێڕن
دوو چەم پڕ لە هومێدو ئاوات
بیتو بتناسێ لە پڕ دێ بۆ لات
بەر لەوەی بێژە ئەوە چیە پێمە
عەرزی یاری کە سلاوی ئێمە
سووکێ چۆك دادەدا بە قەستی کڕنۆش
بەری پێی ماچ کە لە ڕێوە رووخۆش
لێرەوە بۆ وێ دەنێرم سلاوێ
پڕ لە عەشقو کزینگی تاوێ
پێی بڵێ هەرچی لە جوان دەڕوانم
بێجگە لەو نایەتە بەر چاوانم
لە شەپۆلی چەمو چاوی کانی
لە چیاو دەشتو بەهاری جوانی
هەر چی هەن دیمەنی نێو دنیایە
رەنگو بۆی جوانیی ئەوی تێدایە
کچی ئەو شارە دڵان دەڕفێنن
کەچی تاڵێکی قژت ناهێنن
جوانیت بۆ دیدەمی کرد پەرژینێ
بۆیە چاوم کەسی تر نابینێ
لێم گەڕێ چۆن دەبا هەر وا بم
سوژدە بۆ جوانیت دەبەم تا مابم




گەر من نەبام واتای ژیان نەبوو، رووبار فێری شەپۆلدان نەبوو کۆمەڵ نەبوو سروشتیش جوانی نەبوو، چونکە منم پێکهێنەری ژیانو کۆمەڵو هەموو وتە جوانەکانی ژیانمو لەگەڵ لە دایك بوونم دا خەمو خۆشی، شادیو تراژیدیا لە دایك دەبێ بەڵام لە هەموویان هەر کات خەمو تراژیدیا بۆتە هاورێ منو ئەوانی دیکە باوشیان کردە ئەو نیوەکەی کۆمەڵ، ئەوا ئەو هەموو گوڵاڵە سوورانە بەدەستو قامکەکانی من چێندراونو چرۆ دەکەنو بۆ من پێ دەکەنن بەڵام من لە دوورەوە بۆیان دەگریم، سۆزو ئەوین لە دڵی من دا لە دایك دەبێ بەڵام لە لای ناپیاوانو ژن نەناسان ئەسووتێو ئەمرێ، گەر من نەبام شاعیر، نوسەر، گۆرانیبێژ، نیگارکێش نەبوون چونکە سەرمەشقی هەموو شیعرێكو پەخشانێكو گۆرانێكو نیگارێك منمو بە منەوە جوانو هەموو لە خەبات، مێژوو، دلێری، ئازادیو ئەشکەنجە، جوانیو وەزیفەی موقەدەسی دایکایەتی من دەدوێنێ.

گەر من نەبام پیاو نەبوو چونکە منم دایکی پیاوانو هەموویان زادەی منن، ئەوا ئەو هەموو ناودارانە کە چەرخی جیهانیان بە دەستەوەیە لە ئامێزی من فێر بوون، ئەو هەموو پێشمەرگانە کە گیانیان فیدای گەلو نیشتمان دەکەن لە ئامێزی من مەشق کراونو وشەی نیشتمان فێر بوون، من ئەو کەسەم کە بە شیرم برسیەتی هەژارەکان دەشکێنم بە پرچەکەم سێدارە لە ملی نەیاراکانم دەکەم بەو فرمێسکەش کە هەر رۆژە بە هاتنە خواری لە سەر روومەتم دا نیگارێك لە خەمو ئازارەکانم دەکێشێ سپی ئەم گۆی زەویەو هەرچی ووتەی ناشیرینە دەشۆمەوە جیهانێکی هێمنو پێشکەوتوو خوازتر پێك دەهێنم.

نابم بە ئاگر گڵپەی گڕم جیهان بسووتێنێ
نابم بە بوومە لەرزە لەرزم ئیسانەکان بکوژێ
نابم بە زنجیر دەستو پێ ژنان ببەستم
نابم بە تاوانبار گیانو لەشی بێ تاوانان لەت لەت بکەم.
دەبزانە بەچی دەبم؟
چیم دەوێ؟
دەبم بە پێنوس
لە سەر لاپەرەی هیچ تێنوسێك
هەرگیز نەنووسم
نیوەی کۆمەڵ فەوتاوە
کۆمەڵ بە یەك نیوە دەژی



دونیا بەبێ ژنە
ئاسمان بەبێ ئەستێرەیە
هەتاو بەبێ روناکیە
سروشت بەبێ گوڵە
پێشکەوتن بەبێ زانستە
من پێنووسم
لەسەر لاپەرەی تێنووسم دەنووسم.
ئاسمان بەبێ ئەستێرە پرشنگدار نیە
بەبێ رووناکی هەتاو دونیا تاریکە
سروشت بەبێ گوڵ جوان نیە
پێشکەوتن بەبێ زانست مانای نیە
چۆن دەڵێن کۆتر بەیەك باڵ نافرێ
گوڵ بەبێ ئاو دەمرێ
دونیاش بەبێ ژن مەحاڵە
کۆمەڵیش بەیەك نیوە ناژی
نیوەی کۆمەڵ نەفەوتاوە
هەر زیندوەو هەر ماوەو هەر بەوەفایە بۆ جگەرگۆشەکانی
من هەر پێنووسم من هەر پێنووسم وشەی تاوان نانووسم.
من پێنووسم
وشەی ئازادیو ئاشتیو راستیو عەدالەتو وشە بە نرخەکانی مافم دەنووسم.

# بگەڕێوە

ئاوارە جەلالی

لە تاریکیو شەوە زەنگی

شەوێکی ساردی زستانا

چاوەکانم لە چاوەڕوانی

تۆدا

لەو دیو پەنجەرەی دیوێکا

سەمای حەزو عەشقیان

ئەکرد.

توخوا ئازیز

بەقەزاو قەدەرم مەسپێرە

بگەڕێوە

مەڵێ قەزا دای بڕاندین

مەڵێ قەدەر لێکی کردین

مەڵێ نا نا

با بە تاسەی دووری نەمرین

با بە تاسەی یەکدی نەمرین

# چاوەڕوانی

پەنا

"لەگەڵ یەکەم نیگای تۆ، ئەو ڕۆژی چومە ناخی چاوانتەوە، بەتاسەوە
چاوەڕێت بووم، ڕۆژێك تێر لەگەڵت بدوێم، چاوەڕوانی تاقەتی بریم، تۆ هەر نەهاتی
دەزانم چاوەڕێ تۆ بوون بێهودەیەو لە نێو نیگاکانت ئاوا بوومە!
بەڵام نازانم بۆ؟ ئێستاش بە هیوای هەڵاتنی چاوەکانت پەنجەرەی
ژوورەکەم دەکەمەوە، نەوەرینی پەلکی گوڵی خۆزیاکانم
نەهاتنە خوارێ فرمێسکی بێوچانم نەچاوەڕوانی بێئەنجامم بە خۆم نەبوو تۆ بووی بە
ڕۆیشتن تاوانت کرد نانا خیانەت بوو ئەبێ سەنگ سارت کەن! بەڵام ئاخو سەد ئاخ کەس بە
گوناهی تۆی نەزانی!"
" ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتی"
ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتی ڕۆژی مەرگی من بوو
مەرگی هەستەکانم مەرگی وشە جوانەکان
مەرگی پاڕانەوەی بەیانانم
تۆ ڕۆیشتیو من بەیەك دونیا خەمەوە مامەوە
پەنای رووخاوم! نەم دەزانی کە تۆ نەبی ئاوا سامناك دەبێ ژورەکەی تەنیایم
کە تۆ نەبی شەوان بێخەوی دام دەگرێو شاهید دەبێ بۆ دەردو ژوانم جێوبانم
کە تۆ نەبی ژیان قورسایی دەکا لە سەر شانم
یەکەم جار کە تۆم بینی پێم وابوو" خوا" تۆی بۆ من ناردوە تا من بگەیێنێ بە چارەنووسی
دڵخوازم چ سرری بوو من نازانم
بەڵام کە هاتی تەنیا بووم
بە ڕۆیشتنت تەنیاتر بووم."
" گەر زانیبام پەنام نادەی، نابی بە مانای ژینم هانای گوڵی گرینم
خۆ هەوڵ جاری دیدارمان ئاوا چاوم لە چاوت نەدەبری هەتا ئەو جۆرە بە بێهودە
لە ناو دڵم بژی، دەزانم بە تۆ ناگەم، لە ژێر سێبەری تۆ پشوو نادەم ئۆقرە ناگرم بۆیە وا
سەر لێشێواوم"
بۆ تۆ بە یادی تۆ، لە نێو جێوبانی خەماویو بێخەوی بە یادی تۆ دانیشتووم
ئەی پەنای شەوانی سەر لێ شێواویم!
بەیەك جاری داماوم لە هەموو شتێك لە چارەنووسی خوا
ئەمن کە هەموو شەوێ تەتۆم بە پارانەوەیەك ئاوا کرد بوو
ئەدی بۆ شەوانی تەنیاییم لەگەڵ تۆ بەش نەکرد؟
بۆچی پارانەوەم کاریگەر نەبوو؟
بۆچی دووچاوی ماندووی من پراو پڕ لە فرمێسك تەتۆی لە قەراغ خۆم نەدین؟
بۆ چی خۆر تاوی ئەوینت جێگای تیشکی هەموو ئەستێرەکانی پڕ نەکرد؟
ئەمن کە دەمویست هاورێ ڕێگای بەردەلانیشت بم.
لە بیرمە چاوەکانت جاران پڕبوون لە شك گومان
بەڵام ئێستا ئەو چاوانەش نەماون
"ئەگەر داهاتوو ڕێگام بدا. ئەگەر چارەنووس بەرەوهەڵدێری نەمانم نەبا
ئەگەر کەندو کۆسپم نەیەتە سەر ڕێ، ئەگەر لە ڕۆژانی دوورو درێژی بێ پەنایی ڕزگاریم بێ
ئەگەر خودا ئەتۆ بەبەشی من ببڕێ ئاواتەکانم وەدی دێ".

# وەرزشی یوگا

وەرگێران: خەج
سەرچاوە: گۆڤاری (روانشناسی امروز)



**یوگا جێگای دەرمان بۆ نەخۆشی دەگرێتەوە.**

"یوگا" لە وشەی یوگ، یوج، یوع دروست بووە، کە مانای یەکیەتی و هاوئاهەنگ پێکهاتن لە نێوان جیسم و رووح و رەوان دەگەیەنێ. یا بە وتەیەکی دیکە، یوگا یانی یەکیەتیی پێکهێنان لە نێوان هەموو لایەنەکانی کەسایەتی مرۆڤ دا، "یوگا" بریتییە لە پێوەندی نێوان رووحی ئینسان و رووحی کەیهان و یا گەیاندنی مرۆڤ بە بەرزترین دەرەجەی وشیاری و تێگەیشتن. لە روانگەی فیزیۆلۆژیکی، "یوگا" بریتییە لە: کۆنترۆڵی زەین و رەوان بۆ گەیشتن بە گەشە کردن و خۆناسین. "یوگا" بریتییە لە: وەبەرچاوگرتنی جیسم، رووح و رەوان، مەعنەوییەت، ئەخلاق، کۆمەڵ و عەقڵ. "یوگا" لە سەر ئەو باوەڕەیە کە چلۆنایەتی جیسمی پێوەندی نزیکی لەگەڵ سۆز و کەسایەتی مرۆڤ دا هەیە. زۆر کردنی ئارامی و ئازاد کردنی ماسولکەکان و وەزعییەتی جیسمی مرۆڤ لە رێگای تەمرینی جیسم و تەمرینی هەناسە هەڵکێشان و تەمرینی زەینی (مدیتیشن) کە نموونە بەرچاوەکانی لە رەفتار دەرمانی مۆدێرن و لە ژێر چاوەدێری رەوانکاویش دا وەبەرچاو دەکەوێ. دەرونگەری ئاسان دەکا. چونکە بە کەڵک وەرگرتن لە تەمرینەکان "یوگا" مدیتیشن، مرۆڤ توانای ئەوەی دەبێ بێ دەمار گرژی و بەستراوەیی بروانێتە بیرو هەستەکانی و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە مرۆڤ بە بیرێکی ئاسوودەوە بروانێتە بۆچوون و هەستەکانی.

بە گوێرەی بۆچوونی دوکتور "ان ـ اس ـ وهیا" (دە ساڵ لێکۆڵینەوە کردن لە تەکنیکەکانی یوگا، ئەم رێگایە زیاتر رەوتێکی دەرمان کردنی هێناوەتە دی).

یەکێك لە بنەڕەتیترین و گرینگترین رێگاکان کە دەتوانێ لە یوگاو مدیتیشن کەڵك وەرگیرێ، کەم کردنەوەی بێ هێزی نەخۆشە بۆ قسە کردن لە بارەی بابەتێك کە بۆ وتوێژ کردن ترس و دڵەراوکێی لە سەر کەم دەکاتەوە. "یوگا" زۆرتر لە سەر ئەوە پێ دادەگرێ کە زەین و جیسم لە یەك جیا نین، بەڵکوو پێکەوەن. هەروەها یوگا لە سەر مانای (هێموستازی) پێ دادەگرێ و کە لە وشەی سامادیدا (Samadhi) خۆی دەنوێنێ. ئەو دوو دیاردەیە لە پزیشکی مۆدێرن دا جێگای سەرنجن.

لە یوگا دا بە هاوسەنگی نیهایی و وەزعییەتی پایدار (سامادی) و تێکچوونی پەیتا پەیتای پسیکولۆژیك "ویك سپا" (wiksepa) دەگوترێ.

یوگا، وەك زانستێکی پزیشکی مۆدێرن بۆ هۆیەکانی نەخۆشی رەوانی، نیشانەکانی نەخۆشی رەوانی رێگاو جۆری دەرمانکردن و سەرئەنجام معالجە و سەلامەتی پێشنیار دەکا.

یوگا لە رێگای کەمکردنەوەی (wiksepa) بە رێگای تەمرین کردنی جیسم، تەمرین کردنی هەناسە هەڵکێشان و مدیتیشن، پاراستنی هێزو ئینرژی لە رێگای کەڵك وەرگرتنی بەجێ (صرفەجویی) لە ماسولکەکان و کەم کردنەوەی متابولیسم، کەمکردنەوەی زەخت و فشاری کارکردن لە سەر سیستەمەکانی حەیاتی واتە ژیان وەك کەمکردنەوەی لێدانی دڵ لە کاتی وچان دا، کەمکردنەوەی ژمارەی نەفەس هەڵکێشان و فشاری خوێن و هەروەها بەهێز کردنی چۆنیەتی رێگاکانی دیفاع کردن لە جیسم و رەوان، بە هۆی چالاك بوونی سیستمی لەنفاوی، بەهێز کردنی کارایی، تەوەری "هیپوتالاموس" و "هیپۆفیزادرنال" و تەئسیری لە سەر سیستەمە هۆرمۆنی یەکان و پاراستن و گەڕانەوەی خێرای (هموستان) هەیە، هاوسەنگی و ئاسوودەیی بە جیسم و رەوان دەدا. یوگا لە دەرمانکردنی نەخۆشی رەوانی وەك: ترس، خەمۆکی، وەسواس بوون لە کردەوەو فکردا، تێکچوونی کەسایەتی، ئیعتیاد، تێکچوونی پسیکوسماتیك و.... بە هۆی رەوانپزیشکان، رەوانشناسان و لێکۆڵەرەوانی ئەو فەننە، کارایی و شوێنی هەبووە. یوگا بە هۆی ئەو تەکنیك و رێگایانەی لە ئیختیاری دا هەبووە دەتوانێ لە دەرمانکردنی نەخۆشییە رەوانییەکان دا تەئسیری هەبێ.

ئەوەی کە لەو تەکنیکانە دا گرینگە، ئەوەیە کە دەبێ جووڵانەوەو تەمرین و تەنەفوس و تەمەرکوز هاوئاهەنگ بن تا بتوانن بە تەمەرکوزی زیاتر یارمەتی بدا.

ئەو تەکنیکانە دەبێ لە ژێر چاودێری پسپۆری یوگادا بکرێ، تا نەخۆش لە رێنوێنییەکانی کەڵك وەرگرێ. دەنا لەوانەیە ئاکامی مەنفی هەبێ.

**ـ لە سەر یەك تەکنیکەکانی یوگا بریتین لە:**

١ـ یاما، بریتییە لە ئێش و ئازار نەگەیاندن بە کەسێك، راستگۆیی، دزی نەکردن، هاوسەنگی راگرتن لە مەسایلی جینسی داو.....

٢ـ نیاما، بریتییە لە پاكوخاوێنی، قەناعەت، لە سەرەخۆیی و سەبر، خوێندنەوەی کتێب و....

٣ـ اسانا، بریتییە لە ٨٤ حەرەکەت

٤ـ براناياما بریتییە لە تەمرینی نەفەس

←

هەڵکێشان

٥ـ براتاها ریا بریتی‌یە لە بەرتەسکردنەوەی حەواس لە شتی تەحریك هێنەری رواڵەتی و دەرونی

٦ـ داهارانا بریتی‌یە لە تەمەرکوز کردن

٧ـ دیانا، بریتی‌یە لە پارێزگاری کردن (مدیتیشن)

٨ـ سامادی، بریتی‌یە لە پارێزگاری قووڵ یا وشیاری بەرز

**ـ لە سەر یەك ئەو ئاکامەی کە لە تەمرینی یوگادا دەست دەکەوێ بەم شێوەیەیە:**

١ـ خۆ ئاگاکردن کە دەبێتە هۆی ئەوە خۆت هەڵسەنگێنی

٢ـ پرش وبڵاوبوونی بیروئحساسات کەم دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەربەرەکانی لەگەڵ خۆ بە ئاستێکی نزم بگا

٣ـ بە هۆی کەم بونەوەی پرش‌وبڵاوی فکری ئەو کەسە زیاترلەحاڵ دادەژی‌و کەمتر بیر لە داهاتووو رابردوو دەکاتەوە.

٤ـ هەڵسووکەوت‌و سۆزە کلیشەیی‌یەکان مەرجدار کە لە زیندوو بوونەوەی بیرەوەری سەرچاوە دەگرێ کەم بکرێتەوەو سروشتی دەکرێ.

٥ـ کەشوهەوایەکی زیاتر لە زێن دا دروست دەکرێ بۆ وەرگرتنی پرۆسەکانی زانیاری خۆی لە بواری بەهێزکردنی بڕیاردانی زیاتر.

٦ـ ئەزموونی موسبەتی زەینی لە زۆر کردنی ئیرادەدا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ.

٧ـ هەست بە ئاسوودەیی‌و ئارامی رووحی‌و جیسمی دەکرێ.

٩ـ هەست بە سەرخۆشی ئاسایی‌و خولقی خۆش کە هەم بە هۆی خەڵك‌و هەم بە هۆی کەسەوە، بۆ دیتن دەبێ پێك بێ‌و سەرئەنجام دەتوانین لە یوگا وەك میکانیزمێك بۆ هێورو ئارام کردنەوەو گەڕان‌و دووبارە کەسایەتی دروست کردن کەڵك وەرگێرێ.

# ژنان‌و جامی جیهانی

رەحیم ئەحمەدی پوور



بێگومان جامی جیهانی فوتباڵ گرینگترین رووداوی وەرزیشی‌یە لە ئاستی جیهانی‌دا. هەر بۆیە ئێستا، خەڵکی دونیا بە زمانی وەرزیش یەکتر دەدوێنن‌و پێکەوە لە پێوەندی‌دان. بۆ وێنە کاتێك تیمێکی فوتباڵ لە ئەمریکای باشوورەوە بۆ یاری کردن دێتە“ ئاسیا، ئوورووپا یا ئەفریقا، سەدان هەواڵنێرو وێنەهەڵگری کەناڵە ئاسمانی‌یەکانیان لێ کۆ دەبنەوەو وێنەو هەواڵە پێوەندیدارەکان بەو کایە وەرزشی‌یەوە دەخەنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان‌و بە سەدان راڤەکاری وەرزشی دادەنیشن‌و لایەنەکانی لێك دەدەنەوە. لە راستی‌دا دەکرێ لە ڕێگەی وەرزشەوە کولتوورو شارستانی‌یەتی نەتەوەکان بە ئەوانی دیکە بناسێندرێن‌و لە لایەکی دیکەوە“ کەڵکێکی ئیجگار باش‌و بەهرەمەند لەو پڕوپاگەندانە وەرگرن.

بۆ یەکەم جار جامی جیهانی پیاوان لە ساڵی ١٩٣٠ دا بە ئامادە بوونی ١٣ تیم لە وڵاتی ئۆروگوا، دەستی پێکردو هەتا ئێستا کە هەژدەهەمین خولی ئەم وەرزشە لە ئاڵمان دا بەڕێوە دەچێ هەر بەردەوامە. بەڵام ئێستا تەواوی وڵاتان دوای تێپەڕ کردنی خولی ئامادەیی(مقدماتی)و بە کەڵك وەرگرتن لەو پشکانەی فیفا بۆی دیاری کردوون لە تۆرێنمێنتی جیهانی‌دابەشداری دەکەن. ڕێکخراوی فیفا گەورەترین دامەزراوی بەڕێوەبەری‌و ڕێکخستنی فوتباڵی جیهانە. ئەم ڕێکخراوە ساڵی ١٩٠٤ لە وڵاتی سوئیس دامەزراوەو هەتا ئێستاش ڕێبەرایەتیی پڕقڕیوەترین وەرزشی جیهانی(فوتباڵ)ی لە ئەستۆیە. بەڵام پرسیارێك لێرەدا کە دێتە پێش ئەوەیە بۆچی لە وڵاتە ئازادو پێشکەوتووەکان‌و خاوەن ئیعتبارەکان لە بواری فوتباڵدا، وەك، برزیل، ئارژانتین، فەرەنسا، بریتانیا، ئیتالیا، هۆلەندو ئاڵمان سەرمایەگوزاری‌یەکی ئەوتۆ لەسەر فوتباڵی ژنان دا نەکراوە؟ لە ئەمریکا فوتباڵ لە پلەی سێهەمی وەرزشەکان دایە. بەڵام ژنانی فوتباڵیستی ئەمریکایی لەم بوارەدا حاشایان کردوە. لە ساڵی ١٩٩١ەوە یەکەم جامی جیهانیی ژنان لە وڵاتی چین بەڕێوە چوو، ژنانی تیمی میللی ئەمریکا هەتا ئێستا لە هەموو خولەکان دا گەیشتوونەتە فیناڵی کێبەرکێکان‌و بەوەدەستهێنانی ٣ پلەی قارەمانێتی‌و یەك(نایب قهرمانی) لەگەڵ ئەستێرەکانی پیاوی وڵاتی برزیل لە ململانێدان پیاوانی برێزیلی لە هەر هەژدە خولەکەی جامی جیهانی‌دا بەشداری‌یان کردوە.و لە ساڵی ١٩٣٠ هەتا ئێستا ٥ جار پلەی قارەمانێتی‌و جارێکیش(نایب قهرمانی)یان هێناوەتەوە. ئەگەر بمانهەوێ شانازی‌یەکانی یاریزانانی ژن‌و پیاو پێکەوە بەراورد بکەین، رۆنالدۆو زیدان هەرکام بە وەرگرتنی ٣ جار تۆپی زێڕینی باشترین یاریزانی جیهانی تازە دێنە ریزی خاتو میاهام ئەستێرەی بەناوبانگی ئەمریکایی. چونکە میاهام لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠١، ٢٠٠٣،٢٠٠٢دا سێ‌جار وەك باشترین فوتباڵیستی ژنی جیهان ناودێر کراوە. بە ڕاستی هەر بژین ژنانی ئەمریکایی کە گەورەترین شانازی‌یان لە بواری پڕلایەنگرترین وەرزشی جیهانی‌دا پێبڕاوە. کە هەر وەکی باسمان کرد فوتباڵ لە ئەمریکادا لە پلەی سێهەمی وەرزشەکاندایەو زۆربەی کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە. ژنانی جیهان دەبێ ژنانی ئەمریکایی بکەنە سەرمەشقی خۆیان‌و بە فێربوونی زانستی رۆژو وەرزش خۆیان ڕێکخەن‌و لە هەڤرکیی سالمی وەرزشی‌دا، هێزو تواناکانیان بسەلمێنن.

# کچانی وەرزشکار

ئامادە کردنی: ڕەحیم ئەحمەدیپوور

خاتوو ئاسکە حەسەن زادە لە ماوەی دووساڵی رابردوودا بە بەردەوامی بەشداری لە فیستیڤاڵە وەرزشی‌یەکانی خوێندنگاکانی قەزای کۆیەو هەرێمی کوردستانی کردوە. یاریزانی ناوبراو ئێستا لە ریزی هەڵبژاردەی والیبالی کچان لە کۆیە یاری دەکا ئەگەر ئاسکە خان رێنوێنی‌یەکانی مامۆستایانی وەرزشی خۆی بە باشی لە بەرچاو بگرێ لە داهاتوودا دەتوانێ یاریزانێکی بە توانا بێ. بەم هیوایە کە نموونەی ئەم کچە وەرزشکارانە لە نێو ئەندامانی یەکیەتیی




ژنانی دیموکراتی کوردستان ئێران زۆرو بەردەوام بێ.

– نازناوەکانی ئەم یاریزانە:

١– پلەی دووهەمی بەسکتباڵ لەگەڵ تیمی هەڵبژاردەی کۆیە لە شاری سلێمانی.

٢- پلەی یەکەمی والیباڵ لەگەڵ تیمی هەڵبژاردەی ئامادەیی کچانی کۆیە لە شاری کۆیە.

٣- پلەی سێهەمی هەندباڵ لەگەڵ تیمی هەڵبژاردەی کۆیە لە شاری سلێمانی.

# وێنەکان لە جیاوازییەکانیان دەدوێن ...



ژنانی وەرزشوان لە ئێران



ژنانی وەرزشوان لە وڵاتانی پێشکەوتوو



ئێران



ئورووپا

# دەمم دە مەمكی ... ناوە

ناسر فەتحی

هەمیشە لە ناخم دا، لە قووڵایی بەشە نەدۆزراوەكانی بوونم دا، هەستم بە شتێك.. بە رازێك.. بە نەهێنی‌یەكی مەزن‌و بزۆز دەكرد. دڵنیا نەبووم، بەڵام دەمزانی.. دەمزانی رۆژێك یاخۆ شەوێك دێتوو هەڵ مدەتەكێنێ‌و هەر چۆنێ بێ سەر لە نوێ دام دەرێژێتەوە.

لە راستی دا هەموو شتێك بەدوای خوێندنەوەی رۆمانی راونـانی دایكـەواو باوكـەوا بۆسـەر زەوی‌و بـە دوای خـواردنی سـێوە حەرامـەكان دەست پێدەكا.

ئەرێ.. ئەمە هەمان دەسپێكە سەمەرەكەی دابڕانی منە -1- لە دۆزخ‌و سەرەتای شاد بوونمە بە بەهەشت.

دوای ئەوەی دەسخڕۆو دەستەمۆی خوا - مرۆڤە مێیینەكەی ئادەمیزاد بووم، سەوزو سەرخۆش، شـین‌و سەرشـێت، بـەدوای پووچـی، بـە یۆرغەوە -2- بەرەوبەهەشت، وەرێ كەوتم. نەهێنی‌یەكان وردە وردە وەجووڵە جووڵ‌و ناڵە ناڵ كەوتبوون‌و دەهاتنە سـەر، هـەموو بوونمیـان تەنی‌بۆوەو بە فیشقە فیشق دەهاتنە دەر. ئەو كاتە بوو كە كەوتمە ژێر ركێفی وان -٣-، رۆیشتم.. رۆیشتم تاكوو گەیشتمە وێ -4-.

یەكەم ژوانم لە ژێر سێبەری بەرزترین درەختەكان‌و، لەگەڵ تازەترین‌و حەرامترین سێوەكانی باوەرێنی بەربەیانی بەسەر بردو، ئێستاش: مەكە.. برۆ.. لاچۆ.. تەنیا بۆتۆم، لە گوێم دادەزرینگێنەوە -٥-. دوور لە دڵەخورپەو دڵەراوكێ چوومە پێشێ، هانكە هانـك‌و هاسـكە هاسـك‌و ناڵە ناڵ، شیلە بزەو بوورانەو بوژانەوە، فرمێسك‌و خوێن، زەمانەتیان كردم بۆ هەڵفرین بەرەو بەهەشت.

راستی‌یەكەی، هەموو شتێك لەوەڕا دەست پێدەكا كە ئەو گوتی: من بە ئازادی لە دایك بووم‌و بە ئازادیش...

***

گەلێك رۆژ لەبن سێبەری ساڵەكان‌و مانگە پـڕ لـە پرسـیارەكان، لـە ژێـر تەپكـەی تەمـەن، بـە سـەر داوی بـن دانەوێڵـەكان، بـە ترسـەوە هەنگاومان ناو، بۆ پڕكردنی جیكڵدانەمان گەلێك هێلكـەمان بـە هێلانـەوە دۆڕانـد، كـە چـی مـەخابن كاتێـك سـەرمان رادەكرد، پـەتی دیلـی دەكێشراو تەپكەی رۆژگار بە سەرمانەوە دەبوو بە شەوێكی ئەنگوستە چاوو تۆقێنەر.

ئەمن پێم وابوو، كاتێك گەورەتر بوون دارسێوەكان، بۆ چنینی بەرەكانیان دەبێ هەموو گەنجێ، شەوی ژوانـێ، گۆزەیـێ شـەرابی رەشـە ترێی پێبخورێ، تا دەر كەوێ كێ بێخەوشە،و تەنیا سێوی دار سێوەكەی خۆی پێدەخورێ.

درەنگ زانیم.. بەڵام زانیم كە قسەكانی دروشمن‌و، دروشمەكانیشی درۆن.. درۆ.. درۆ....

***

ئەو دار سێوی شەوی مەستیی دوێنێ شەومەو دار سێوی ئەمشەوی منی دەمامك لە چاوی لە منی دوێ‌شەو بێگانەیە!

ئێستا كە مـن هـەموو شـەوێ، سـێوە حەرامـەكانی گشـت سـەرداریێ دەخـۆم.. لۆمـەم مەكـەن، لـە راسـتی‌دا دەمـامكم وەلا داوەو دەمـم دەمەمكی هەموو ... ناوە.

* روونكردنەوەكان:

١- دابڕانێك تەواو پێچەوانەی چیرۆكی دایكەواو باوكەوا

٢- بۆ گەیشتن بە حەرامترین سێوەكان.

٣- مەبەستم خوا - مرۆڤەمێی‌نەكانە.

٤- مەبەستم بەهەشتە چۆلگەكەی دایكەواو باوكە وایە.

٥- مەبەستم دەنگی دۆستە سۆزانیەكەمە.

ژێدەرەكان:

* ∅

* ٢+٢=٥

* ☯

# سەربردەی کچێکی بە ئاوات نەگەیشتوو

شەیدا محەممەدی

لە مێژبوو دەم ناسی، کچێکی هێدی‌و لەسەرخۆ، سپی‌و ناسک، چاوشین‌و بالابەرز، هەتا بڵێی رێکوپێک بوو. سێ ساڵ بوو گیرۆدەی ئەوینی لاوێک بوو. لاوێکی کاسبکاری لادێی بە ناوی کاوە کەلە ماڵی دونیا تەنیا سۆزی دڵی وێرای ئەوینێکی بێگەرد شک دەبرد ئەویش پێشکێش بە دڵدارەکەی کرد بوو. پاش سێ‌ساڵ دڵداری تاوی عەشق ئۆقرەی لە دڵی کاوە هەڵگرت‌و تەمای گرت بچێتە داوای یار ــ پاش ئەوەی کە بۆ سێهەمین جار بە ناهومێدی لەلایەن باوکی هێرۆوە جواب کرا، بە رەزایەتی هێرۆ تەمایان گرت دەست لەدەستی یەک بنێن‌و بێ حوزووری بنەماڵەی هێرۆ ژیانی هاوبەش پێک بێنن. بە قەولی کوردەواری خۆمان هەڵی گرت. پاشان چەند ردێن سپی‌و پیاو ماقوڵیان نارد بۆ لای باوکی هێرۆ هەتا مەسلەت بکەن. بەڵام باوکی هێرۆ بەوپەڕی تورەیی‌و غەزەبەوە ئاوای وەڵام دانەوە: ئەم سەڵێتەیە تازە کچی من نیە، تەنانەت نێویشی لە بنەماڵەدا دەشۆمەوە. بۆ خۆتان هەر جۆر پێتان باشە مارەی کەن. تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بووم چەند جاری دی راسپاردە لە لایەن ماڵی زاواوە هاتن بۆ لای باوکی هێرۆ، بەڵام قسە هەریەک بووو نەدەبوو بە دوو.هێرۆی بەستەزمان ناچار بوو بەدوور لە بنەماڵەو کەس‌و کاری لاپەڕێکی دیکە لە ژیانی نوێ هەڵ داتەوەو بەم شێوەیە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کاوەی دەست پێکرد دووراودوور ئاگاداری وەزعییەتی ژیانیان بووم‌و دەم زانی کە کاوە لە بنەماڵەیەکی هەژارو خێزاندارەو باوکی توانای بەرێوەبردنی ژیانی ئەم جووتە سەر لێ شێواوەی نیە- ماوەیەک تێپەر بوو- رۆژێک بیستم هێرۆو کاوە لە گۆشەیەکی فەقیرانەی شار دیوێکیان بەکرێ گرتوە. چووم بۆ سەردانیان ـ دیو چ دیو! هەر وەک قەبر، تەنگو تاریک. دیوارەکان لە بەر رتووبەت هەڵمیان لێ هەڵدەستا. بەڵام ئەوان ناچار بوون ژیانی تێدا بکەن، ساڵێک ئاوا تێپەر بوو. یەکەم بەرهەمی ژیانی هەژارانەیان لە ئەم منزڵە فەقیرانەیەدا چاوی بە دنیا پشکوت کچێکی جوان‌و لە بەردڵ بە ناوی"دیدار"، کە بە هاتنی خۆی دنیایەک خۆشی‌و شادی پێشکیش بە دایک‌و باوکی هەژاری خۆی کرد. ماوەیەکی دیش تێپەری، لە مێژ بوو هێرۆم نەدی‌تبوو. تا ئەوەی کە رۆژێک لە سەرەوەی کۆڵان چاوم بە هێرۆ کەوت. هێرۆ چ هێرۆ، کزو لاواز- ماتو مەلوول، ئەوەندە پەرێشان بوو کە هەتا لێی نیزیک نەکەوتم نەی دیتم. سلاوو چاک‌و خۆشیم لەگەڵ کردو بۆ سەرو وەزعی شێواوی پرسیارم لێ کرد: گووتی: بۆت باسی چی بکەم. کاوە زۆر گۆڕدراوەو ئەو کاوە نیە کە دەت ناسی. خەرجی ماڵێ ناکێشێ‌و بوون‌و نەبوونی منو دیداری پێ وەکوویەکە. بەو چلەی زستانە یەک قەترەمان نەوت لە ماڵێ نیەو لە سەرمان وەختە رەق هەڵێین. کاتێکیش گلەیی لێ دەکەم ئاوام وڵام دەدەداتەوە: پێت خۆشە هەر ئەوەیە پێت ناخۆشە هەر ئەوەیە گەر نارازی دەتوانی برۆی. بە بیستنی ئەم قسانە زۆر تێک چووم. لەگەڵ خۆم بیرم لەو رۆژانەی دەکردەوە کە دڵیان لە لای یەک بووو چەندە بە هیوای یەکتر بوون. بەراستی ئەبێ هۆی گۆڕانی کاوە چ بێ؟ پاش چەند رۆژ چووم بۆ ماڵەکەیان تا هەواڵێکیان لێ وەدەست بێنم. هیچ کات لە بیرم ناچێ. زستانێکی سەختو بەستەڵەک بوو. دایک‌و منالی هەناسە سارد لە سووچێکی ماڵ بێئەوەی گڕی





ئاگرێک هەبێ کە تاوی سەرمای پێبشکێنن پەنایان بۆ ئامێزی یەکتر برد! دایکی بەدبەخت لە سۆی کۆرپە ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بووو هەر بە نێوان چەند دەقە گازی پیکنیکی هەڵدەکردو دەستە ساردو سڕەکانی منالەکەی پێ گەرم دەکردەوە. لە خواردنیش هەر مەپرسە. فەقرو بەدبەختی لە چواردەوری ماڵەکەیان دەباری. بەڵام ئاخۆ بەکام تاوان ئەم چارەڕەشانە مەحکووم بە ئەم ژینە تاڵە کرا بوون؟ کاتێك سەبارەت بە گۆڕانی یەکجارەکی کاوە پرسیارم لێ کرد گوتی: زۆرم ئەم پرسیارە لێ کردوە، بەڵام وەڵامەکەی یا مستو پێلاقە بووە یا جنێوو قسەی ناخۆش لە ئاکام دا جارێك بەوپەڕی بێشەری یەوە پێی وتووم دڵم بە کەسێکی ترەوەیەو لە تۆ بێزار بووم. بە بیستنی ئەم قسانە گەلێك بێزار بووم یەکڕاست چووم بۆ لای دایکی هێرۆو بەسەرهاتی تاڵی کچەکەیم بۆ گێڕایەوە. و داوام لێ کرد کارێك بۆ ئەم داماوە بکا. دایکی زۆر ناڕاحەت بوو. گووتی تا باوکی هێرۆ ڕازی نەکا کەلە تاوانی هێرۆ خۆش بێ‌و ئیزنی بدا بیهێنێتەوە بۆ ماڵ واباشترە بە باوکم بڵێم بیهێنێ بۆ ماڵێ خۆمان ئەو کارەمان کرد تەنانەت باوکم زۆریش لەگەڵ کاوە قسەی کرد بەڵام فایدەی نەبوو ئەو لەسەر قسەی خۆی سوور بووو بە ئاشکرا دەیگوت: دەممەوێ ژن بێنم‌و هێرۆ ئەگەر دەتوانێ با دانیشێ. چارە نەبوو پاش کێشەیەکی زۆر بە ئەو نەتیجەیە گەیشتن لە یەك جیا ببنەوە". دایکی هێرۆش توانیبووی هاوسەرەکەی ڕازی بکا تا کچە بێ پەناکەیان ببەنەوە بۆ ماڵی خۆیان بەڵام بەو مەرجەی کە"دیدار"ی لەگەڵ نەهێنێ، بەڵێ ئەو کارەی کە نەدەبوو کرابا کراو هێلانەی ئاواتەکانی هێرۆ بە زریانی هەوەسبازی کاوە رووخاو خۆی‌و کچەکەی بوون بە قوربانی ئەم هەوەسبازییە. هێرۆ ژیانێکی پڕ لە غەم‌و مەینەت‌و تانەو تەشەری باوك‌و براکانی دوور لە جگەرگۆشەکەی لە ماڵی باوکی دەست پێکردەوە، ساڵێك تێپەڕ بوو هێرۆ ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تێك دەچووو لە دووری"دیدار" ئەسرینی خوێناوی هەڵدەڕشت. تاکوو بیستم باوکی بەزۆر لە پیاوێکی مارە کردوە کە دوو بەرابەری خۆی تەمەنی هەیەو لە باری قەیافەو سەرو وەزعو ئەخلاقیشەوە هیچ تەناسووبێکی لەگەڵ هێرۆ نیە تەنیا بەو هۆیە کە ئەگەر هێرۆ زانیبای ئینتخابی دروست بکا یەکەم جار تووشی هەڵە نەدەبوو.

ئاوا بوو کە هێرۆ ناچار بوو کڕنۆشی تەسلیم بۆ ئەم زەماوەندە نابەدڵە بەرێ هەتاهەتایە مەحکووم بە سووتان‌و سازان بکرێ. بەڵام ئایا دەبێ تاوانی هەموو عەشقێك ئاوا گران بێ‌و ئاکامی هەموو دڵداریەك ئەوەیە کە بەسەر هێرۆ هات بەڵام پێم وایە ئەگەر کچ‌و کوڕیە دیدێکی ئاوەڵاو بێئەوەی ئیحساسیان بە سەر عەقڵیان دا زاڵ بێ بڕیاری ژیانی هاوبەش بدەن‌و هەروەها لە ئەزموونی دایك‌و باوك کەڵك وەرگرن، لانی کەم تووشی ئەو دەردی سەریانە نابن کە هێرۆ پێهات.

*

*

*

# گۆڤاری ژنان

پێشوازی دەکا لەهەر چەشنە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان و بابەتێکی ئەدەبی و هونەری کە لە روانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەو دێموکراتانەوە دەڕوانێتە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنان لە کوردستان، ئێران و جیهان.

لە خوێنەرانیش دەخوازێ لە هەر جێیەك کە هەن ببن بە هەواڵنووس و پەیامنێری ئەو گۆڤارەو لە ناردنی هەواڵ، راپۆرت و وێنەی تایبەت بە ژیان و کارو تێکۆشانی ژنانی کورد درێغی نەکەن.